# باڵندە دڕکاوییەکان

نووسینی: کۆلین مەکەڵە

وەرگێڕانی: وریا عومەر

## پێشەکی

لە بنەڕەتدا ئەم ڕۆمانە لە ٦٩٢ لاپەڕە پێک هاتووە. لە کاتی خوێندنەوە و گەڕانم بەدوای ئەم ڕۆمانەدا، نوسخەیەکی ترم بەرچاو کەوت کە لەلایەن هەردوو سەرنووسەری زنجیرەی (Penguin Readers) ئاندی هۆپکینس و جۆسلین پۆتەرەوە کورت کرابووەوە و کرابوو بە ٨٦ لاپەڕە. لەبەرئەوەی پێم وایە هەموو خوێنەرێک حەوسەڵە و کاتی ئەوەی نییە ڕۆمانێکی هێند قەبە بخوێنێتەوە، ئیدی بڕیارم دا ئەم نوسخەیەی دواییان وەربگێڕم.

جا هەر ناوەند و دەزگایەک دەیەوێت ئەم کتێبە چاپ بکات، ئازادە. با پێشوەخت لە ڕێگەی ئەم بەستەرانەی خوارەوە ئاگادارم بکاتەوە بۆئەوەی فایلی وۆردەکەی بۆ بنێرم.

https://www.facebook.com/woa90

wryaomar90@gmail.com

## سەرەتا

**قەشە ڕاڵف گوتی: "مێگی، دەمەوێت من لەبیر بکەیت و کەسێکی شیاوتر بدۆزیتەوە و هاوسەرگیری بکەن و منداڵتان ببێت. تۆ دایکێکی باش دەبیت. من ناتوانم هەرگیز کڵێسا بەجێ بهێڵم. من وەک هاوسەر تۆم خۆش ناوێت، بۆیە لەبیرم بکە، مێگی."**

ئەم چیرۆکە دەربارەی باڵندەیەکە کە لە ژیانیدا یەک جار دەخوێنێت. لە لەدایکبوونیەوە بەدوای درەختێکی دڕکاویدا دەگەڕێت. کاتێک دەیدۆزێتەوە، بە ئاڕاستەی درێژترین و تیژترین دڕکی دەفڕێت. لە کاتی مردنیدا ئاوازەکەی خۆی دەچڕێت؛ زۆر جوانتر لە باڵندەکانی تر.

لە ئوسترالیا، لە سەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیستەم، مێگی کلێری بۆ ڕێگایەک دەگەڕێت تا ئاوازەکەی خۆی بچڕێت. مێگی کچێکی شۆخ و شەنگە و تەنها یەک پیاوی خۆش دەوێت؛ قەشەیەکی قۆز، میهرەبان، بەڵام بۆ ئەو نەگونجاو. ئەو پیاوە ناوی قەشە ڕاڵف دی بریکاساتە. ئایا مێگی دڵی قەشە ڕاڵف بەدەست دەهێنێت؟ ئایا دەتوانێت لەبیری بکات و کەسێکی تری خۆش بوێت؟

کۆڵین مەکەڵە لە ساڵی ١٩٣٧ لە وێڵینگتن، نیوساوس وێڵ، لە ئوسترالیا لەدایک بووە. باوکی پیاوێکی ئێرلەندییە و ساڵی ١٩٢٠ کۆچی کردووە بۆ ئوسترالیا تا لەوێ بژی. دایکیشی خەڵکی نیوزلەندایە. چیرۆکی **باڵندە دڕکاوییەکان** تاڕادەیەک باس لە ژیانی خۆی و مێژووی خێزانەکەی دەکات. **باڵندە دڕکاوییەکان** پڕفرۆشترین و پڕخوێنەرترین ڕۆمانە تا ئێستا نووسرابێت. لە چوار ساڵی سەرەتای دەرچوونیدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان نۆ ملیۆن نوسخەی لێ فرۆشرا. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٣دا کراوە بە زنجیرەی

تەلەڤزیۆنی و هەردوو ئەستێرەی بەناوبانگ، ڕیچارد چامبەرلەین و ڕەیچڵ وارد، ڕۆڵیان تێدا بینیوە. ئەمەش خوێنەری زیاتری بۆ ڕۆمانەکە کۆ کردەوە.

## مێگی (١٩١٥–١٩١٧)

### یادی لەدایکبوونی مێگی

ڕۆژی هەشتی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٥ چوارەمینساڵیادی مێگی بوو. دوای نانی بەیانی، دایکی شتێکی پێ دا کە لە پارچە کاغەزێکی قاوەیی پێچرابوو و پێی گوت بچۆ لە دەرەوە بیکەرەوە. مێگی لەتەنیشت دەرگاکەی پشتەوە دانیشت و بە پەنجە بچووکەکانی هەوڵی دەدا پاکەتە بچووکەکە بکاتەوە کە بۆنی کۆگای گشتیی (واهین)ی لێ دەهات. لە کۆتاییدا شتێکی ئاڵتونیی درەوشاوەی بینی و پەنجەکانی پێشبڕکێیان دەکرد بۆ کردنەوەی خەڵاتی یادی لەدایکبوونەکەی. کە خەڵاتەکەی کردەوە، بووکەشووشەکەی هەڵگرت و بەنەرمی گوتی: "ئاگنێس! ئۆو، ئاگنێس!" مێگی مانگێک لەمەوپێش لە یەکەم سەردانیدا بۆ واهین، کە نزیکترین گوند بوو لە ماڵی خۆیانەوە لە نیوزلەندا، بووکەشووشەکەی دیبوو. بووکەکەی ناو نابوو ئاگنێس. زۆر جار بیری لێ دەکردەوە، بەڵام هەرگیز باوەڕی نەدەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێت بە هیی خۆی.

بووکەکە قژی ئاڵتونی بوو و جلی پەمەییی لەبەردا بوو، هەڵی دەگرت و بەبێ جوڵە لێی دەڕوانی. هێشتا لەوێ دانیشتبوو کە جاک و هووگیی برای بەئارامی لە پشتییەوە هاتن. جاک هاواری کرد: "ئەوە چییە پێت، مێگی. پیشانمان بدە." هووگییش بەپێکەنینەوە گوتی: "بەڵێ، پیشانمان بدە." مێگی توندتر بووکەکەی گرت و گوتی: "نا، هی خۆمە. دیاریی یادی لەدایکبوونمە." کوڕەکان بە یەک دەنگ گوتیان: "دەی، تەنها دەمانەوێت سەیری بکەین."

مێگی بووکەکەی بەرز کردەوە بۆئەوەی براکانی ببینن و گوتی: "ناوی ئاگنێسە، جوان نییە؟" هووگی سەیری بووکەکەی کرد و فیکەیەکی کرد و گوتی: "هێی، جاک، سەیرکە. دەستەکانی دەجوڵێن." جاک گوتی: "کوا؟ با ببینم." مێگی بووکەکەی لە خۆی نزیک کردەوە و گوتی: "نا!" فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە و دیسان گوتی: "نا، دەیشکێنن. مەیبەن، دەیشکێنن." بەڵام جاک بە دەستە قاوەییە پیسەکانی توند قۆڵی مێگیی گرت و هووگییش هەوڵی دا بووکەکەی لێ بفڕێنێت. فرمێسک بە ڕووخساری مێگیدا هاتە خوارەوە و بەدەم گریانەوە تکای لێ کردن کە نەیبەن. هەروەها هەوڵی دا لە کوڕەکان بدات. هووگی بووکەکەی گرت و گوتی: "ئەوە گرتم!" بووکەکە بەلای جاک و هووگییەوە زۆر سەرنجڕاکێش بوو. جلی بووکەکەیان داکەند و قاچ و دەستیان بەملاولادا دەجوڵاند. سەریان دەسووڕاند و قاچیان بۆ دواوە دەنوشتاندەوە. بێئاگا لەوەی کە مێگی لە تەنیشتیانەوە دانیشتووە و دەگری. یەکێک لە کوڕەکان بە پووتە قوڕاوییەکانیەوە لەسەر جلی بووکەکە دانیشتبوو کە لەسەر زەوی کەوتبوو. مێگی بە چاوی فرمێسکاوییەوە دانەوییەوە بۆ سەرزەوی بۆ هەڵگرتنەوەی جلەکانی بووکەشووشەکە، کە لەناو گژوگیاکەدا بوو.

♦

فرانک لە تەویلەکە کاری دەکرد و ناڵی بۆ ئەسپەکان دروست دەکرد. شەش مانگ لەوەوپێش دەستی بەکار کردبوو، کارەکەیشی بەدڵ نەبوو. تەمەنی شانزە ساڵ بوو، کوڕێکی باریک و بچووک بوو بەڵام بەهێز بوو. هەموو منداڵەکانی کلێری قژیان سوور بوو، بەڵام فرانک قژی ڕەش بوو. دەستی لە کارەکەی هەڵگرت و کراسەکەی لەبەر کرد و تەویلەکەی بەجێ هێشت. خانووەکەیان لەسەر لووتکەی گردێک بوو. وەک هەموو خانووەکانی تری نیوزلەندا لە تەختە دروست کرابوو. گژوگیای سەوز دەوری دابوو و

هەزاران مەڕی تێدا بڵاو بووبووەوە. فرانک بەپەلە هاتەوە بۆ ماڵەوە و مێگی و کوڕەکانی بینی. جلەکانی مێگی پیس بوون و هێشتاش هەوڵی دەدا براکانی بوەستێنێت لە یاریکردن بە بووکەکەی. هەرکە فرانک هاواری کرد، جاک و هووگی بووکەکەیان فڕێ دا و لەترسا ڕایان کرد. فرانک هاواری کرد و گوتی: "جارێکی تر نەتانبینم دەست لەو بووکە بدەن." پاشان ڕووی کردە مێگی و بەنەرمونیانی پێی گوت: "پێویست ناکات بگرییت. دەی، ئێستا پێ بکەنە بۆ ڕۆژی لەدایکبوونەکەت." چاوە گەورە ڕەساسییەکانی مێگی پڕ بوون لە خەم. فرانک بە دەستەسڕە پیسەکەی چاوە تەڕەکانی بۆ سڕی. مێگی بووکەکەی هەڵگرت و دەستی کرد بە داهێنانی قژە ئاڵتونییەکەی. دواتر شتێکی ناخۆش ڕووی دا. هەموو قژەکانی ئاگنێس هەڵوەرین. مێگی کونێکی لەسەری بووکەشووشەکەدا بینی و هاواری کرد و لەترسا بووکەکەی فڕێ دا. فرانک خوشکە بچووکەکەی هەڵگرت و لەئامێزی گرت. باوەڕی نەکرد کە ئەوەندە ترسابێت. نیو کاتژمێر پێش ئەوەی مێگی دووبارە لە بووکەکەی بڕوانێت، فرانک بەهێمنی پێی گوت: "دەی، ئێستا کاتی ئەوەیە بچینە ژوورەوە و داوا لە دایکمان بکەین ئـاگـنێس چاک بکاتەوە."

فیۆنا کلێری لە چێشتخانە بوو خواردنی ئامادە دەکرد. ئەو ژنێکی شۆخ و شەنگ بوو، بەڵام بەدەگمەن پێ دەکەنی. هەرچەندە شەش منداڵی هەبوو، بەڵام هێشتاش سیمایەکی جوانی هەبوو. ڕۆژەکانی لە چێشتخانە و باخچەی پستەوە بە چێشتلێنان و قاپشۆرین و کاری باخچەکە بەسەر دەبرد. ڕووی کردە مێگی و فرانک و گوتی: "مێگی، سەیری خۆت بکە، جلەکانت پیس بوون." فرانک وەڵامی دایەوە و گوتی: "هەڵەی ئەو نییە. جاک و هووگی بووکەشووشەکەیان لێ فڕاند. پێم وایە تۆ دەتوانیت چاکی بکەیتەوە، دەتوانیت؟" فیۆنا داوای کرد بووکەکە ببینێت تا بزانێت دەتوانێت چاکی بکاتەوە. ئەو ژنێکی بێدەنگ بوو، کەس نەیدەزانی بیر لە چی دەکاتەوە. دوای تەماشاکردنی بووکەشووشەکە، خستیە سەر دۆڵابەکەی نزیک زۆپاکە و

گوتی: "سبەینێ بەیانی جلەکانی دەشۆم و قژی بۆ دروست دەکەمەوە و فرانکیش قژەکانی پێوە دەنوسێنێت." مێگی بە سەر ئاماژەی کرد و گوتی: "باشە." خۆزگەی دەخواست بەردەوام خەندە لەسەر لێوی دایکی ببینێت. فرانکیش دەیزانی کە دایکی بەکەمی پێ دەکەنێت، چونکە هەمیشە ماندوو بوو و ئەرکی شەش منداڵی لەسەرشان بوو و هەروەها هەژاریش بوون.

پادرایک کلێری زۆر جار لەسەر کار بوو، بەڵام بۆ یادی لەدایکبوونی مێگی لەماڵەوە بوو. کە ئێوارە گەڕایەوە، کوڕە بچووکەکانی بینی لە دەرەوە یارییان دەکرد و فرانکیش داری ورد دەکرد. بە جاک و بۆبیی گوت: "بڕۆن یارمەتیی فرانک بدەن." پاشان چووە چێشتخانەکە و بە لەقاندنی سەری سڵاوی لە فیۆنا کرد و لەسەر کورسییەک دانیشت. مێگی هات و لەسەر ئەژنۆکانی دانیشت. پادرایک پاڵی دایەوە بە کورسییەکەوە و لە کچەکەیی پرسی: "مێگی هەست بەچی دەکەیت کە بوویت بە چوار ساڵ؟"

مێگی گوتی: "هەست بە خۆشی دەکەم، بابە."

پادرایک لە پرسیارکردن بەردەوام بوو: "ئەی دایکت دیاریی پێ دایت؟"

مێگی وەڵامی دایەوە: "ئۆو، بابە. تۆ و دایکم چۆن زانیتان کە من ئاگنێسم دەوێت؟ بووکێکی جوانە دەمەوێت بەدرێژاییی ڕۆژ لێی بڕوانم!"

فیۆنا گوتی: "ئەو بەختەوەرە کە شتێکی هەیە تەماشای بکات، جاک و هووگی بووکەکەیان لێ فڕاند."

پادرایک پرسیی: "ئایا زیانی پێ گەیشتووە؟"

فیۆنا وەڵامی دایەوە: "چاک دەکرێتەوە، فرانک کوڕەکانی فڕاند پێش ئەوەی بەتەواوی بیشکێنن."

پادرایک بەسەرسوڕمانەوە پرسیی: "فرانک؟ بۆچی لەسەر کار نەبووە؟ بەدرێژاییی ڕۆژ کاری هەیە پێویستە ئەنجامیان بدات."

فیۆنا پێی وابوو پادرایک لەگەڵ فرانک زۆر توندە و بەخێرایی وەڵامی دایەوە: "ئەو تـەنها بۆ ئامێرێک هاتبوو." پادرایک کلێری پیاوێکی بچووک بوو و قژێکی سووری پڕی هەبوو. بیست ساڵ لەمەوپێش لە ئێرلەنداوە هاتبوو بۆ باشووری هێمسفێ، هێشتا وەک کەسێکی ئێرلەندی قسەی دەکرد. پیاوێکی دڵخۆش بوو، هەرچەندە کارێکی زۆری دەکرد بە پارەیەکی کەم. فیۆنا لە دەرگای پشتەوە بۆ نانی ئێوارە بانگی کردن. کوڕەکان یەک لەدوای یەک هاتنە ژوورەوە. فرانک لەدوای هەموویانەوە بوو، داری بۆ ئاگردانەکە هێنابوو. خێزانەکە لە دەوری مێزە کۆنە گەورەکە دانیشتن. فیۆنا گۆشت و پەتاتەی کوڵاو و فاسۆلیای پێشکەش کردن. لەدوای نانی ئێوارە چایان خواردەوە و کتێبیان خوێندەوە و گفتوگۆیان کرد.

مێگی و دوو برا بچووکەکەی؛ ستیوارت و هووگی، ڕۆیشتن بنوون. جاک و بۆبیش چوونە دەرەوە بۆئەوەی خواردن بە سەگەکان بدەن. فرانکیش بووکەشووشەکەی مێگیی هەڵگرت و دەستی کرد بە نووساندنەوەی قژەکانی. پادرایک کتێبەکەی داخست و هەستایە سەر پێ و گوتی: "باشە، من دەڕۆم دەنووم." منداڵەکانی شەوشادیان لێ کرد. فیۆنا دەستی کرد بە شۆردنی قاپەکان و فرانکیش چاوەڕێی کرد تا باوکی چووە نهۆمی سەرەوە و پاشان یارمەتیی دایکی دا. پادرایک حەزی نەدەکرد کوڕەکان یارمەتیی دایکیان بدەن. ئەو پێی وابوو نابێت کوڕان کاری ژنان بکەن. فرانک خۆزگەی دەخواست کە دایکی خزمەتکارێکی هەبوایە و لە کاری ماڵەوەدا یارمەتیی بدایە. بەڵام دایکی پێی خۆش نەبوو، چونکە پێی وابوو باوکی پیاوێکی باشە و ئەوەی لە توانایدابێت بۆیان دەکات. کاتێک فرانک کاری دەکرد، فیۆنا سەیری دەکرد و هیوادار بوو فرانک ئەوەندە لە ماڵەوە خەمبار نەبێت و

لەگەڵ باوکیشیدا هێند مشتومڕ نەکات. فیۆنا سوپاسی فرانکی کرد و شەوشادی لێ کرد.

## فرانک ماڵ بەجێ دەهێڵێت

لەدوای پشووی هاوین، مێگی لە قوتابخانەی گوندەکەیان دەستی بە خوێندن کرد. لە یەکەم ڕۆژی دەوامدا، مێگی و براکانی لە وانەکانیان دوا کەوتن. مێگی یەکەم کەس چاوی بە مامۆستا ئاگەسە کەوت، کە لە دەرەوەی قوتابخانە وەستا بوو. چاوی بڕیبووە جلە ڕەش و ڕووخسارە گرژەکەی. کوڕەکان بەبێدەنگی چاوەڕێیان دەکرد و دەیانزانی دەبێت لەبەر دواکەوتنەکەیان سزا بدرێن.

مامۆستا ئاگەسە هاواری بەسەر بۆبدا کرد و گوتی: "بۆب کلێری، بۆچی دواکەوتیت؟" بۆب داوای لێبووردنی لێ کرد.

مێگی ترسا، بەڵام گوتی: "تکایە، مامۆستا، هەڵەی من بوو." مامۆستا ئاگەسە بە چاوە شینە ساردوسڕەکانی ڕوانییە کچە بچووکەکە و بەساردییەوە لێی پرسی: "بۆچی هەڵەی تۆ بوو؟"

مێگی وەڵامی دایەوە و گوتی: "من نەخۆش بووم، پێویست بوو دایکم جلەکانم بگۆڕێت."

مامۆستا بەتوڕەیی گوتی: "بێدەنگ! بەلامەوە گرنگ نییە هەڵەی تۆ بوو یان نا. هەمووتان سزا دەدرێن و هەریەکەتان شەش داری لێ دەدرێت." مێگی سەیری براکانی دەکرد کە دەستیان ڕاگرتبوو مامۆستا ئاگەسە بە دار لێی دەدان. پاشان سەرەی ئەویش هات. ئازارەکەی زۆر سەخت بوو، بەڵام لووتبەرزی و تووڕەییەکەی ڕێی پێ نەدەدا بگری. لەسەر کورسییەکەی خۆی

دانیشت و ئازارێکی زۆری هەبوو، زۆریش ترسا بوو. نەیدەزانی چی ڕوو دەدات و سەیری منداڵەکانی تری دەکرد. ڕۆژەکانی خوێندنی مێگی دەستیان پێ کرد و کچێکی زیرەک بوو. بەڵام زۆر لە مامۆستا ئاگەسە ترسا بوو، بۆیە شتی زیاتری لێوە فێر دەبوو. مێگی بە دەستی چەپی دەینووسی و مامۆستا ئاگەسە قەڵەمەکەی دایە دەستی ڕاستی و دەستی چەپی بە پەتێک بە پشتییەوە بەست. ئەمە بۆ ماوەی دوو مانگ بەردەوام بوو.

♦

دوو ڕۆژ پێش کریسمسی ساڵی ١٩١٧، پادرایک ڕۆژنامەیەکی هێنایەوە بۆ ماڵەوە کە وێنەی شەڕی ئەوروپای لەسەر بوو و دەربارەی سەربازەکانی ئوسترالیا و نیوزلەندا بوو کە ئازایانە دەجەنگان. فرانک بەپەرۆشەوە ڕۆژنامەکەی خوێندەوە و چاوەکانی دەگەشانەوە. کاتێک کە ڕۆژنامەکەی خستە سەر مێزەکە بە باوکیی گوت: "منیش دەمەوێت بڕۆم." فیۆنا بەخێرایی ئاوڕی دایەوە و پادرایکیش کتێبەکەی دانا و گوتی: "فرانک، تۆ جارێ منداڵیت."

فرانکیش گوتی: "نا، من حەڤدە ساڵم. بابە، من پیاوێکم."

باوکی بەردەوام بوو و گوتی: "فرانک، تۆ زۆر منداڵیت وەرت ناگرن."

فرانک لەسەر قسەی خۆی سوور بوو: "ئەگەر تۆ ڕازی بیت من دەڕۆم و ئەوانیش وەرم دەگرن."

پادرایک گوتی: "بەڵام  من نامەوێت بڕۆیت. ئێمە پێویستمان بەو پارەیە کە تۆ پەیدای دەکەیت."

فرانک تکای لە باوکی کرد مۆڵەتی بدات و پێی گوت لەوێش مووچەی پێ دەدرێت و هەروەها ئەمە تەنها فرسەتە بۆئەوەی کارێکی باشتر بکات. باوکی

لێی تووڕە بوو و پێی گوت: "قسەی بێمانا، کوڕە! تۆ نازانیت چی دەڵێیت. جەنگ ترسناکە و تۆیش بۆ سەربازی گونجاو نییت." فرانک ڕووخساری سوور هەڵگەڕا. ئەو کوڕێکی باڵا بەرز نەبوو، بەڵام بەهێز بوو. زۆر جار لەگەڵ گەنجەکانی ناوچەکەدا شەڕی دەکرد بۆئەوەی بیسەلمێنێت کە لە هەموویان بەهێزترە.

دواتر هەر ئەو ئێوارەیە مێگی خۆی هەڵواسی بوو بە پەنجەرەی ژووری نووستنەکەیدا و فرانکی بینی لە دەرەوە بەتەنیا دانیشتبوو، پێی گوت: "فرانک، بەجێمان ناهێڵیت، وایە؟ ئێمە لێرە پێویستمان پێتە."

فرانک بەخەمباری گوتی: "کاری زۆرم بۆ خێزانەکەم ئەنجام داوە، ئێستاش پێویستە کارێک بۆ خۆم بکەم. کاتێک گەورەتر بوویت تێ دەگەیت. مێگی، نابێت دەربارەی قسەکانمان هیچ بە کەس بڵێیت."

مێگی لەژێر لێوەوە گوتی: "بە کەس ناڵێم." فرانک دەستخۆشیی لێ کرد و پێی گوت: "ئێستا بڕۆ بنوو."

بەیانی کە لە خەو هەستان، فرانک ڕۆیشتبوو. کاتێک مێگی بۆ نانی بەیانی هاتە خوارەوە، کوڕەکان بەبێدەنگی دانیشتبوون و کورسییەکەی باوکیشیان چۆڵ بوو. مێگی پرسیی: "باوکم لەکوێیە؟" فیۆنا ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی: "ڕۆیشتووە داوا لە پۆلیس بکات فرانک بهێننەوە، فرانکی داماو!" سێ ڕۆژ دواتر پۆلیس فرانکی هێنایەوە. لەو ڕۆژەوە باوکی بەتوندی مامەڵەی لەگەڵ دەکرد.

## ڕاڵف (١٩٢١ــ ١٩٢٨)

## جێهێشتنی نیوزلەندا

قەشە ڕاڵف دی بریکاسات بە ئۆتۆمبێلە نوێیەکەی لە جیلانبۆنەوە بەرەو درۆهیدا کەوتەڕێ. لە کۆتاییدا خانووەکەی بینی. درۆهیدا گەورەترین زەویوزاری ناوچەکە بوو، هەروەها گەورەترین و خۆشترین خانووی لێ بوو کە بە باخ و باخات و گژوگیای سەوز و گوڵەباخ و درەختی گەورە دەورە درابوو. لەپشت خانووەکەوە، لەناو زەوییەکاندا ژمارەیەک کێڵگە و خانوو بۆ کرێکارەکان هەبوون. قەشە ڕاڵف لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزی و بەرەو دەرگای پشتەوە ڕۆیشت. لە ژوورەوە ماری کارسن چاوەڕوانی دەکرد، لەسەر کورسییە کۆنە گەورەکەی لە تەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشتبوو. هێشتا هەر قژی سوور بوو و ڕووخساری گەنجتر دەردەکەوت، لەچاو ئەوەی کە تەمەنی شەست و پێنج ساڵ بوو. چاوە شینەکانیشی بەهێز بوون. ماری قەشە ڕاڵفی بۆ چاخواردنەوە بانگهێشت کرد.

بە ڕووخسارێکی نەرمونیانەوە سەیرێکی قەشە ڕاڵفی کرد و ویستی پرسیارێکی لێ بکات. قەشە ڕاڵف بیری لەو ئۆتۆمبێلە نوێیە دەکردەوە کە بە دیاری پێی دابوو. بۆیە نەیدەویست شەرمەزار بێت، بەڵام لەڕاستیدا خاتوو کارسن کەسێکی بەخشندە بوو. قەشە ڕاڵف بەسەر ئاماژەی کرد و گوتی: "فەرموو پرسیارەکەت بکە."

ماری پرسیی: "تەمەنت چەندە؟"

قەشە ڕاڵف وەڵامی دایەوە: "بیست و هەشتساڵم."

ماری کارسن بەردەوام بوو لە گفتوگۆ و گوتی: "عادەتەن قەشەی وەک تۆ نانێرن بۆ شارێکی بچووکی وەک جیلانبۆن. تۆ چیت کردووە؟"

قەشە ڕاڵف بەپێکەنینەوە گوتی: "سەرزەنشتی بیشۆپم کرد (سەرۆکی قەشەکان)."

خاتوو کارسن گوتی: "ئەمە شتێکی گەمژانەیە. من پێم وایە تۆ دەتەوێت لە کڵێسا پلەت بەرز ببێتەوە. ئەگەر لێرە بمێنیتەوە، ئەمە ڕوونادات."

قەشە ڕاڵف هاوڕا بوو لەگەڵ خاتوو کارسن: "بەڵێ، بەڵام من تۆم هەیە و دەتوانم بەهۆی تۆوە سەردانی درۆهیدا بکەم."

ماری بە سەردانەکەی قەشە ڕاڵف دڵخۆش بوو. چێژی لە قۆزی و سەرنجڕاکێشی و قژە ڕەشە لوولەکانی و چاوە شینەکانی وەردەگرت. ڕاڵف خۆیشی دەیزانی کە کەسێکی قۆزە. مێردەکەی ماری کارسن سی و سێ ساڵ لەمەوپێش مردبوو و هیچ منداڵی نەبوو. هیچ کەس لە ناوچەکەدا پێی سەیر نەبوو کە ماری لەگەڵ قەشەیەکی گەنجی قۆزدا بێت؛ قەشەیەک کە لەلای هەموو کەس خۆشەویست بوو؛ دەوڵەمەند و هەژار. کاتێک کە چایەکەیان دەخواردەوە، ماری کارسن ئاهێکی هەڵکێشا و داوای لە قەشە ڕاڵف کرد کە نزای خێری بۆ بکات. قەشە ڕاڵفیش دڵنیای کرد کە هەمیشە نزای بۆ دەکات. ماری بە قەشە ڕاڵفی گوت: "بەدوای کەسێکدا دەگەڕێم کە کێڵگەکەم بۆ بەڕێوە بات."

قەشە ڕاڵف گوتی: "دیسان؟ ساڵی ڕابردوو چەند بەڕێوەبەرت گۆڕی؟"

ماری چاوی بڕیبووە قەشەکە و گوتی: "پێنج. دۆزینەوەی کەسێکی شیاو بۆ ئەم کارە سەختە. تۆ پێت وایە کە من کەسوکارم نییە. پێت وایە کە دەمرم و ماڵ و سامانەکەم بۆ کڵێسا بەجێ دەهێڵم؟"

ڕاڵف بەخەمساردییەوە گوتی: "نازانم."

ماری دەستی کرد بە باسکردنی خێزانەکەی و گوتی: "لەڕاستیدا کاتێک لە ئێرلەنداوە هاتم بۆ ئوستراليا، کچێکی هەژاری لادێیی بووم. بەڵام شووم بە پیاوێکی دەوڵەمەند کرد. برایەکم هەیە و ئەویش کۆمەڵێک کوڕی هەیە. ئەو یازدە ساڵ لە من بچووکترە. باش نایناسم، ئێستا لە نیوزلەندا دەژی و هیچ پارەیەکی لەوێ پەیدا نەکردووە. دوێنێ شەو کاتێک کە بەڕێوەبەرەکە ئێرەی بەجێ هێشت، کتوپڕ کەوتمە بیری پادرایک. زەوییەکە شارەزایە و کاری کێڵگە و مەڕبەخێوکردنیش دەزانێت. دەمەوێت نامەیەکی بۆ بنووسم داوای لێ بکەم لەگەڵ خێزانەکەی بێت بۆ ئێرە. پاشان کاتێک کە مردم دروۆهیدا دەبێت بە هی ئەو."

ماری، کاتێک کە ئەم قسانەی دەکرد، چاوی بڕیبووە قەشەکە. قەشە ڕاڵف پێی وابوو شتێکی باش دەبێت ئەگەر ماری ئەوانی لە دەور بێت. بەڵام ماری نەیدەویست لەگەڵ ئەوان لە یەک خانوودا بژی، بۆیە خانووەکەی پشتەوەی بۆ دانابوون.

♦

شەش ڕۆژ پێش یادی لەدایکبوونی نۆ ساڵەی مێگی، هارۆڵدی برای لەدایک بوو. خێزانەکەی لە کاتێکی دژواردا بوون؛ پادرایک و کوڕەکان بێکار بوون و منداڵەکەش لاواز بوو. ڕۆژێک پادرایک نامەیەکی لە ماری کارسنەوە پێ گەیشت. کە نامەکەی دەکردەوە، خێزانەکە بەپەرۆشەوە تەماشایان دەکرد. پادرایک بەدڵخۆشییەوە سەری هەڵبڕی و هاواری کرد: "دەچین بۆ ئوستراليا!" فیۆناش نامەکەی خوێندەوە و پرسیی: "ئایا هیچ پارەیەکی ناردووە کە ئێمە پێی بچین بۆ ئوستراليا؟" پادرایک بەشانازییەوە گوتی: "خۆمان چارەی دەکەین، پارەی پێویستمان هەیە بۆ ئەوە." لە کۆتاییی مانگی ئابدا پادرایک کارەکانی جێبەجێ کرد و کەشتییەکی گرت بۆ ئوستراليا.

♦

گەشتەکە لە نیوزلەنداوە بۆ ئوسترالیا سێ ڕۆژی خایاند. دەریا نائارام بوو و هەموویان تووشی سەرگێژخواردن و ڕشانەوە بوون. خێزانەکە تەنها ژوورێکی بچووکیان هەبوو لەسەر کەشتییەکە و بۆنی نەوتی لێ دەهات. فیۆنا زۆر نەخۆش بوو و پێیان وابوو دەمرێت. کاتێک کەشتییەکە لە سیدنی نزیک بووەوە، دەریا ئارام بووەوە و کەشوهەوا سارد و تەمومژاوی بوو. پادرایک فیۆنای بەباوەش لە کەشتییەکە هێنایە خوارەوە. تاکسییەکیان گرت و هەموو خێزانەکە سوار بوون و چوون بۆ ناوشار. منداڵەکان هەرگیز شاری وا گەورەیان نەدی بوو. لەکاتێکدا پادرایک چوو بووە دەرەوە بۆ دەستکەوتنی شەمەندەفەرێک بۆ جیلانبۆن، فیۆنا لە ئوتێلدا پشووی دەدا. کاتێک پادرایک گەڕایەوە لە فیۆنای پرسی: "ئایا دەتوانین ئەمشەو گەشتەکەمان دەست پێ بکەین؟ ئەگەر ئەمشەو نەڕۆین هەتا هەفتەی داهاتوو هیچ شەمەندەفەرێک ناچێت بۆ جیلانبۆن." فرانک پێی وابوو پێویستە دایکی پشوو بدات. پادرایکیش بە فرانکی گوت: "تۆ تێ ناگەیت! ئێمە پارەی تەواومان نییە هەفتەیەک لە سیدنی بمێنینەوە." فیۆنا پێشنیاری کرد خۆی پارەکە دابین بکات.

کاتێک لەناو شەمەندەفەرەکەدا بوون، مێگی گوتی: "بابە، جیلانبۆن چەند دوورە؟" پادرایک وەڵامی دایەوە: "شەش سەد و دە میل. سبەی نیوەڕۆ درەنگانێک دەگەینە ئەوێ."

شەمەندەفەرەکە بە شەو گەشتی کرد، مێگی خەوتبوو. بۆ بەیانی، لەجیاتیی گردە سەوزەکانی نیوزلەندا، هەموویان سەیری دیمەنی گوندەکانی ئوسترالیایان دەکرد کە هەموو شتێکی قاوەیی و ڕەساسی بوو، تەنانەت درەختەکانیش. گۆڕانی دیمەنەکان کاری لە هەست و سۆزی فیۆنا نەکرد، بەڵام چاوەکانی مێگی پڕ بوون لە فرمێسک. بارودۆخێکی ناخۆش بوو! لە

شەودا ناو شەمەندەفەرەکە زۆر سارد بوو و خەریک بوو بیبەستن، بەڵام کە خۆر هەڵهات کەشوهەوا گەرمتر و گەرمتر دەبوو. تەنانەت بە کردنەوەی پەنجەرەکانی شەمەندەفەرەکەیش هەستیان بە نائاسودەیی دەکرد، چونکە جلەکانیان ئەستوور و زستانە بوو. کاتێک کە خۆر نزم بووەوە، گەیشتنە جیلانبۆن، کە گوندێکی بچووک بوو و خانووەکانی لە هەردوولای شەقامە پانە خۆڵەکانەوە لە تەختە و ئاسن دروست کرابوون. ئۆتۆمبێلێکی ڕەشی درەوشاوە لە دەرەوەی وێستگەکە وەستا بوو. قەشەیەکی گەنجی باڵابەرز بەرەو ڕوویان هات، کە تەپوتۆز لەدەوروبەری قاچی بەرز دەبووەوە. جەنابی قەشە سڵاوی کرد و خۆی پێ ناساندن و بە پادرایکی گوت: "دەبێت تۆ برای ماری بیت." مێگی لەدوای کوڕەکانەوە وەستا بوو، بەحەپەسانەوە چاوی بڕیبووە قەشە بریکاسات. قەشە ڕاڵف دانەوییەوە و مێگیی هەڵگرت و بەپێکەنینەوە لێی پرسی: "باشە! تۆ کێیت؟" مێگیش وەڵامی دایەوە: "من مێگیم." قەشە ڕاڵف هەستایە سەر پێ و گوتی: "ناوێکی خۆشە. وا باشترە ئەمشەو هەمووتان لەلای من بمێننەوە لە شارۆچکەکە. سبەینێ دەتانگەیەنمە درۆهیدا."

کاتێک میوانەکان چوون بنوون، قەشە ڕاڵف بیری لە ئەوان دەکردەوە. پادرایک لە ماری کارسن دەچوو. فیۆنا ماندوو بوو، بەڵام جوان بوو. کوڕەکان هەموویان لە باوکیان دەچوون، بێجگە لە فرانک. مێگی جوانترین منداڵ بوو کە تا ئێستا بینیبووی. ئەو قژێکی سووری ئاڵتونیی هەبوو و چاوەکانی ڕەساسیی کاڵ بوون و وەک زیو دەدرەوشانەوە. لە بەرەبەیانیدا، ڕاڵف خێزانەکەی برد بۆ درۆهیدا. کاتێک لە خانووەیەکی گەورەی بەردین نزیک بوونەوە، مێگی پرسیی: "ئایا لێرە دەژیین؟"

قەشە ڕاڵف بەخێرایی وەڵامی دایەوە: "نەخێر، لێرە نا. خانووەکەتان لەتەنیشت ڕووبارەکەیە لەپشت ئەم خانووە گەورە."

کاتێک پادرایک و خێزانەکەی چوونە ژوورەوە، ماری کارسن لەسەر کورسییەکەی هەڵنەسا. ئەو سڵاوی لە براکەی کرد، بەڵام سڵاوی لە فیۆنا و منداڵەکان نەکرد و بە قەشەکەی گوت: "دڵنیام پەرۆشی ماڵەوەیت."

قەشە ڕاڵف مێگیی لەئامێزدا بوو و گوتی: "نا هەرگیز. من بەڵێنم بە مێگی داوە کە ماڵە نوێیەکەی پیشان بدەم."

ماری کارسن بەسەرسوڕمانەوە پرسیی: "مێگی؟"

قەشە ڕاڵف گوتی: "بەڵێ، ئەمە مێگییە" و هەموو خێزانەکەی بە ماری ناساند، بەڵام ئەو بەئاستەم گوێی لە ڕاڵف بوو و چاوی بڕیبووە منداڵەکەی ئامێزی.

## ژیانێکی نوێ

وردە وردە خێزانەکە لە خانووە نوێیەکەیاندا نیشتەجێ بوون. زەوییەکانی درۆهیدا ئێجگار زۆر بوون. نزیکترین شارۆچکە، جیلانبۆن، چل میل دوور بوو. پادرایک و منداڵەکان ئەو ژیانەیان  پێ خۆش بوو. زۆربەی ڕۆژەکانیان لە دەرەوە بە ئەسپسواری و خەوتن لەژێر ئەستێرەکاندا بەسەر دەبرد. هەرچەندە سەرەتای وەرزی بەهار بوو، بەڵام کەشوهەوا گەرم بوو. لە ناوەڕاستی کانونی دووەمدا  هەورە ڕەشە باراناوییەکان دەرکەوتن. پادرایک و کوڕەکان ڕۆژ تا ئێوارە کاریان دەکرد؛ مەڕەکانیان دوور لە ڕووبارەکە و لە سەر بەرزاییەکان دەلەوەڕاند. قەشە ڕاڵف، بە سواری ئەو ئەسپەی کە ماری کارسن پێی دابوو، هات بۆ یارمەتیدانیان و لەگەڵ فرانک و سەگەکان ڕۆیشت بۆ دوورخستنەوەی مەڕەکان لە کەناری ڕووبارەکە. فرانک سەیری ڕاڵفی کرد و ئیرەیی بە ئەسپە جوانەکەی و جلە بەنرخەکانی دەبرد. لەنێو هەموو

کوڕەکاندا، فرانک لە هەموویان کەمتر دڵخۆش بوو لە درۆهیدا. دەیویست درۆهیدا بەجێ بهێڵن و بچن بۆ سیدنی. لە ئێوارەی ڕۆژی دووەمدا، کاتێک فرانک و قەشە ڕاڵف چوون بۆ لەوەڕاندنی مەڕەکان، باران باری. لە چەند خولەکێکدا زەوی بوو بە دەریایەک لە قوڕ و چڵپاو. کاتێک لە ڕووبارەکە نزیک بوونەوە، دەبوو لە ئەسپەکانیان دابەزن. کە گەیشتنە ڕووبارەکە، ئەسپەکان توانیان بپەڕنەوە، بەڵام پیاوەکان نەیانتوانی. ڕووبارەکە زۆر قووڵ بوو و زۆریش خێرا بوو. لە کۆتاییدا پادرایک گوریسێکی هێنا و هەردووکیانی پەڕاندەوە. قەشە ڕاڵف گوتی: "من دەچم لە خانووە گەورەکە جلەکانم دەگۆڕم." کاتێک قەشە ڕاڵف خۆی وشک دەکردەوە، ماری کارسن تەماشای دەکرد و پێی وابوو قەشە ڕاڵف قۆزترین پیاوە تا ئێستا بینیبێتی. ماری لێی پرسی: "ڕاڵف پێویستت بە ژنە؟" قەشە ڕاڵف گوتی: "نەخێر." ماری کارسن لەسەر کورسییەکەی دانیشت و خۆزگەی دەخواست تەمەنی گەنجتر بووایە. پاشان کە بارانەکە خۆشی کرد، قەشە ڕاڵف گەڕایەوە بۆ جیلانبۆن و چەکێکی هەزار پاوەندیی لە گیرفاندا بوو کە بیشۆپی دڵخۆش دەکرد.

لە سەرەتای مانگی شوباتدا، مێگی و ستیوارت چوونە قوتابخانە لە جیلانبۆن، کە جیاواز بوو لە قوتابخانەکەی خۆیان لە نیوزلەندا. مامۆستاکانی ئێرە لەگەڵیان میهرەبان بوون. بارودۆخ ئارام بوو، کەس بەسەریاندا هاواری نەدەکرد. قەشە ڕاڵف جارجار سەردانی دەکردن لە قوتابخانە و جارجار ئەوانیش لەجماڵی ڕاڵف دەمانەوە. ژوورەکەی مێگیی بۆیاخی سەوزی زەردباو کردبوو و پەردەی نوێی بۆ کڕیبوو. لە هەمان کاتدا کارکردن لە درۆهیدا بەردەوام بوو. فرانک ماوەی دوو هەفتە لە دووریی خێزانەکەی کاری کرد بوو. کاتێک کە گەڕایەوە، بینیی دووبارە دایکی دووگیانە. بەتوڕەیی گوتی: "ئۆو خودایە! ئەو مافی ئەوەی نییە. نەدەبوو وا بکات!" دایکی گوتی: "بەم شێوەیە قسە مەکە، فرانک." فرانک ڕووی وەرگێڕا و ژوورەکەی جێ هێشت.

## پادرایک و فرانک مشتومڕ دەکەن

کاتێک زستان هات، کاتی نمایشی جیلانبۆن بوو. فیۆنا تەندروستیی باش نەبوو تا بتوانێت بەشدار بێت. پادرایک ماری کارسنی بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی گەیاندە شارۆچکەکە. پادرایک ویستی لە پارەکە خواردنەوەیەک بۆ فرانک بکڕێت، بەڵام فرانک ڕەتی کردەوە و بە پارەی خۆی کڕیی. فرانک چوو بۆ ماڵی قەشەکە و مێگیی لەوێ بینی، دەستی بۆ درێژ کرد و گوتی: "دەی، مێگی. من دەتبەم بۆ نمایشەکە." قەشە ڕاڵفیش پرسیی: "ئەی بۆ من هەردووکتان نەبەم؟"

مێگی لەگەڵ ئەو دوو پیاوەی کە زۆر خۆشی دەویستن زۆر دڵخۆش بوو. نمایشەکە نایاب بوو، زۆر شتی لێ بوو بۆ بینین و ئەنجامدان. گەورەترین ڕەشماڵ لەلایەن نمایشی بۆکسێنی جیمی شارمانەوە گیرابوو. هەشت بۆکسباز لە دەرەوە وەستا بوون. پیاوێکی قەڵەو هاواری کرد: "دەی، کوڕینە! کێ دەستکێش لەدەست دەکات؟ کێ دەیەوێت یاری بکات؟ دەستکێش لەدەست بکە و پێنج پاوەند ببەرەوە!" فرانک خۆی گەیاندە پێشەوەی قەرەباڵغییەکە و هاواری کرد: "من! من! من!" هەندێکیان پێی پێ کەنین، چونکە فرانک زۆر بچووک بوو. قەشە ڕاڵف ویستی بوەستێ و ببینێ چی ڕوو دەدات، بەڵام پێی وابوو وا باشترە مێگی دوور بخاتەوە. بەڵام مێگی دەستی کرد بە هاوارکردن و خەڵکیش ئاوڕیان دایەوە و تەماشایان دەکرد. مێگی هاواری کرد: "دەمەوێت لەگەڵ فرانک بمێنمەوە!" قەشەکەیش پارەکەی دەرهێنا و دوای قەرەباڵغییەکە کەوت بەرەو ناو ڕەشماڵەکە. لە نزیک بەشی دواوە شوێنێکی دۆزییەوە و مێگیی توند گرت. فرانک یەکەم کەس بوو ئامادە بوو بۆ شەڕ کردن. شتێکی سەیر بوو کە پیاوێکی ناو قەرەباڵغییەکە لە بۆکسبازەکانی جیمی شارمان بباتەوە، بەڵام فرانک یەکەم بۆکسبازی بەزەویدا دا و ویستی لەگەڵ یەکێکی تریش شەڕ بکات. خەڵکەکە

سەرسام بوون و زیاتر و زیاتر خەڵک لەناو ڕەشماڵکەدا کۆ دەبوونەوە. کاتێک فرانک تەواو بوو، چوار پیاوی دابوو بەزەویدا و بیست پاوەندی بردبووەوە. مێگی لە ڕەشماڵەکە هاتە دەرەوە و هەستی بە نەخۆشی دەکرد. دەستی کرد بە گریان و قەشە ڕاڵف دەستەسڕەکەی خۆیی پێ دا. فرانک لە ڕەشماڵکە هاتە دەرەوە و لێوی خوێنی لێ دەهات. لەو کاتەوەی قەشە ڕاڵف چاوی بە فرانک کەوتبوو، ئەوە یەکەم جار بوو فرانک بەدڵخۆشی ببینێت.

♦

ژیانی پادرایک لەگەڵ خوشکەکەی ئاسوودە نەبوو. کاتێک پادرایک گەڕایەوە بۆ ماڵی قەشە ڕاڵف و فرانک و مێگی و قەشە ڕاڵفی بینی لەتەنیشت ئاگردانەکە پشوویان دەدا و چایان دەخواردەوە، تووڕە بوو. پادرایک تەماشای فرانکی کرد خوێن لە لێوی دەهات و هاواری کرد: "دایکت چۆن بیر دەکاتەوە؟ دووبارە شەڕت کردووە؟"

قەشە ڕاڵف دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەی بابەتەکە. فرانک هەستایە سەر پێ و بیست پاوەندی کاغەزی لەبەرچاوی پادرایک ڕاوەشاند: "چوار بۆکسبازم بەزەویدا دا. هەموو ئەم پارەیەم لە چەند خولەکێکدا بردەوە! لەوانەیە تۆ پێت خۆش نەبێت، بەڵام ئەوانی تر پێیان وایە کە من کەسێکی مەزنم!"

پادرایک بەگاڵتەجاڕییەوە گوتی: "ئۆو، فرانک، گەورە بوویت!"

ڕووخساری فرانک سپی هەڵگەڕا و گوتی: "جیمی شارمان دەڵێت وەک بۆکسبازێک داهاتوویەکی گەشم هەیە. دەیەوێت مەشقم پێ بکات و پارەم پێ بدات! دەتوانم هەموو پیاوێک بدەم بەزەویدا، تەنانەت تۆیش. هەروەها فێرت دەکەم جارێکی تر دایکم بێزار نەکەیت!"

مێگی هاواری کرد: "نا! نا! نا!" قەشە ڕاڵف بەتوندی شانیی گرد. فرمێسک بە ڕووخساریدا هاتە خوارەوە و دیسان هاواری کرد: "نا، بابە، نا! ئۆو، فرانک! تکایە، تکایە، تکایە!" بەڵام تەنها قەشە ڕاڵف گوێی لێ بوو. فرانک و پادرایک بەتووڕەیی ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە. پادرایک هەوڵی دا ئارام بێت و گوتی: "من مێردی دایکتم."

فرانکیش هاواری کرد: "سەگێگ باشترە لە تۆ."

مشتومڕ بەردەوام بوو، پادرایک گوتی: "تۆ لە باوکت باشتر نییت، هەرکەسێک بووبێت. سوپاس بۆ خودا کە من باوکت نیم!" پاشان وەستا و تووڕەیییەکەی نەما و گوتی: "مەبەستم ئەوە نەبوو. مەبەستم ئەوە نەبوو."

قەشە ڕاڵف ڕێی بە مێگی دا بڕوات و فرانکی گرت. مێگی لە جێی خۆیدا نوقم بوو و چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک. یەکەم جار لە باوکیی ڕوانی و پاشان لە فرنک. تێ نەدەگەیشت چی ڕوو دەدات، بەڵام دەیزانی کە شتێکی ترسناکە و گاڵتە نییە. فرانک بە دەنگێکی نزم گوتی: "مەبەستت ئەوە بوو. پێم وایە منیش هەمیشە ئەوەم زانیوە. ڕاڵف، ڕێم بدە بڕۆم. دەستی بۆ نابەم."

قەشە ڕاڵف تووڕە بوو و گوتی: "سەیرکەن هەردووکتان چیتان لەم منداڵە کردا نەمتوانی دووری بخەمەوە، ترسام یەکتر بکوژن."

فرانک گوتی: "قەیناکە من دەڕۆم، من دەڕۆم بۆلای جیمی شارمان و ناگەڕێمەوە."

پادرایک بەدەنگێکی نزم گوتی: "دەبێت بگەڕێیتەوە. چی بە دایکت بڵێم؟ دەزانیت چەند تۆی خۆش دەوێت." فرانک شەبقە و چاکەتەکەی هەڵگرت و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت: "پێی بڵێ من دەڕۆم، چونکە دەمەوێت ببم بەو

کەسەی کە خۆم دەمەوێت." پادرایک بەپەشۆکاوی چاوی بڕییە مێگی، کە زۆر زۆر وەڕس بوو. هەستا و بەرەو مێگی بڕوات، بەڵام قەشە ڕاڵف پاڵی پێوە نا و دووری خستەوە و پێی گوت: "بەتەنها بەجێی بهێڵە. ئەوەی کردتان بەسە!" پادرایک ویستی مێگی بۆ جێگای نووستن ببات و پاشان بگەڕێتەوە لەگەڵ قەشە ڕاڵف قسە بکات. بەڵام قەشە ڕاڵف نەیهێشت و خۆی مێگیی برد بۆ ژوورەکەی و خستیە جێگاکەی و وەک هەمیشە بەنەرمی قسەی لەگەڵ کرد، بەڵام نەیدەزانی ئایا گوێی لێیە یان نا. لە چاوانی مێگیدا گەلێک ئازار دەبینرا.

کە قەشەکە لە ژوورەکە گەڕایەوە، پادرایک لێی پرسی: "ئایا مێگی باشە؟"

قەشە ڕاڵف خواردنەوەیەکی بۆ خۆی تێ کرد و وەڵامی دایەوە: "نازانم. پادرایک، بۆ ئەوەندە تووڕە بوویت؟ بۆ ئەو شتانەت بە فرانک گوت؟ بێگومان ڕاستە. دەمزانی کە فرانک کوڕی تۆ نییە. فرانک قژی ڕەشە، بەڵام هەموو منداڵەکانی تر قژیان سوورە. بۆچی دەربارەی ئەمە هیچت پێ نەگوتووم؟"

پادرایک چاوی بڕییە ئاگرەکە و پاشان دەستی کرد بە قسەکردن: "نازانم باوکی فرانک کێیە. پێش ئەوەی من و فیۆنا هاوسەرگیری بکەین فرانک لەدایک بووبوو. کاتێک کە گەیشتمە نیوزلەندا، چووم بۆ کارکردن لە ماڵی خێزانێکی دەوڵەمەند، دەوڵەمەنترین خێزان لە شارەکە، فیۆنا تەنها کچیان بوو. هەرگیز قسەم لەگەڵ نەکرد، بەڵام هەندێ جار ئەم خانمە جوانەم دەبینی لەگەڵ کوڕێکی بچووک پیاسەی دەکرد. بێجگە لە داپیری، هەموو خێزانەکەی شەرمیان لێ دەکرد. منداڵێکی هەبوو و شووی نەکردبوو. کاتێک داپیری مرد، باوکی هات بۆلای من و پێشنیاری کرد ئەگەر فیۆنا بهێنم و بیبەم بۆ شوێنێکی دوور، پێنج سەد پاوەندم دەداتێ. ئێ، ڕاڵف، ئەوە پارەیەکی زۆر بوو. منیش ویستم ژن بهێنم، بەڵام هیچ کچێکم نەدەناسی لە نیوزلەندا. بۆیە

پێشنیارەکەم قبوڵ کرد. ئەو ڕۆژەی کە هاوسەرگیریمان کرد، یەکەم جار بوو قسەم لەگەڵ فیۆنا کرد. لە سەرەتادا لێی دەترسام. کەسێکی زۆر سەیر و قەشەنگ بوو.

قەشە ڕاڵف بەڕووخۆشی گوتی: "ئێستاش هەر جوانە، پادرایک."

پادرایک بەردەوام بوو لە قسەکانی و گوتی: "ڕاڵف، ژیانێکی سەختمان هەبوو، بەڵام ئەو لەلای من ئاسوودە بوو. من زۆرم خۆش دەوێت، بەڵام ئەو تەنها فرانکی خۆش دەوێت. ئێستا کە من فرانکم دوور خستووەتەوە هەرگیز نامبورێت." قەشە ڕاڵف پێشنیاری کرد کە پادرایک مشتومڕەکەی خۆی و فرانک بۆ فیۆنا باس نەکات و تەنها پێی بڵێت ئەو لەگەڵ بۆکسبازەکان ڕۆیشت. بەڵام پادرایک گوتی: "ئەی مێگی چی؟ خۆ مێگی گوێی لە هەموو شتێک بوو." قەشە ڕاڵف پادرایکی دڵنیا کرد کە خەمی نەبێت خۆی قسە لەگەڵ مێگی دەکات. مێگی نەخەوتبوو، قەشە ڕاڵف لە تەنیشتی دانیشت و پێی گوت: "فرانک ڕۆیشت، مێگی."

مێگی بەخەواڵوویی گوتی: "دەزانم، بەڕێز ڕاڵف. دەمەوێت لەگەڵی بڕۆم. ئەو پێویستی بە منە."

قەشە ڕاڵف گوتی: "ناتوانیت، مێگی. دەزانیت فرانک ژیانی خۆی هەڵبژاردووە و ئێستا کاتی ئەوەیە کە بڕوات. دەیەوێت بۆ ماوەیەکی درێژ دوور بکەوێتەوە. لەوە تێ دەگەیت، مێگی؟"

چاوەکانی مێگی کە ماندوو بوون و پڕ بوون لە ئازار، کەوتنە سەر ڕووخساری ڕاڵف و گوتی: "دەزانم، دەزانم. ئایا هەرگیز دووبارە دەیبینمەوە؟"

قەشە ڕاڵف گوتی: "نازانم."

مانگی ئاب بوو، کەشوهەوا زۆر سارد بوو. فیۆنا تەندروستیی باش نەبوو، پێویستی بە مێگی بوو لە ماڵەوە یارمەتیی بدات. ستیوارتیش نەیدەویست بەبێ مێگی لە قوتابخانە بمێنێتەوە، بۆیە ئەویش گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. چاودێریکردنی هارۆڵدی بچووک، فیۆنای زۆر ماندوو دەکرد. بۆیە مێگی بوو بە دایک بۆی. کارێکی سەخت بوو بۆ کچێکی بچووکی وەک مێگی، بەڵام ئەو دڵی پێی خۆش بوو. هیچ کەس باسی فرانکی نەدەکرد. فیۆنا چاوەڕوانی نامەی ئەو بوو، بەڵام هەرگیز نەدەهات. پاش ماوەیەک، دووانەیەک لەدایک بوو؛ دوو کوڕی بچووک، جەیمس و پاتریک. چاودێریکردنیان بۆ فیۆنا زۆر سەخت بوو، بەو هۆیەوە زۆر نەخۆش و ماندوو بوو. بەڵام خزمەتکارەکانی خانووە گەورەکە جەیمس و پاتریکیان زۆر خۆش دەویست و بە جیمس و پاستی بانگیان دەکردن. دووانەکە زۆربەی کاتەکانیان لە خانووە گەورەکە بەسەر دەبرد.

♦

قەشە ڕاڵف سەیری مێگیی دەکرد کاتێک قژە سوورەکانی پاستیی دادەهێنا. پاشان ڕووی وەرگێڕاو چاوی بڕییە خانووە گەورەکەی پشت درەختەکان و گوتی: "ئەو جاڵجاڵۆکە پیرە، ماری کارسن، پلانی چی دادەنێت؟"

مێگی لێی پرسی: "بیر لەچی دەکەیتەوە، بەڕێز ڕاڵف؟"

قەشە ڕاڵف وەڵامی دایەوە: "ئێێ... هیچ بابڕۆین چاومان بە پوورە ماری بکەوێت، بڕۆین؟"

که قەشەکە هاتە ژوورەوە و دەستی مێگی گرتبوو، ماری کارسن بەساردی لە مێگیی ڕوانی و بەتوندی پێی گوت: بڕۆ بۆ چێشتخانە، کچێ. بڕۆ لەگەڵ خاتوو سمس چایەکەت بخۆرەوە."

قەشە ڕاڵف دانیشت و لە خاتوو کارسنی پرسی: "بۆچی مێگیت خۆش ناوێت؟"

ماری وەڵامی دایەوە: "چونکە تۆ خۆشت دەوێت."

قەشە ڕاڵف گوتی: "ئۆو، ماری! خۆ ئەو تەنها کچێکی بچووکە."

ماری پێکەنی و گوتی: "تۆ گۆڕاویت، ڕاڵف. تۆ لە جاران کەمتر بەرزخوازیت. ئایا ناتەوێت ببیت بە کاردیناڵ (قەشەی هەرەگەورە لە مەزهەبی کاسۆلیکیدا)؟"

قەشە ڕاڵف بەدڵتەنگی وەڵامی دایەوە: "ئەوە مەحاڵە ئێستا!"

ماری پێکەنینێکی ناخۆشی کرد و گوتی: "ڕاڵف، من دەزانم بەڕاستی تۆ چیت دەوێت. لەوانەیە لە کۆتاییدا یارمەتیت بدەم بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی کە خۆت دەتەوێت. بەڵام من دڵنیات دەکەم ئەمە ئازارت دەدات. دڵنیات دەکەم لەپێناویدا ئازار دەچێژیت."

♦

ئاسمان پڕ بوو لە هەور و پادرایک هیوادار بوو باران ببارێت. ماری کارسن سەیری ئاسمانی کرد و گوتی: "ماوەیەکی درێژە باران نابارێت، گەردەلوولی وشک بەڕێوەیە." گژوگیا لاواز بوو و بایەکی بەهێز هەورە تۆزاوییەکانی لەمبەر بۆ ئەوبەری کێڵگە قاوەییەکان دەبرد. ڕۆژێکیان هارۆڵدی بچووک دەستی کرد بە کۆکین و بەخێرایی تەندروستیی خراپ بوو. لە سەرەتادا

فیۆنا نیگەران نەبوو. بەڵام لەو کاتەی کە پادرایک هاتەوە بۆ ماڵەوە، لێوەکانی هاڵ شین هەڵگەڕان و نەیدەتوانی هەناسە بدات. پادرایک پەیوەندیی بە دکتۆرەوە کرد، بەڵام نەیتوانی لە کاتی خۆیدا بێت. چونکە چل میل دوور بوو. مێگی برا بچووکەکەی هەڵگرت و پاڕایەوە. ئەو تۆقیبوو، چونکە هیچی لەدەست نەدەهات بیکات. پاشان پادرایک و فیۆناش دەستیان کرد بە پاڕانەوە. لە نیوەشەودا پادرایک منداڵەکەی لە دەستی مێگی دەرهێنا و خستیە جێگاکەی خۆی. مێگی خەریک بوو خەوی لێ دەکەوت، بەڵام چاوەکانی بەخێرایی کرانەوە و گوتی: "ئۆو، بابە ئەو باشترە!"

پادرایک سەری ڕاوەشاند و گوتی: "نا، مێگی. ئەو ئارامە ڕۆیشتووە بۆلای خودا."

فیۆنا بە مێگیی گوت: "پادرایک مەبەستی ئەوەیە هاڵ مردووە."

مێگی بەدڵتەنگی گوتی: "ئۆو، بابە، نا. ئەو نابێت بمرێت!"

بەڵام کە مێگی زانیی براکەی مردووە، سەیری کرد ئەو وەک بووکەشووشەیەک وایە نەک منداڵ. کاتێک قەشە ڕاڵف لەگەڵ دکتۆرەکە هاتە ژوورەوە، مێگیی بینی بەتەنها دانیشتبوو. بۆی دەرکەوت کە چەند برا بچووکەکەی خۆش دەوێت. کە سەیری مێگیی دەکرد بەبێدەنگی دانیشتبوو، پێی وابوو بەتەمەنتر دیارە. لە دڵی خۆیدا گوتی: "کێ مێگیی فێر کردووە بەو شێوەیە ئازا بێت؟" پاشان مێگیی بانگ کرد و دەستی بەسەریدا هێنا. ئەویش سەیری کرد و خەندەیەکی پڕ خۆشەویستیی پێ بەخشی. کە ڕاڵف سەیری دەکرد، لە چاوەکانیدا هەستی بە نیگەرانی دەکرد.

ماری کارسن پلانی ئاهەنگێکی گەورەی دانابوو بۆ حەفتا و دووەمین ساڵی یادی لەدایکبوونی. لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشت و فەرمانی دا باخچەکە ڕێکوپێک بکرێت و گەورەترین ژووری خانووەکە بۆ سەماکردن ئامادە بکرێت. تیپێکی مۆسیقا لە سیدنییەوە هاتن و خواردنی تایبەتیش ئامادە کرا. کاتێک هەمووان سەرقاڵ بوون، ماری کارسن پارچەیەک کاغەزی گەورەی هێنا و دەستی کرد بە نووسین. شتێک هەبوو ماوەی چەند ساڵێک بوو پلانی بۆ دانابوو. پاش تەواوبوونی لە نووسین، لەناکاو پێکەنینێک لە دەرەوەی ژوورەکە ئەوی تووڕەکرد. قەشە ڕاڵف مێگیی فێری سوارچاکی دەکرد و جلوبەرگی ئەسپسوارییی لە جیلانبۆن بۆ هێنابوو. هەموو هەفتەیەک چەند کاتژمێرێک وانەی ئەسپسوارییی پێ دەگوت. مێگی وردە وردە گەورە دەبوو، هەرچەندە دەیزانی مەحاڵە، بەڵام زۆرجار بیری لەوە دەکردەوە ئایا چۆن دەبێت ئەگەر لەلایەن قەشەیەکەوە ماچ بکرێت.

ماری کارسن لە پەنجەرەکەوە سەیری کرد، قەشە ڕاڵف و مێگی بە ئەسپەکانیان پیاسەیان دەکرد. ماری هیوادار بوو بتوانێت بیانوەستێنێت یان خۆیشی لەگەڵیان پیاسە بکات. ڕقی لە هاوڕێیەتییەکەیان بوو، وە سەری دەسوڕما بۆچی پادرایک و فیۆنا ڕێ ناگرن لە کچەکەیان کە زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ قەشەدا بەسەر دەبات. ماری پارچەیەک کاغەزی تری هەڵگرت و دەستی کردەوە بە نووسین.

♦

هەمووان جلی نوێیان لەبەر بوو بۆ ئاهەنگەکە. جلەکانی مێگی درێژ و پەمەیی و ڕەساسی بوون، قژە لوولە سوورەکەی بڕی بوو. پادرایک سەیری کرد و بۆی دەرکەوت چیتر کچێکی بچووک نییە، مانگێکی تر دەبێت بە

حەڤدە ساڵ. ئاهەنگێکی نایاب بوو. دراوسێکانی ماری کارسن لە دوورییی چەندین میلەوە هاتبوون. دەیانزانی کە ماری چەند دەوڵەمەندە و پێشبینیی خواردن و خواردنەوەی نایابیان لێ دەکرد. قەشە ڕاڵف لە کاتی نانی ئێوارە و دواتریش هیچ قسەی لەگەڵ مێگی نەکرد. نەیتوانی بۆی ڕوون بکاتەوە کە هەموو ئەوانەی ژوورەکە سەیری دەکەن. هەروەها زۆربەیان سەیری مێگییشیان دەکرد. ئەو جوانترین ئافرەتی ئەوێ بوو. ڕاڵف شانازیی پێوە دەکرد هەروەها هەستی بە نیگەرانی دەکرد کە دەیبینی مێگی گەورە دەبێت. کاتژمێر سێی بەیانی ماری کارسن هەستایە سەرپێ و بە میوانەکانی گوت: "من دەچم دەنووم، بەڵام تکایە ئێوە لە سەماکردن مەوەستن." هەروەها داوای لە قەشە ڕاڵف کرد یارمەتیی بدات بۆ چوونە نهۆمی سەرەوە. بەڵام نەچوونە نهۆمی سەرەوە، نهۆمی خوارەوەی دانەخستبوو و چوونە ئەوێ. ڕاڵف گوتی: "ئاهەنگێکی باش بوو، ماری."

ماری وەڵامی دایەوە: "ئەمە کۆتا ئاهەنگی منە. من ماندوو بووم لە ژیان و دەمەوێت پشوو بدەم."

ڕاڵفیش هەستی بە ماندووبوون دەکرد. هیچ هاوڕێیەکی نەبوو لە جیلانبۆن. تەمەنی سی و پێنج ساڵ بوو و بۆ هیچ شوێنێک نەدەچوو، وە نەدەبووە پیاوێکی دەسەڵاتداری کڵێسا.

ماری پێی گوت: "ڕاڵف، من زۆرجار هیوادار بووم کەسێکی گەنجتر بم. ئەگەر گەنجتر بوومایە، من و تۆ لە هاوڕێ زیاتر دەبووین. ڕقم لە ژیانمە و وابزانم حەزدەکەم ژیانی تۆش وێران بکەم."

ڕاڵف هەستی بە نائاسودەیی کرد و بەپێکەنینەوە گوتی: "ئۆو، ماری! ئازیزم من ئەوە دەزانم!"

ماری کارسن گوتی: "بەڵام دەزانیت بۆچی؟ چونکە من تۆم خۆش دەوێت و تۆ منت خۆش ناوێت. من تۆم دەوێت، بەڵام ناتوانم تۆم هەبێت، چونکە من زۆر بەتەمەنم. بەڵام ئەوەندە پیر نیم کە هەست و سۆزم نەبێت." بە نیگایەکی توند بۆ ماوەیەکی درێژ ڕوانییە ڕاڵف. ڕاڵف لەناکاو هەستی کرد لێی دەترسێت. ماری بە قەشە ڕاڵفی گوت: "ڕاڵف، زەرفێکی نامە لە مێزەکەمدایە، تکایە دەتوانیت بۆم بهێنیت؟"

قەشە ڕاڵف نامەیەکی ئەستووری سپیی پێ دا. ماری بەپێکەنینەوە گوتی: "ئەوە بۆ تۆیە. دەزانم چی دەکەیت کاتێک ئەم نامەیە دەکەیتەوە. ئەوە ژیانت دەگۆڕێت! من تۆم لەدەست چوو بۆ مێگی، بەڵام هەرگیز نابیتە هی ئەو." ڕاڵفیش پێی گوت: "بۆچی ڕقت لە مێگییە؟" ماری وەڵامی دایەوە: "چونکە تۆ خۆشت دەوێت. بەڵام من نامەوێت دەربارەی مێگی بدوێم. من هەرگیز تۆ نابینمەوە. نامەوێت کات بەفیڕۆ بدەم. ئێستا بەڵێنم پێ بدە هەتاوەکوو من دەمرم نامەکە نەکەیتەوە. قەشە ڕاڵف بەڵێنی پێ دا. ماری ماڵئاوایی لێ کرد و گوتی: "من ئەمشەو دەمرم." بەڵام ڕاڵف بڕوای پێ نەکرد و نەیشی ویست مشتومڕی لەگەڵ بکات.

♦

هێشتا دەرەوە تاریک بوو، لەناو خانووە گەورەکەدا ئاهەنگێکی پڕژاوەژاو بەردەوام بوو. قەشە ڕاڵف لەناو باخچەکەدا پیاسەی دەکرد، دەیویست دوور بێت لە ماری کارسن و پلانەکانی. لەم دونیا فراوانەدا هەستی بە تەنیایی دەکرد. پاشان گوێی لە کەسێک بوو لە تاریکیدا هاواری دەکرد؛ ئەوە مێگی بوو. قەشە ڕاڵف هەستی کرد پێویستە بچێت بۆلای. لەسەر چیمەنەکە لە تەنیشتی دانیشت و پێی گوت: "ئازیزم، مێگی، مەگری. چەند دەبێت لێرە دانیشتوویت؟"

مێگی بەدەم گریانەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: "لە نیوەشەوەوە لێرە دانیشتووم. بە ئەوانی ترم گوتووە دەچم دەنووم!" قەشە ڕاڵف ویستی بزانێت کێشەی مێگی چییە. مێگییش پێی گوت: "تۆ ئەمشەو قسەت لەگەڵ نەکردووم." قەشە ڕاڵف دەیزانی کە کێشەکەی مێگی هەر ئەمەیە و پێی گوت: "مێگی، تۆ جوانترین کچ بوویت لە ئاهەنگەکەدا، بەڵام من قەشەم، لە بیرکردنەوەی خەڵکی دەترسم. من هێشتا هەر گەنجم، تێ دەگەیت؟"

مێگی سەری بۆ لەقاند و گوتی: "ڕەنگە خەڵکی وابزانن من تۆم وەک پیاوێکی ئاسایی خۆش دەوێت، نەک قەشە."

قەشە ڕاڵف هاوڕا بوو لەگەڵی و گوتی: "مێگی، هەرچەندە ئێستا تۆ کچێکی بچووک نییت، بەڵام فێر نەبوویت هەستەکانت بشاریتەوە."

مێگی چاوی بڕیبووە ڕاڵف و گوتی: "بەڵێ، دەزانم. من لەوە تێ نەگەیشتبووم."

قەشە ڕاڵف پێشنیاری کرد مێگی بڕواتەوە بۆماڵەوە تاوەکوو خێزانەکەی نەزانن کە هەموو شەوەکە لە دەرەوە بووە. مێگی هەستایە سەرپێ و گوتی: "باشە، دەڕۆم. بەڵام هیوادارم خەڵکی بەو شێوەیە بیر نەکەنەوە. تۆ لەو جۆرە پیاوانە نییت، وانیە؟"

قەشە ڕاڵف هەستی بە ئازار کرد: "نا، مێگی. تۆ ڕاست دەکەیت من لەو جۆرە پیاوانە نیم. دەی ئێستا بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە!"

مێگی بە ڕووخساری پڕخەمەوە گوتی: "خوات لەگەڵ، جەنابی قەشە." ئەویش دەستی مێگیی ماچ کرد و گوتی: "شەو شاد، ئازیزترین کەسم، مێگی." سەیری مێگیی دەکرد کاتێک بەناو چیمەنەکەدا تێ دەپەڕی، پاشان ئاوڕی دایەوە و گەڕایەوە بۆ خانووە گەورەکە.

♦

له درەنگانێکی دوای نیوەڕۆدا، خاتوو سمس قەشە ڕاڵفی بەخەبەر هێنا و هەواڵی مردنی ماری کارسنی پێ دا. قەشە ڕاڵف بەخێرایی هەستا و بەپەلە چوو بۆ ژوورەکەی ماری کارسن. پەنجەرەکانی ژوورەکە داخرابوون. چەند کاتژمێرێک بوو مردبوو. بۆنی ناخۆش بوو. هەموو شوێنێک هەر مێش بوو. ڕاڵف سپی هەڵگەڕا بوو، کاتێک بەرەو جێگای نووستنەکە ڕۆیشت، گوتی: "خاتوو سمس، خێرا پەنجەرەکان بکەرەوە! پاشان بڕۆ بۆلای بەڕێز کلێری. دەبێت بە زووترین کات بینێژین." قەشە ڕاڵف گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی و ئەو نامەیەی بیر کەوتەوە کە ماری کارسن پێی دابوو. لە نهۆمی خوارەوە گوێی لە خزمەتکارەکان بوو هاتوچۆیان دەکرد و خانووەکەیان ئامادە دەکرد. زەرفێکی نامەی دەرهێنا و کردییەوە. نامەیەک و وەسیەتنامەیەکی تێدابوو.

ڕاڵف... ئازیزترین کەسم. وەك دەبینیت ئەوە نامەیەك و وەسیەتنامەیەکە. وەسیەتنامەیەکی تریشم هەیە لە ئۆفیسی هاری گۆفە لە جیلانبۆن. ئەوەیان بۆ دوایی. هیچ کەس دەربارەی ئەم وەسیەتنامەیە نازانێت، بێجگە لە من و تۆ. ئەمە تاکە نوسخەیە. ئەوە پلانی خۆم بوو. دوای ئەوەی وەسیەتنامەکەت خوێندەوە، لە پلانەکەم تێدەگەیت. یەکەم جار کە هاتیت بۆ درۆهیدا تۆم ناسی، چونکە سامانەکەی منت دەویست. پاشان دواتر بۆ ئەوە هاتیت کە لەگەڵ مێگی بیت. بەڵام هەرگیز زانیوتە من چەند پارەم هەیە؟ باشە ئێستا پێت دەڵێم: سیازدە ملیۆن پاوەند. ڕاڵف، وەسیەتەکەم بخوێنەوە، پاشان بڕیار بدە کە چی بکەیت.

دەتوانیت بیدەیت بە هاری گۆف یان بیسوتێنیت. لە وەسیەتنامە کۆنەکەدا کە لەلای هارییە، هەرچیم هەیە داومە بە پادرایك. ڕاڵف، دەزانم ئەم بڕیارە ئازارت دەدات.

ئەو نامەکەی واژوو نەکرد بوو.

هەرچەندە قەشەکە دەیویست نامەکە و وەسیەتنامەکە بسوتێنێت، بەڵام نەیدەتوانی. دەبووایە بزانێت چی لە وەسیەتنامەکە دا هەیە. لەبەر ئەو هەموو ڕێزەی کە لە قەشە ڕاڵفی دەگرت، ماری کارسن لە وەسیەتەکەیدا هەموو سامانەکەی بۆ کڵێسا بەجێ هێشت.

قەشە ڕاڵف بەرپرس دەبێت لە چاودێریکردنی سامانەکەی و درۆهیدا. نابێت بە هیچ شێوەیەك درۆهیدا بفرۆشرێت. پادرایك کلێری بەردەوام دەبێت لە بەڕێوەبردنی و لە خانووە گەورەکەشدا دەژی. قەشە ڕاڵف دەی بریکاسات تا لە ژیاندا بێت ساڵانە دە هەزار پاوەند وەردەگرێت.

قەشە ڕاڵف وازی لە خوێندنەوە هێنا و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد. بیری کردەوە: "سیازدە ملیۆن پاوەند!" بەهۆی بوونی ئەو هەموو پارەوە کڵێسا هەرگیز پشت گوێی ناخات.

پادرایک و خێزانەکەی حەوت ساڵی تەواو کاری قورسیان بۆ ماری کارسن کرد، تەنانەت یەکجاریش ناڕەزاییان دەرنەبڕی. پادرایک درۆهیدای خۆشدەویست، بۆیە دەبوو هەر بۆ ئەو بێت.

سیازدە ملیۆن پاوەندەکە چانسی ئەوەی بە قەشە ڕاڵف دابوو کە ببێت بە کاردیناڵ دی بریکاسات. ئەی بەشی پادرایک و فیۆنا و کوڕەکان و مێگی چی دەبێت؟ ماری کارسن چەند باش لە هەموویان تێ گەیشتبوو! پادرایک تووڕە بوو، بەڵام هەرگیز هەوڵی نەدا وەسیەتنامەکە بگۆڕێت. قەشە ڕاڵف هەستا و چوو بەرەو دەرگای ژوورەکەی. دەیزانی کە دەبێت بڕیاری چی بدات. پادرایک لە نهۆمی خوارەوە چاوەڕوانی دەکرد و گوتی: "ئۆو، قەشەی بەڕێز. ئایا ئەوە ناخۆش نییە! من چی بکەم باشە؟"

قەشە ڕاڵف وەڵامی دایەوە: "تۆ تەرمەکەت بینیوە؟ پێویستە بەیانی زوو بنێژرێت. منیش دەبێت ئەمشەو بگەڕێمەوە بۆ جیلانبۆن."

پادرایک گوتی: "بەڕێزم، تا بۆت دەکرێت زوو بگەڕێرەوە!"

لە جیلانبۆن، قەشە ڕاڵف بە ئۆتۆمبێلەکەی ڕۆیشت بۆ ماڵی هاری گۆفی پارێزەری ماری کارسن. جەنابی پارێزەر لەو کاتەدا نانی ئێوارەی دەخوارد. قەشە ڕاڵف هەواڵی مردنی ماری کارسنی بە هاری گۆف دا. هاری لە قەشە ڕاڵفی پرسی: "ئایا بەیانی دەنێژرێت؟ من پەیوەندی دەکەم و خەڵک ئاگادار دەکەم. تۆیش بە پادرایک بڵێ سبەینێ دێم و وەسیەتنامەکەی ماریش لەگەڵ خۆم دەهێنم."

قەشە ڕاڵف گوتی: "من دەترسم کێشەیەک ڕوو بدات. ماری وەسیەتێکی تری کردووە. تۆ دەزانیت ئەو شەوە ماری زەرفێکی نامەی بە من دا. کاتێک ئەمڕۆ کردمەوە وەسیەتنامەیەکی نوێم دۆزییەوە."

هاری بەسەرسوڕمانەوە گوتی: "ماری بەبێ من وەسیەتێکی تری کردووە؟"

قەشەکە وەسیەتنامەکەی دەرهێنا و دایە دەست پارێزەرەکە و گوتی: "بەڵێ، ئەوەتا."

کاتێک هاری وەسیەتەکەی خوێندەوە سەری هەڵبڕی و لە قەشە ڕاڵفی ڕوانی. قەشە ڕاڵف بە سەیرکردنی چاوی دەیزانی هاری بیر لە چی دەکاتەوە. پاشان جەنابی پارێزەر و جەنابی قەشە کەوتنە گفتوگۆ دەربارەی سامانەکەی ماری کارسن و هاری گوتی: "باشە، قەشەی بەڕێز پیرۆز بابیت لێ دەکەم! هەموو شتێکت بەدەست هێنا. ئایا ئەمە تەنها نوسخەیە لەو وەسیەتنامە؟"

قەشە ڕاڵف هاریی دڵنیا کرد کە ئەوە تەنها نوسخەی وەسیەتەکەیە. هاری بەردەوام بوو لە پرسیارکردن و گوتی: "ئەی بۆچی نەتدڕاند تا دڵنیا بیت کە پادرایک دەبێتە خاوەنی هەموو شتێک؟ بۆچی دەبێت کڵێسا ئەو هەموو شتە بەدەست بهێنێت؟"

قەشەکە بەهێمنی دووا: "بەڵام ئەوە ڕاست نییە. ماری ئەوەی کردووە کە خۆی ویستوویەتی."

کاتێک قەشە ڕاڵف لە جیلان بۆن گەڕایەوە کاتژمێر چواری بەیانی بوو. مێگی چاوەڕێی دەکرد و لێی پرسی: "ئایا تەندروستیت باشە؟" قەشە ڕاڵف وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، بەڵام جارێ نامەوێت بچمە ژوورەوە. ئایا لەگەڵم دێیت؟" کاتێک بەلای ڕووبارەکەدا ڕۆیشتن، قەشە ڕاڵف بۆی دەرکەوت بەهۆی ئەو پلەوپایەی کە لە کڵێسادا هەیەتی پێویستە خێرا بچێت بۆ سیدنی. بەو جۆرە باشتر دەبێت بۆی. وەستان و لە قەراغ ڕووبارەکە دانیشتن و سەرەتا مێگی دەستی بە گفتوگۆ کرد و پرسیی: "کێشەت چییە بەڕێز؟"

قەشە ڕاڵف بەخەمباری وەڵامی دایەوە و وتی: "تۆم فرۆشت بە سێزدە ملیۆن سککەی زیو. نزیکتر ببەوە لێم، ڕەنگە جارێکی تر بواری وامان بۆ نەڕەخسێت قسە بکەین. من لێت دوور دەکەومەوە."

مێگی بە دەنگێکی نزم لێی پرسی: "کەی؟" ڕاڵف گوتی: "چەند ڕۆژێکی تر." مێگی بەردەوام بوو گوتی: "قەشە ڕاڵف، ئەمە بۆ من قورس دەبێت، قورستر لە ڕۆیشتنی فرانک!" هەروەها قەشە ڕاڵفیش ئەو ڕۆیشتنەی بەلاوە قورس بوو بۆیە گوتی: "بۆ منیش قورس دەبێت. من کەسم نیە بێجگە لە تۆ، بەڵام پێم وایە ڕۆیشتنی من باش دەبێت بۆ تۆ. نابێت خەون بەمنەوە ببینیت، من هەرگیز بەو شێوەیە بیر لە تۆ ناکەمەوە. کاتێک من دەڵێم خۆشم دەوێیت، مەبەستم ئەوەیە وەک قەشەیەک خۆشم دەوێیت، نەک وەک پیاوێکی ئاسایی." مێگییش گوتی: "لێت تێ دەگەم ،بەڵام بیرت دەکەم." پاشان دەستی کردە ملی ڕاڵف و ماچی کرد. ڕاڵف دەستەکانی مێگیی لە خۆی دوور خستەوە و گوتی: "ئێستا کاتی ڕۆیشتنە."

♦

قەشە ڕاڵف سەری سوڕما کاتێک زانی پادرایک زۆر دڵخۆشە بە وەسیەتەکەی ماری کارسن. هەموو ئەوەی کە خۆی و کوڕەکانی دەیانویست تەنها مانەوە بوو لە درۆهیدا. پادرایک ڕووی کردە قەشە ڕاڵف و گوتی: "با کڵێسا هەموو پارەکانی ماری ببات. بەڕێز ڕاڵف، تکایە وا بیر نەکەیتەوە کە بەهۆی ئەمەوە ڕقم لە تۆیە. تۆ زۆر باش بوویت بۆ ماری، وە بۆ من و خێزانەکەیشم. ئێمە هەرگیز ئەمە لەبیر ناکەین." هەرچەندە قەشە ڕاڵف هەستی بە تاوانباری دەکرد، بەڵام دەستی پادرایکی گرت و تەوقەیان کرد. پاشان درۆهیدای بەجێ هێشت و گەڕایەوە. قەشەیەکی نوێ هات بۆ جیلان بۆن و قەشە ڕاڵف بوو بە سکرتێری سەرۆکی قەشەکان لە سیدنی.

## پادرایک (١٩٢٩–١٩٣٢)

## فرانک دەخرێتە زیندان

خێزانی کلێری لە خانووە گەورەکەدا دەژین. بەیانییەک فیۆنا دەستی کرد بە پێچانەوەی کووپەکان بە ڕۆژنامەی کۆن. لەناکاو وەستا، لەو کاتەدا مێگی هاتە چێشتخانە و بینیی دایکی لە ڕۆژنامەیەک ڕاماوە و ڕووخساری سپی هەڵگەڕاوە. بە دەنگی بەرز پادرایکی بانگ کرد. پادرایک ڕۆژنامەکەی هەڵگرت و بە دەنگی بەرز خوێندیەوە. دەنگی خەمناکتر و خەمناکتر دەبوو.

| |
|---|
| بۆکسبازێک دەچێتە زیندان<br><br>فرانسیس ئامسترۆنگ کلێری، تەمەن بیست و شەش ساڵ، بۆکسباز، هەموو ژیانی لە زیندان بەسەر دەبات. کلێری لە دەرەوەی بارەکە لە شەڕکردنی نێو شەقامەکاندا پیاوێکی تری کوشت. پرسیاری لێ کرا: "ئایا هیچت هەیە بۆ گوتن؟" کلێری لە وەڵامدا گوتی: "تەنها بە دایکم مەڵێن." |

پادرایک سەیری بەرواری ڕۆژنامەکەی کرد و گوتی: "ئەمە سێ ساڵ لەمەوپێش ڕووی داوە." بۆ ماوەیەکی درێژ کەس هیچی نەگوت، پاشان فیۆنا دەستی کرد بە گریان. پادرایک فرمێسکەکانی بۆ سڕی و گوتی: "دەچین و دەیبینین."

فیۆنا گوتی: "ناتوانم بچم. ئەو بە بینینی من دەمرێت. هەمیشە ویستویەتی ببێت بە کەسێکی گرنگ. ئێستاش خۆت ڕۆژنامەکەت خوێندەوە: 'تەنها بە دایکم مەڵێن' دەبێت بهێڵین نهێنییەکەی بپارێزێت." پادرایک سەیری ڕووخساری غەمگینی فیۆنای کرد و پێی گوت: "باشە ناچین. بەڵام داوا لە قەشە دی بریکاسات دەکەم تا بزانێت فرانک چیی بەسەر هاتووە." فیۆنا

هەندێک ڕەنگ و ڕووی وەبەر هاتەوە و بەنەرمی گوتی: "باشە، پادرایک. ئەوە بکە."

دوای ئەوە پادرایک و کوڕەکان میهرەبانتر بوون لەگەڵ فیۆنا و دڵنیایان کرد کە چیتر هیچ شتێک نیگەرانی ناکات. بەڵام وا دیاربوو فیۆنا گۆڕا بوو، حەزی بەچارەی هیچ یەکێک لە خێزانەکەی نەدەکرد.

قەشە دی بریکاسات پارەیەکی باشی بە پادرایک دا بۆ بەڕێوەبردنی درۆهیدا، هەرگیز خێزانی کلێری ئەوەندە پارەیان نەبووە. قەشە ڕاڵف خۆی نەدەگەڕایەوە بۆ درۆهیدا، بەڵام سەردانی فرانکی دەکرد لە زیندان. ئەو فرانکی بە بێزاری و دڵتەنگی دەبینی، بەڵام کاتێک نامەی بۆ خێزانەکەی دەنووسی پێی دەگوتن کە فرانک باشە و هەست بە ئارامی دەکات.

ئەسپەکەی قەشە ڕاڵف هێشتا هەر لە درۆهیدا بوو، پادرایک ویستی بیفرۆشێت. مێگی گوتی: "تکایە بابە وا مەکە. ئەگەر قەشە ڕاڵف بگەڕێتەوە چۆن بیر دەکاتەوە؟"

پادرایک گوتی: "مێگی، پێم وانیە بگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر پێیت خۆشە بەخێوی دەکەین."

♦

زستانێکی وشک بوو و هاوینیش باران نەباری. گژوگیا وشک بوو، تەنانەت دارەکانیش وشک بوون. مێگی بە ئەسپەکەی چوو بۆ کێڵگەکە و لەبیری ڕاڵفدا بوو. وا دەهاتە پێشچاوی کە ئەو مێردێتی، تێ نەدەگەیشت بۆچی ئەو نایەت بیبینێت. ڕۆژێک لە باوکیی پرسی: "بابە، بۆچی قەشە دی بریکاسات سەردانمان ناکات. ئایا ئێمەی لەبیر کردووە؟"

باوکی ڕووی لێ کرد و بەهەست و سۆزەوە سەیری کچەکەی کرد و گوتی: "نا، نا، لەڕاستیدا جار جار نامەمان بۆ دەنووسێت، وانیە؟ بەڵام من پێم وایە وا باشترە کە ئەو نەیەت، بۆیە منیش بانگێشتم نەکردووە. ئەوە هەڵەیە بۆ تۆ کە بیر لە قەشەیەک بکەیتەوە، دەبێت ئەوە تێ بگەیت. ئەو هێشتا وەک کچێکی بچووک سەیرت دەکات.

بەڵام مێگی لاسار بوو بۆیە گوتی: "بەڵام ئەگەر من لەو بارەوە قسەی لەگەڵ بکەم، ئەو دەتوانێت واز لە قەشەیی بێنێت..."

پادرایک توشی شۆک بوو: "مێگی! بەڕێز دی بریکاسات قەشەیە. ئەو هەرگیزاوهەرگیز واز لەو کارە ناهێنێت، لەوە تێ بگە. ئەو بەڵێنی بە کڵێسا داوە، هەرگیز ناتوانێت ئەو بەڵێنە بشکێنێت."

مێگی بێ ئەوەی وشەیەکیش بڵێت ڕووی ئەسپەکەی وەرگێڕاو ڕۆیشت.

♦

لە هەمان کاتدا قەشە ڕاڵف لە سیدنی بە قورسی کاری دەکرد و بە پایە بڵندیی خۆی کاری لە هەست و سۆزی کڵێسا کرد. سەرەڕای ئەوەش هەندێ کات بە قورسی دەزانی خۆی بێبەش بکات لە سەردانی درۆهیدا و بینینی خەڵکەکەی، بەتایبەتی مێگی.

## زریانێکی سامناک

لە زستانیساڵی ١٩٣٢دا وەک هەمیشە گەردەلوولە وشکەکان گەڕانەوە. ئەو ڕۆژەی کە گەردەلوولە گەورەکەی مانگی ئاب دەستی پێ کرد، پادرایک لە ماڵ نەبوو. بە خۆی و ئەسپەکەی لە دەرەوە بوون و لەژێر دارێکدا وەستا

بوون چاوەڕوان بوون گەردەلوولەکە کۆتاییی بێت. بەڕاستی گەردەلوولێکی سامناک بووا لەناکاو پادرایک دارێکی گەورەی بەدی کرد کە لەناو گڕی شیندا دادەمرکایەوە. هەستایە سەرپێ و سەیری کرد وا هەموو شتێک ئاگری گرتووە. هیچ دەرفەتی نەبوو لە ئەسپەکەی نزیک ببێتەوە. هەرچواردەوری بەربەستی ئاگر بوو. گوێی لە هاوار وناڵەی ئەسپەکەی بوو، بۆیە بۆی دەرکەت ئیتر کۆتاییە. هیچ ڕێگایەک نەبوو تا خۆی و ئەسپەکەی و سەگەکانی ڕزگار بکات.

♦

پێش ئەوەی گەردەلوولەکە دەست پێ بکات، هەموو کوڕەکان گەڕا بوونەوە بۆ درۆهیدا و لە کاتی گەردەلوولەکەشدا لە ماڵەوە مابوونەوە و چاوەڕوان بوون تەواو ببێت. لە دەوروبەری کاتژمێر چواردا، هەورەکان بارگەو بنەیان لێک نا و ئاسمان ڕوون بووەوە. هەمووان هەستیان بە باشتر دەکرد. جاک و بۆب چوون و سەیری دەوروبەریان کرد. بۆب دەستی بۆ خۆرئاوا ڕاکێشا و گوتی: "سەیرکە." لەسەروو درەختەکانەوە دوکەڵێکی گەورە و چڕیان بینی بۆ ئاسمان بەرز دەبووەوە. جاک ڕای کردە ژوورەوە بۆلای تەلەفۆنەکە و هاواری کرد: "خوایە گیان! ئاگر، ئاگرا درۆهیدا ئاگری گرتووە، ئاگرێکی گەورە!" هەموویان زانیان کە دەبێت چی بکەن. کوڕەکان بە ئەسپەکانیان و کرێکارەکانی تریش بەبێ ئەسپ بە پێ ڕایان دەکرد. کاتێک مێگی لە تەنیشتی فیۆناوە ئەسپسواریی دەکرد، بینیی دووکەڵەکەی خۆرئاوا تادێت زیاتر دەبێت. ڕەشەبا بۆنی سووتاوییی بە لووتیاندا دەکرد. کاتێک بە ئاڕاستەی ئاگرەکە دەڕۆیشتن، گیانلەبەرەکان لە تەنیشتیانەوە لە ئاگرەکە هەڵدەهاتن. ئاگرەکە پێنج میل فراوان بوو و بەدرێژاییی دە میل زەوی وزاری سووتاند. ئیتر درەنگ بوو بۆ ڕزگارکردنی هەموو مەڕەکان. دراوسێکانیان بە

ئۆتۆمبێلەکانیان گەیشتن و پەرۆش بوون بۆ یارمەتیدانیان. یەکێکیان پرسیی: "بۆب، قەبارەی ئاگرەکە چەندە؟"

بۆب گوتی: "هێندە گەورەیە بەرەنگاربوونەوەی سەختە، بەخێرایی دەڕوات. دڵنیا نیم ئایا دەتوانین خانووەکانیشمان ڕزگار بکەین یان نا."

کابرا دووبارە پرسیی: "بۆب، ئەی باوکت لەکوێیە؟"

بۆب وەڵامی دایەوە: "لە خۆرئاوای ئاگرەکەیە. ئەو لەوێ کاری دەکرد و مەڕەکانی دەلەوەڕاند."

هێشتا ڕەشەبا هەر بەهێز بوو، هەموو شوێنێک بۆنی سووتاویی گرتبوو. شەو داهات، بەڵام ئاسمانی خۆرئاوا بەهۆی گڕی ئاگرەکەوە ڕووناک بوو. مێگی لە خانووە گەورەکەوە گوێی لە نەڕەی ئاگرەکە بوو، هەروەها بینی درەختەکان گڕیان گرتووە. چاوی بە چەند کەسێک کەوت کە بەرەو ڕووی دارە سووتاوەکان ڕایان دەکرد. پاشان ئاڕاستەی باکە گۆڕا و ئاگرەکە بەرەو خۆرهەڵات ملی نا. خۆشبەختانە خانووە گەورەکە لە سووتان ڕزگاری بوو.

♦

ئاگرەکە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو، بەرەو خۆرهەڵات کەوتەڕێ و تا دەهات فراوانتر دەبوو. پاشان لێزمە بارانێک باری و بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام بوو و ئاگرەکەی کوژاندەوە. بەڵام سەدان میلی سووتاندبوو و ڕاڕەوێکی ڕەشی بەدوای خۆیدا بەجێ هێشتبوو، کە فراوانییەکەی بیست میل دەبوو. هیچ کەس هەواڵی لە پادرایک نەبوو. ئاگرەکە هێڵی پەیوەندیکردنی پچڕاندبوو. هەروەها زەوی زۆر گەرم بوو و هاتوچۆکردنی ڕاگرتبوو. بەڵام پاش ئەوەی بۆ ماوەی شەش کاتژمێر باران باری، هەستیان بە نیگەرانی کرد. بۆب گوتی: "دەبوو ئێستا لێرە بێت. من پێم وایە پێویستە

بەدوایدا بگەڕێین." فیۆنا ئارامی لێ بڕا و گوتی: "من لەگەڵت دێم هەروەها مێگییش دێت. هەموو ئەو کەسانەمان پێویست دەبێت کە دەستمان پێیان دەگات."

هەموویان بە ئەسپ لە ڕووبارەکە پەڕینەوە و چوونە شوێنی ئاگرەکە. هەموو شتێک ڕەش بوو، تەنانەت دوای ئەو هەموو بارانەش زەویەکە هەڵمی لێ بەرز دەبووەوە. بۆب و مێگی چوونە پێشەوە پاشان جاک و هووگی، لە کۆتاییشدا فیۆنا و ستیوارتیش هاتن. هەموویان لە نزیک یەکتر وەستابوون و نەدەجوڵان. پێشبینیان کرد پادرایک ببینن بە ئەسپەکەی بەرەو ڕوویان بێت. بەڵام لەو زەویە ڕەشەدا هیچیان بەدی نەکرد. دواتر بۆیان دەرکەوت کە ئاگرەکە زۆر لەوە زیاتری سووتاندووە کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە. بۆب ڕووی ئەسپەکەی وەرگێڕا و پێی گوتن: "لێرەوە دەست بە گەڕان دەکەین. من بەرەو خۆرئاوا دەڕۆم. ئەگەر هەرشتێکتان دۆزییەوە سێ فیشەک بکەن بە ئاسماندا. جاک، تۆ بەرەو باشوور بڕۆ. هووگی، تۆ بەرەو باشووری خۆرئاوا بڕۆ. دایکە، تۆ و مێگی بەرەو باکووری خۆرئاوا بڕۆن. ستیوارت، تۆ بەرەو باکوور بڕۆ. هەمووتان بە هێواشی بڕۆن. جارێ بە هیوای دیدارا!" هەموویان بەناو خۆڵەمێش و قوڕ و چڵپاوەکەدا تێ پەڕین و دەستیان کرد بە گەڕان. پاش ئەوەی ستیوارت نزیکەی نیو میلی بڕی تارماییی ئەسپ و سەگەکانی پادرایکی بینی. لە ئەسپەکەی دابەزی و بەناو قوڕەکەدا بەرەو ڕوویان ڕۆیشت. بەدەم نزا و پاڕانەوەوە قوڕوچڵپاوە لینجەکەی دەبڕی. کەمێک لەولای ئەسپەکەوە تارماییی پیاوێکی بینی باڵەکانی بڵاو کردبووەوە. ستیوارت چەکەکەی هەڵگرت و سێ فیشەکی کرد بە هەوادا. یەکەم جار چاوی بەو بەرازە کێوییە گەورەیە نەکەوت کە لەنێو درەختەکانەوە دەهاتە دەرەوە. بەرازەکە بەهۆی ئاگرەکەوە بریندار بووبوو و ئازاری هەبوو. دەنگی گوللەکە بێزاری کرد. ستیوارت دەستی بۆ چەکەکەی برد، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوت بەتاڵە. بەرازەکە بۆ چەند ساتێک سەیری ستیوارتی کرد، پاشان

بەخێرایی بەرەو ڕووی ڕای کرد. ستیوارت بەپەلە چەکەکەی پڕ کردەوە و تەقەی کرد. بەرازەکەی پێکا، بەڵام درەنگ بوو، گیانلەبەرەکە خۆی هەڵکردە سەر سەری و لەناو قوڕە ڕەشەدا نوقمی کرد.

♦

مێگی لە دایکیی پرسی: "نازانم بۆچی ستیوارت جارێکی تر تەقەی نەکرد؟ فیۆنا ئارامی لێ بڕا و ئەسپەکەی خێراتر کرد. بەڵام جاک و بۆب پێش ئەو گەیشتنە ئەوێ. بـۆب گوتی: "دایکە، نزیک مەبەرەوە." جاک چوو بۆلای مێگی و دەستەکانی گرت. فیۆنا پرسیی: "ئایا ئەوە پادرایکە؟" بـۆب وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، ستیوارتیشی لەگەڵە." هیچ کام لە کوڕەکان نەیانتوانی سەیری دایکیان بکەن. بـۆب بەردەوام بوو لە قسەکردن: "دایکە، باوکم سووتاوە و مردووە. ستیوارت ئاژەڵێکی کێویی بێزار کردووە و ئەویش پەلاماری داوە. ستیوارت تەقەی لێ کردووە، بەڵام ئاژەڵەکە کەوتووە بەسەریدا و هەروەها ئەویش مردووە." مێگی دەگریا و پەلەقاژەی دەکرد، بەڵام فیۆنا وەک بەرد بێدەنگ وەستا بوو. لە کۆتاییدا گوتی: "ئەوە بەڵایەکی زۆر گەورەیە!" جاک مێگیی بردەوە بۆ ماڵەوە و بە گالیسکەکەی گەڕایەوە بۆ بردنەوەی دوو تەرمەکە. مێگی لە ماڵەوە مایەوە و بەبێدەنگی بەکوڵ دەگریا، نەیدەتوانی هیچ بخوات یان قسە بکات. خاتوو سمسی خزمەتکار بەردەوام چاودێریی دەکرد. لە دەرگا درا و خاتوو سمس چوو بیکاتەوە. بینیی قەشە ڕاڵفە لە دەرەوە لەبەر بارانەکە وەستاوە و هەموو جەستەی تەڕ و قوڕاوییە. پاشان ڕوخسەتی هاتنە ژوورەوەی خواست. خاتوو سمس بەدەم گریانەوە گوتی: "ئۆو جەنابی قەشە! جەنابی قەشە، تۆ چۆن بە ڕووداوەکەت زانی؟"

قەشە ڕاڵف لە مەبەستی خاتوو سمس تێ نەگەیشت و گوتی: "خاتوو کلێری نامەی بۆ ناردم دەربارەی ئاگرەکە، منیش مۆڵەتم وەرگرت تا بێم بۆ

ئێره و بزانم هەموو شتێک باشه. گەڕانەوەم کارێکی باشه. بەڵام خاتوو سمس تۆ بۆچی دەگرییت؟"

خاتوو سمس گوتی: "کەواته نەتزانیوه!"

قەشه ڕاڵف بەسەرسوڕمانەوه گوتی: "چی؟ چی بزانم؟ چی ڕووی داوه؟"

خاتوو سمس هەواڵی مردنی بەڕێز کلێری و ستیوارتی به قەشه ڕاڵف ڕاگەیاند. ڕووخساری ڕاڵف سپی هەڵگەڕا و پاڵێکی نا به خزمەتکارەکەوه و پرسیی: "مێگی لەکوێیه؟"

خاتوو سمس بەنیگەرانییەوه وەڵامی دایەوه و گوتی: "مێگی لەوێیه. خاتوو کلێری و کوڕەکانیش له دەرەوەن، تەرمەکان دەهێننەوه."

بەڵام قەشه ڕاڵف گوێی بۆ نەگرت و بەهەڵەداوان چووه ژوورەکەی مێگییەوه. دەسته ساردەکانی کچەکەی گرت و پرسیی: "مێگی تۆ باشیت؟" مێگی خۆی هاویشته باوەشیەوه. سەرەڕای ئازارەکانی، دڵی خۆش بوو که قەشه ڕاڵف گەڕاوەتەوه بۆلای. پاش کەمێک دەستیان به گفتوگۆ کرد و مێگی پرسیی: "گەڕایتەوه؟"

ڕاڵف وەڵامی دایەوه: "بەڵێ، گەڕامەوه. ئۆو، مێگی، باوکت و ستیوارت! چۆن ئەمه ڕووی دا؟"

مێگی ڕووداوەکەی بۆ باس کرد و پاشان بێدەنگ بوو. قەشه ڕاڵف لەئامێزی گرت و دڵنەوایی کرد. پاشان بەبێ بیرکردنەوه دانەوییەوه و لێوەکانیی ماچ کرد، دووباره و سێباره ماچی کرد. له کۆتایدا له خۆی دوورخستەوه و گوتی: "مێگی، خۆشم دەوێیت. بۆ هەمیشەش هەروا دەبێت. بەڵام من قەشەم، ناتوانم... هەرگیز ناتوانم!" مێگی بەخێرایی

هەستایە سەرپێ و زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و گوتی: "دەچم شتێک پەیدا دەکەم بیخۆیت."

♦

سەرئەنجام پادرایک و ستیوارت نێژران و قەشە ڕاڵف ئامادە بوو بەجێیان بهێڵێت. فیۆنا لەسەر کورسیەکەی دانیشتبوو و سەیری دەستەکانی دەکرد. قەشە ڕاڵف لێی پرسی: "فیۆنا، تۆ باشیت؟"

فیۆنا بە دەنگێکی نزم و لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، بەڕێز ڕاڵف ئامادەکاریم بۆ کردووە. پێنج کوڕم ماوە—شەش، ئەگەر فرانک حساب بکەین. سوپاست دەکەم کە ئاگات لێی دەبێت."

قەشە ڕاڵف درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: "فیۆنا، ئەی کچەکەت؟ هەرگیز بیرت لەوە کردووەتەوە کە کچێکت هەیە؟"

فیۆنا گوتی: "نا، دایک تەنها کوڕەکانیی لەبیرە. شتێکت پێ بڵێم، قەشە ڕاڵف؟ دوو ڕۆژ لەمەوپێش بۆم دەرکەوت کە من پادرایکم خۆش دەوێت. بەڵام زۆر درەنگ بوو، نەمتوانی پێی بڵێم کە چەندە ئەوم خۆش دەوێت."

قەشە ڕاڵف قسەکەی پێ بڕی و داوای لێ کرد کە بەڵێنی شتێکی پێ بدات. فیۆناش ڕازی بوو. قەشە ڕاڵف داوای لێ کرد کە ئاگای لە مێگی بێت. لەبیری نەکات و بینێرێت بۆ سەما و چاوپێکەوتن لەگەڵ کوڕی گەنجدا. هەروەها هانی بدات بیر لە هاوسەرگیری و ماڵ و منداڵ بکاتەوە. فیۆنا، لەکاتێکدا بەردەوام سەیری دەستەکانی دەکرد و لە جێی خۆی نەدەجوڵا، بە قەشە ڕاڵفی گوت هەرچی تۆ بیڵێیت ئەوە دەبێت. قەشە ڕاڵف هەناسەیەکی هەڵکێشا و ژوورەکەی جێ هێشت. کاتێک قەشە ڕاڵف چوو بەرەو ئەسپەکەی، مێگی لە دەرەوە چاوەڕێی دەکرد. گوڵێکی بە دیاری پێ دا، تەنها گوڵێک کە

ئاگرەکە نەیسوتاندبوو و پێی گوت: "ئەم گوڵە یارمەتیت دەدات تا من لەبیر نەکەیت." ڕاڵف گوڵەکەی لێ وەرگرت و سەیرێکی مێگیی کرد و پێی گوت: "پێویستم بە هیچ شتێک نییە تا تۆم بیر بخاتەوە، من دەمەوێت تۆ من لەبیر بکەیت. دەمەوێت سەیری دەوروبەرت بکەیت و پیاوێکی باش و میهرەبان بدۆزیتەوە و هاوسەرگیریی لەگەڵ بکەیت و منداڵتان ببێت. تۆ دەبیتە دایکێکی باش. من هەرگیز ناتوانم کڵێسا بەجێ بهێڵم و هەرگیز ناشمەوێت بەجێی بهێڵم. من بەو شێوەیە تۆم خۆش ناوێت کە مێردێک خۆشی دەوێیت. کەواتە من لەبیر بکە مێگی!" لە کۆتاییدا بەبێ ماڵئاوایی و بەبێ ماچکردن سواری ئەسپەکەی بوو و ڕۆیشت.

## لووک (١٩٣٣–١٩٣٨)

### لووک دەگاتە جێ

گژوگیای درۆهیدا دووبارە سەوزر بووەوە و کاری کێڵگەکە بەردەوام بوو. ڕاڵف دی بریکاسات ئێستا ئیتر بیشۆپ ڕاڵف بوو. واتە بووبوو بە سەرۆکی قەشەکان. فیۆنا هەرگیز نامەکانی ڕاڵفی پیشانی مێگی نەدەدا و ئەو بەڵێنەشی لەبیر کرد کە بە ڕاڵفی دا تا دڵنیا بێت کە مێگی دەچێت بۆ سەماکردن. مێگی بۆ زۆر ئاهەنگ و سەما بانگێشت کرا، بەڵام هەمیشە قەبووڵی نەدەکرد. کوڕە گەنجەکان کە سەردانی درۆهیدایان دەکرد، هیوادار بوون لە نزیکەوە مێگی بناسن، بەڵام مێگی حەزی پێیان نەبوو.

♦

ڕۆژێک بۆب پێی گوتن کرێکارێکی نوێ دێت. پیاوێکی باش دیارە و شارەزایە لە بەخێوکردنی مەڕ و ئەسپدا. فیۆنا لە بۆبی پرسی: "ئایا ئەو پیاوە

نوێیە خێزاندارە؟" بۆب گوتی: "نازانم، لێم نەپرسیوە. سبەینێ دەگاتە ئێرە." چەند هەفتەیەک پێش ئەوەی مێگی پیاوە تازەکە ببینێت، زۆر جار براکانی باسی ئەویان دەکرد. ناوی لووک ئۆنیڵ بوو، هەروەها خاتوو سمسیش لەلای پەسەند بوو. کاتێک مێگی ئەوی بینی، بەسەر ئەسپێکی گەورەوە بوو و بەرەو ڕووی ئەو دەهات. کاتێک گەیشتە لای مێگی، کڵاوەکەی لەسەر داکەند و بە چاوی شین و زەردەخەنەوە سەیری مێگیی کرد و سڵاوی لێ کرد و خۆی پێ ناساند. مێگی بەخێرایی چەند شتێکی گوت و پاشان بێدەنگ بوو. نەیدەتوانی بیر لە هیچ شتێک بکاتەوە تا بیڵێت. ڕووخسار و چاوەکانی لووک ئۆنیڵ بەتەواوی لە ڕووخسار و چاوەکانی قەشە ڕاڵف دەچوو. لووک ئۆنیڵ کاتێک بەلای مێگیدا تێ دەپەڕی، بەوریایی سەیری دەکرد. ئەو کچێکی جوان و باش بوو هەروەها قژێکی سەرنجڕاکێشی هەبوو، بەڵام بۆچی کاتێک سەیری چاوەکانی لووکی دەکرد نائومێد دیار بوو؟ لووک بە شێوازی هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ کچان بەناوبانگ بوو، بەڵام هیچ کچێک وەک مێگی سەیری نەدەکرد. دووبارە مێگی لێی ڕوانی، نائومێد و شڵەژاو بوو. لووک بەزەردەخەنەیەکەوە پێی گوت: "کێشەت چیە؟"

مێگی داوای لێبوردنی لێ کرد و گوتی: "مەبەستم نەبوو بێزارت بکەم. تۆ کەسێکی دیکەت بیر هێنامەوە، هەر ئەوەندە." بەڵام لووک بەردەوام بوو لە پرسیارکردن و گوتی: "ببورە، کێم بیر هێنایتەوە؟"

مێگی بەساردییەکەوە گوتی: "گرنگ نییە."

- "خاتوو کلێریی بچووک، ناوت چیە؟"

+ "مێگی."

- "مێگی؟ ئەوە ناوی منداڵە. ناوی ڕاستەقینەت چییە؟ مارگەرێت؟"

+ "نەخێر، مێگان."

- "ئەوە باشترە، من بە مێگان بانگت دەکەم."

+ "نا، نابێت. ڕقم لێیەتی!"

بەڵام لووک تەنها پێ دەکەنی و دەیگوت من هەرچیم پێ خۆش بێت وا بانگت دەکەم.

هەفتەی دواتر دووبارە مێگی و لووک چاویان بە یەکتر کەوتەوە و سڵاویان لێکدی کرد. لووک گوتی: "شەوی شەممەی داهاتوو ئاهەنگێکی سەماکردن هەیە. ئایا لەگەڵم دێیت؟ "

مێگی سوپاسی کرد بۆ بانگێشتکردنی و پێی گوت: "بەڵام من نازانم سەما بکەم."

لووک پێی گوت: "خەمت نەبێت خۆم فێرت دەکەم. بۆییش ڕێگە دەدات ئۆتۆمبێلەکەی بەکار بێنم." بەڵام مێگی سوور بوو لەسەر قسەی خۆی و گوتی: "نایەم." لووکیش گوتی: "نا، تۆ گوتت سەماکردن نازانم، منیش پێم گوتیت خۆم فێرت دەکەم." مێگی تووڕەیی لە ڕووخساری دەباری. لووک بەردەوام بوو لە قسەکردن و گوتی: "مێگان، تۆ هەمیشە هەرچیت بووێت بەدەستی دەهێنیت، وانیە؟"

♦

بـۆب سەری سوڕما کاتێک لووک داوای ئۆتۆمبێلەکەی لێ کرد، بەڵام دەستی نەنا بەڕوویەوە و سوویچەکانی پێ دا و پێی گوت: "هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە کە مێگی بچێت بۆ سەماکردن، بەڵام لەگەڵ خۆت بیبە! لەوانەیە حەزی لێی بێت. ئەو زۆر ناچێتە دەرەوە." لووک لە بۆبی پرسی:

"ئەی بۆچی تۆ و جاک و هووگییش نایەن؟" بۆب سەری ڕاوەشاند و گوتی: "نا، سوپاس. ئێمە زۆر حەزمان لە سەماکردن نییە." ئەو ئێوارەیە، کاتێک لووک ئۆتۆمبێلەکەی خستە ئیش، بە مێگیی گوت: "پێم وایە تۆ جوانترین کچیت تا ئێستا بینیبێتم." بەڵام مێگی هیچی نەگوت. لووک بەردەوام بوو لە قسەکردن و باسی جوانی و دڵگیریی ژیانی بۆ مێگی دەکرد. مێگی لە قسەکانی بێزار بوو، داوای لێ کرد وازی لێ بێنێت و بێدەنگ بێت. بەڵام لووک وازی نەهێنا لە قسەکردن و پێی گوت: "بێگومان وازت لێ ناهێنم. تۆ ئەمشەو لەگەڵ منیت، کەواتە بەدرێژاییی ئەمشەو تۆ هی منیت."

هەموو خەڵکی ناوچەکە لە سەماکردن بوون. ژنەکانی تر ئیرەییان بە لووک دەبرد، بەڵام ئەو بۆ چرکەیەکیش مێگیی بەجێ نەهێشت. مێگی بە سەماکردن لەگەڵ ئەودا ئاسوودە بوو، وە حەزی لەو شێوازە بوو کە بەدەستە بەهێزەکانی ئەوی لەئامێز گرتبوو.

لە کاتی گەڕانەوەدا زۆر قسەیان نەکرد. ڕێگاکە بەرەو درۆهیدا حەفتا میل بوو. ئۆتۆمبێلەکە بەسەر گردێکی بچووکدا سەرکەوت، لووک ئۆتۆمبێلەکەی وەستاند و هەردووکیان دابەزین. کەشێکی زۆر ئارام بوو، دوور لە هەموو کەس! لەژێر ئەستێرەکاندا بەیەکەوە وەستا بوون. لووک لێی پرسی: "لێرە لەدایک بوویت، مێگان؟"

- "نا، لە نیوزلەندا لەدایک بووم. سێزدە ساڵ لەمەوپێش هاتین بۆ ئێرە."

+ "حەز دەکەم بۆ هەموو ئاهەنگەکانت ببەم."

- "سوپاس."

وەستا بوون و سەیری دیمەنی تاریکی دەشت و دەریان دەکرد. پاشان مێگی هەناسەیەکی هەڵکێشا و هەردووکیان گەڕانەوە بۆلای ئۆتۆمبێلەکە.

لووک کوڕێکی زیرەک بوو هەوڵی نەدا مێگی ماچ بکات، پلانی وابوو ئەگەر بتوانێت خوازبێنی بکات. هەروەها نەیویست بیترسێنێت، چاوەڕوان بوو تاوەکوو مێگی داوای لێ بکات ماچی بکات.

چەند ئاهەنگێکی تر هەبوو، خەڵکی درۆهیدا تێ گەیشتبوون کە ئێستا مێگی کوڕە هاوڕێیەکی قۆزی هەیە. مێگی زۆر بیری لە لووک دەکردەوە. چیتر ئەوی لەگەڵ قەشە ڕاڵفدا بەراورد نەدەکرد. دەیزانی ئێستا قەشە ڕاڵف بووە بە بیشۆپ ڕاڵف و هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆلای. حەزی بە کوڕەکانی تر نەبوو هەروەها دەیزانی چەند لووکی خۆش دەوێت. هەرچەندە زۆر بەیەکەوە قسەیان دەکرد، لووک خۆی وا دەرنەدەخست کە حەزی لە ژیانی مێگی بێت. ئەو کوڕێکی زیرەک بوو، کاری قورسی دەکرد و تامەزرۆ بوو دەوڵەمەند ببێت. خێزانەکەی هەژار بوو، کاتێک لووک تەمەنی دوازدە ساڵ بوو، باوکی کۆچی دوایی کردبوو. یەکسەر لووک کارێکی دۆزیبووەوە و لەو کاتەوە دەستی بە کاری قورس کردبوو. دەیویست سەرکەوتوو و دەوڵەمەند بێت. کاتێک زانیی خێزانەکەی مێگی خاوەنی درۆهیدا نین، بێهیوا بوو، بەڵام زانیی کە مێگی هەندێک پارەی خۆی هەیە. لووکیش پارەی دەویست نەک زەویوزار.

♦

سێزدەیەمین ئاهەنگ کە لووک مێگیی لەگەڵ خۆی برد، لە جیلان بۆن بوو. کاتێک لە تەنیشت ئۆتۆمبێلەکە وەستابوون، لووک هەردوو باڵی لە مێگی ئاڵاندبوو، پێی گوت: "تۆ سەرماتە وا باشترە بتبەمەوە بۆ ماڵەوە." مێگی گوتی: "نا، ئێستا باشم، خەریکە گەرمم دەبێتەوە." مێگی خۆشەویستیی دەویست، دەیویست بزانێت ماچەکانی لووک چۆنن. لووک ئاوڕی دایەوە و ماچی کرد، بەڵام مێگی نائومێد بوو و هەستی بەوە نەکرد کە پێشبینی دەکرد.

هەردووکیان چونەوە ناو ئۆتۆمبێلەکە. لووک دەیزانی ماچەکانی سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام نەیویست مێگی بترسێنێت. ئینجا شتێکی تر تاقی دەکاتەوە. بۆ ماوەیەک بەبێدەنگی دانیشتن. مێگی داوای لێبوردنی لێ کرد و هەروەها لووکیش داوای لێبوردنی لەو کرد و پێی گوت: "نیگەران مەبە، مەبەستم نەبوو بتترسێنم." کاتێک گەڕانەوە لووک زۆر بەنەرمی ماچی کرد. پێی وابوو مێگی ئەوەی بەدڵە. دڵخۆش بوو کە جانسەکانی لەدەست نەدابوو. دووەم جار کە لووک ماچی کرد، کاردانەوەی مێگی تەواو جیاواز بوو. لە ئاهەنگێکی قەشەنگ بوون و بەیەکەوە چێژیان لەو ئێوارەخوانە وەرگرت. ڕێگای ماڵەوە زۆر دوور بوو و هەواش زۆر سارد بوو. ناو ئۆتۆمبێلەکە گەرم بوو، هەندێک شەرابیان پێبوو بۆ خواردنەوە و هەندێک لەفەیشیان پێبوو بۆ خواردن. لووک بۆینباخەکەی کردەوە و گوتی: "ئەمشەو زۆر جوانیت، مێگان."

مێگییش گوتی: "ئۆو، ئەوە هەستێکی خۆشە، زۆر ئاسوودەم."

دواتر لووک ئاوڕی دایەوە و سەرەتا لەسەرخۆ ماچی کرد پاشان توندتر. مێگی ئەوی لە ئامێزگرت و توند بەخۆیەوە گوشی: "ئـاوا زۆر باشە، زۆر هەست بەگەرمی دەکەم."

لووک هەناسەیەکی هەڵکیشا و چاوەکانی دەدرەوشانەوە و بە زەردەخەنەیەکەوە داوای هاوسەرگیریی لێ کرد و بۆی ڕوون کردەوە کە تەنیایی چەند سەختە، ئەگەر بەیەکەوە بن تەنیا نابن. هەروەها گوتی: "ئەی براکانت ڕایان چی دەبێت؟" مێگی کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕان، ڕەزامەندیی دەربڕی و گوتی: "با سبەینێ بە هەموویان بڵێین." لووک گوتی: "شەممەی داهاتوو دەچین بۆ جیلانبۆن بۆ بینینی قەشە. تۆ دەبێت لە کڵێسا مارە بکرێیت و منیش ئەڵقەکان بکڕم." مێگی بۆ ئەم بیرۆکەیەی سوپاسی کرد. هیچ کەس بە هەواڵەکە سەرسام نەبوو. بەڵام هەموویان سەرسام بوون کە

مێگی ڕازی نەبوو هەواڵەکە بە بیشۆپ ڕاڵف بگەیەنێت، یان بانگێشتی بکات بۆ ئاهەنگەکە. بۆیە فیۆنا بەڵێنی بە مێگی دا کە لە نامەکانیدا باسی ئاهەنگەکە بۆ بیشۆپ ڕاڵف نەکات. خۆیشی حەزی لە ئاهەنگ و ئەو پیاوەش نەدەکرد کە مێگی هەڵی بژاردبوو.

## سەرەتای ژیانی هاوسەری

ئاهەنگەکە ڕۆژی شەممەی مانگی ئاب لە کڵێسای جیلانبۆن بەڕێوەچوو. لووک گوتی: "ئازیزم، دەزانیت بڕیارم داوە بچین دوای ئاهەنگەکە بۆ کوێ؟"

- "بۆ کوێ؟"

+ "کوینزلاندی باکوور. لە ئوتێلەکە لەگەڵ هەندێک کەس قسەم کردووە، ئەوان پێیان گوتم دەتوانین لەوێ بە بڕینی قامیشی شەکر پارەیەکی زۆرمان دەست بکەوێت."

- "بەڵام، لووک، لێرە کارێکی باشت هەیە!"

+ "پێم باش نییە لەگەڵ خێزانەکەت بژیم. دەمەوێت پارە پەیدا بکەم و لە خۆرئاوای کوینزلاند شوێنێک بۆ خۆمان بکڕم."

- "لووک، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە بیر لە دروستکردنی خانوو دەکەیتەوە لە کوینزلاند؟"

+ "بەڵێ."

مێگی لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد و بیری لە جێهێشتنی درۆهیدا دەکردەوە—ئەو شوێنەی کە بیشۆپ ڕاڵف هەمیشە سەردانی

دەکرد. هەروەها بیری لە ژیانی داهاتووی دەکردەوە. پێی وابوو هەرگیز جارێکی تر ڕاڵف نابینێتەوە... چاوی بڕییە ڕووخساری تامەزرۆی لووک و خەمبارتر بوو. بەڵام خەمبارییەکەی لووکی بێزار نەکرد، هەروەها لووکیش بێزار نەبوو لەوەی مێگی دەیەوێت. هیچ ژنێک، تەنانەت ئەگەر هێندەی مێگی کلێرییش جوان بێت، تا ئێستا پێی نەگوتووە چی بکە یان چی مەکە.

لووک بە مێگیی گوت: "پێم وایە کاتێک ژن و پیاوێک هاوسەرگیری دەکەن، هەموو سەروەت و سامانی ژنەکە دەبێت بە هی پیاوەکە. دەزانم تۆش نەختێک پارەت هەیە، پێشبینی دەکەم بیدەیت بە من." مێگی ئەو بۆچوونەی لەلا سەیر نەبوو، بۆیە ڕەزامەندیی دەربڕی. لووک لێی پرسی: "چەندە پارەت هەیە؟"

مێگی بەلەسەرخۆیی وەڵامی دایەوە: "لەئێستادا چواردە هەزار پاوەند. هەموو ساڵێکیش دوو هەزاری ترم دەست دەکەوێت."

لووک فیکەیەکی لێ دا و گوتی: "چواردە هەزار! مێگان، ئەوە پارەیەکی زۆرە، وا باشترە من بۆت هەڵگرم. دەتوانین هەفتەی داهاتوو چاومان بە بەڕێوەبەری بانکێک بکەوێت. من هەوڵ دەدەم پەیوەندیی پێوە بکەم. پاشەکەوتی دەکەم تا دواتر کێڵگەیەکی بۆ خۆمان پێ بکڕین. چەند ساڵێک دواتر هەردووکمان بەردەوام کار دەکەین و ئەو پارەی هەمانبووە دەستمان دەکەوێتەوە. باشە؟"

مێگی سەری لەقاند: "بەڵێ لووک."

♦

مێگی و لووک لە جیلانبۆن هاوسەرگیرییان کرد و ئاهەنگەکەیان زۆر بەهێمنی بەڕێوە چوو. هەمان ئێوارە بە گەشتێکی درێژ بە شەمەندەفەر

ڕۆیشتن بۆ باکووری کوینزلاند. یەکەم شەوی هاوسەرگیرییەکەیان لە شەمەندەفەرێکی لەسەرخۆی قەرەباڵغدا بەسەر برد کە دەڕۆیشت بۆ باکووری خۆرهەڵات بۆ گوندیویندی. کە گەیشتنە ئەوێ، پێویستە چاوەڕێی شەمەندەفەرێکی تر بکەن. لە وێستگەکە هیچ شتێکی لێ نەبوو تا بیخۆن و بیخۆنەوە، چونکە ڕۆژی شەممە بوو. دووبارە لە بڕیزبن چوونە ناو شەمەندەفەرێکی تر. دیسان نەیانتوانی ئاسوودە بن چونکە لووک کورسیی پلە دووی بەکرێ گرتبوو. مێگی لێی پرسی: "لووک، خۆ پارەی تەواومان پێیە، بۆچی نەتوانین کورسیی پلە یەک بەکرێ بگرین و بەئاسوودەیی بنووین؟"

لووک بەسەرسوڕمانەوە چاوی بڕییە مێگی و گوتی: "بەڵام تەنها سێ شەو و سێ ڕۆژە! بۆچی پارە بەفیڕۆ بدەین لەکاتێکدا هەردووکمان گەنج و تەندروستین؟ بیرت نەچێت من پیاوێکی دەوڵەمەند نیم!"

مێگی لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشتبوو و سەیری دەرەوەی دەکرد. وا دیاربوو لووک پێی وابوو کە ئەو منداڵە، بەڵام ئەو زۆر بەشانازییەوە گفتوگۆی دەکرد. مێگی دەیویست ببێت بە ژنێکی باش، وە بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن باوکی دایکیی خۆش ویستووە. پێی وابوو بە تێپەڕبوونی کات لووکیش بەهەمان شێوە ئەوی خۆش دەوێت.

ناو شەمەندەفەرەکە زۆر قەرەباڵغ بوو و زۆر بەهێواشی بە ئاڕاستەی باکوور دەڕۆیشت. مێگی سەری دەئێشا و هەستی بە نەخۆشی دەکرد. تا دەهات هەوا گەرمتر و گەرمتر دەبوو. جلە تازە جوانەکانیشی پیس بووبوون. تاڕادەیەک ڕقی لە لووک بوو کە بە هیچ شێوەیەک ماندوێتیی پێوە دیار نەبوو. دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ، ڕۆژی پێنج شەممە، لە شەمەندەفەرەکە دابەزین. مێگی بەزەحمەت دەیتوانی بەڕێگادا بڕوات. لووک لە وێستگەکە داوای ناونیشانی ئوتێلێکی هەرزانی کرد، جانتاکانیان هەڵگرت و بە شەقامەکاندا ڕۆیشتنە خوارەوە.

ژوورەکەیان بچووک بوو و پڕ بوو لە کەلوپەلی کۆنی ناشیرین، بەڵام بۆ مێگی وەک بەهەشت وابوو.ئەو دەستبەجێ خۆی هەڵدایە نێو جێگای نووستن. لووک گوتی: "خۆشەویستم، بۆ ماوەیەک ڕاکشێ. من دەمەوێت بچمە دەرەوە و سەیرێکی ئەم دەوروبەرە بکەم."

مێگی سەری خستەسەر سەرین و خەوی لێ کەوت.

♦

مێگی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ خەوت و کاتێک بەخەبەر هات، لووک لەبەردەم پەنجەرەکەدا دانیشتبوو و جگەرەی دەکێشا. لە مێگیی پرسی: "ئێستا چۆنیت؟"

مێگی لە جێگەکەی هەستا و دەستەکانی ڕاکێشا تا زووتر خەو بەری بدات و گوتی: "ئێستا زۆر باشترم، سوپاس. ئۆو، لووک، دەزانم من گەنج و بەهێزم بەڵام هێندەی تۆ بەهێز نیم."

لووک هات و لەتەنیشتی لەسەر جێگەی نووستنەکەی دانیشت و گوتی: "داوای لێبوردن دەکەم، مێگان. من ڕانەهاتووم ژنم هەبێت. بۆیە ڕەنگە هەڵسوکەوتم جێی پرسیار بێت. ئایا هەست بەبرسێتی دەکەیت؟"

- "زۆر هەست بە برسێتی دەکەم، هەفتەیەک دەبێت نانم نەخوادووە."

+ "باشە، گەرماوێک بکە و جلی پاک لەبەر بکە با بچینە دەرەوە."

لە چێشتخانەیەکی نزیک ئوتێلەکە ژەمێک خواردنی چینییان خوارد و پاشان چوون بۆ گەڕان لەناو شارۆچکەکە. خانووەکان سپی بوون و دارودرەخت لە هەموو شوێنێک ڕوێنرا بوو. ئەوێ بەتەواوی جیاواز بوو لە جیلانبۆن و زۆر زۆر گەرم بوو. مێگی تێبینیی کرد هەموو ژنەکانی تر شۆرتی

کورت و کڵاویان پۆشیوە. هەوا زۆر گەرم و شێدار بوو و مێگی بەزەحمەت دەیتوانی هەناسە بدات. دوای ماوەیەک لە لووکی پرسی: "دەتوانین ئێستا بگەڕێینەوە بۆ ژوورەکەمان؟" لووک گوتی: "چۆنت پێ خۆشە با وابێت."

♦

لووک، دوای نانی بەیانی لە چێشتخانەی ئوتێلەکە. گوتی: "کارێکم بۆ پەیدا کردوویت."

مێگی بەسەرسوڕمانەوە گوتی: "چی؟ لووک، خۆ هێشتا خانوومان نییە!"

لووک بەبڕوابەخۆبوونێکەوە گوتی: "مێگی پێویستمان بە خانوو نییە، من بەنیازم قامیشی شەکر ببڕم. هەموو شتێک ڕێک خراوە. من لەگەڵ قامیشبڕەکاندا دەژیم و لە هەفتەیەکدا شەش ڕۆژ کار دەکەین. من دەتوانم لە هەفتەیەکدا بیست پاوەند پەیدا بکەم."

مێگی پرسیی: "مەبەستت ئەوەیە کە ئێمە بەیەکەوە ناژیین؟"

لووک لە وەڵامدا گوتی: "ناتوانین، مێگی! لێرە پیاو و ژن پێکەوە ناژین. پێویست ناکات لەماڵیشەوە بەتەنیا بیت. ئەگەر تۆیش کار بکەیت، پارەی زیاتر پەیدا دەکەین و دەبینە خاوەنی خانووی خۆمان. کارێکم بۆت دۆزیوەتەوە وەک خزمەتکار لە ماڵێکدا. دەتوانیت لەوێ بژیت و هەموو پارەکانیشت بخەیتە بانک."

ـ "بەڵام، لووک، کەی دەتوانم تۆ ببینم؟"

+ "ڕۆژانی یەکشەممە. ڕۆژانی یەکشەممە مۆڵەتت دەدەن پشوو بدەیت."

ـ "باشە، هەموو شتێکت ڕێک خستووە، وانییە؟"

+ "بەڵێ، ئـۆو، مێگی، ئێمە دەوڵەمەند دەبین! تۆ ئەوەت بەدڵە، وانیە؟"

مێگی گوتی: "ئەگەر تۆ بەدڵت بێت، منیش بەدڵمە." پاشان سەیری جانتاکەی کرد و بۆ ئەو پارەیە گەڕا کە پێش ئەوەی درۆهیدا بەجێ بێڵێت بۆب پێی دابوو: "لووک، کوا سەد پاوەندەکەم؟"

لووک گوتی: "لە بانکدا دامنا. تۆ لەکاتی کارکردندا پارەت ناوێت. لە دەرەوەی شار کار دەکەیت هیچ شتێکی لێ نییە تا بیکڕیت. هەروەها منیش نامەوێت پارە خەرج بکەم. هەمووی بۆ داهاتوومان هەڵدەگرین."

مێگی گوتی: "لووک، ئەوە زۆر گونجاوە، بەڵام ئەگەر من منداڵێکم ببێت چی؟"

لووک پلانی وابوو منداڵیان نەبێت تا دەبنە خاوەنی کێڵگەی خۆیان، بەڵام بڕیاری دابوو بە مێگی نەڵێت. بۆیە لە وەڵامی مێگیدا گوتی: "جارێ با بزانین چی ڕوو دەدات."

بەیانیی دواتر ڕۆیشتن بۆ هیملهۆخ، ئەو کێڵگەیەی کە مێگی بەنیاز بوو کاری تێدا بکات. خانوویەکی گەورەی سپی بوو لەسەر لووتکەی گردێک. ئان میلەری خێزانی جووتیارەکە چاوەڕوانیان بوو. ئان سیمایەکی میهرەبانی هەبوو، خەندەیەکی بۆ مێگی کرد و گوتی: "بە ئـان بانگم بکە. هیوادارم بە ژیان لەگەڵ ئێمە دڵخۆش بیت، مێگی. هیوادارم کەشوهەوا بۆ تۆ زۆر گەرم نەبێت، وە هیوادارم کە زۆر بیری هاوسەرە باڵابەرزە قۆزەکەت نەکەیت."

مێگی وەڵامی نەدایەوە. پێی وانەبوو بیری لووک بکات، بەڵام ئەو هاوسەری بوو. لەوانەیە ژیانیان باشتر بووایە ئەگەر کێڵگەی خۆیان هەبووایە. ئەو پیاوێکی خراپ نەبوو، بەڵام ماوەیەکی درێژ بەتەنیا ژیابوو، نەیدەزانی چۆن ژیان لەگەڵ کەسێکی تردا بەش بکات. هەوڵیشی نەدەدا

لەوە تێ بگات کە مێگی دەیویست. سەرەڕای ئەوەش لەوانەیە بارودۆخ خراپتر بێت. ئان میلەر خانمێکی ڕووخۆش و گەرموگوڕ بوو. لەلایەکی تریشەوە لووک بەزوویی دامەزرا و دەستی بە بڕینی قامیشی شەکر کرد. کارەکەی خۆش دەویست و لەگەڵ پیاوەکانی تردا دڵخۆش بوو.

♦

مێگی چوار هەفتە لووکی نەبینییەوە. هەموو یەکشەممەیەک جلێکی نوێی لەبەر دەکرد و چاوەڕوانی ئەوی دەکرد. ئان و لوودی میلەر هیچیان نەدەگوت، بەڵام دەیانبینی تا دەهات مێگی نائومێدتر دەبوو. لە چوارەم یەکشەممەدا، لووک هات. کە هاتە ژوورەوە، ئان میلەر سڵاوی لێ کرد و پێی گوت: "خۆشحاڵم بیرت کەوتەوە کە ژنێکت هەیە! وەرە ژوورەوە و نانی بەیانمان لەگەڵدا بخۆ. پێم وابوو کە نایەیت مێگی ببینیت."

- "بڕیارم داوە ڕۆژانی یەکشەممەش کار بکەم. سبەینێ ناوچەکە بەجێ دەهێڵین."

+ "کەواتە ئیتر مێگی نابینیت."

- "مێگی خۆی تێ دەگات. هاوین پشوویەک هەیە. لەوانەیە مێگی لەگەڵ خۆم ببەم بۆ سیدنی."

لوودی و ئان لەگەڵ لووکدا بەردەوام بوون لە قسەکردن دەربارەی پلانەکانی لووک، بەڵام مێگی قسەی نەدەکرد. چایەکەی دەخواردەوە و گوێی دەگرت. سەرەتا لووک دەیگوت دوو ساڵی تر دەبنە خاوەنی کێڵگەی خۆیان، ئێستا دەڵێت چوار ساڵ یان پێنج ساڵی دەوێت. لووک ژیانی ئێستای خۆی خۆش دەویست. ئایا دەیتوانی وازی لێ بهێنێت؟ دەبێت مێگی چەندی تر چاوەڕوان بێت؟ ئەندامانی خێزانی میلەر زۆر میهرەبان بوون لەگەڵی، بۆیە

نەیاندەهێشت لە کارکردندا ماندوو بێت. بەڵام کەشوهەوای هیملهۆخ ئەوی ماندوو دەکرد، دوای ماوەیەک نەخۆش کەوت. بۆچی مێگی نەیدەتوانی چاوەڕوانی لووک بێت لە درۆهیدا.

دوای نانی بەیانی، لووک مێگیی برد بۆ ناو کێڵگەکان بۆ پیاسەکردن. مێگی پرسیی: "لووک، تۆ پێت وایە دوای یەک دوو ساڵی تر دەبینە خاوەنی کێڵگەی خۆمان؟"

- "بۆچی دەپرسیت؟ ئایا تۆ ناتەوێت کێڵگەمان هەبێت؟ ئایا لێرە دڵخۆش نییت؟"

+ "بەڵێ، لێرە دڵخۆشم، بەڵام من دەمەوێت لە ماڵی خۆمدا بژیم."

- "مێگی، سەیرکە، تۆ دەزانیت دەبێت ئێمە پارە پاشەکەوت بکەین. لێم تێ دەگەیت؟"

+ "بەڵێ، لووک."

دواتر لووک مێگیی لە هیملهۆخ بەجێ هێشت. بەنیاز بوو پێش ئەوەی بڕوات ماچی مێگی بکات، بەڵام لە کۆتاییدا بیری چوو. ئان بە لوودیی گوت: "مێگی کیژۆڵەیەکی داماوە! دەبێت لووک بکوژم!"

♦

کە هاوین هات، لووک چوو بۆ سیدنی، بەڵام مێگیی لەگەڵ خۆی نەبرد. لە هیملهۆخ کەشوهەوا گەرمتر بوو و هەموو ڕۆژێک باران دەباری. مێگی زیاتر و زیاتر خۆزگەی بە ماڵی خۆیان لە درۆهیدا دەخواست. وای هەست دەکرد کە هەرگیز ناتوانێت باکووری کوینزلاندی خۆش بووێت. بەڵام نەیدەزانی چۆن لێی ڕزگار بێت. خەونی بە درۆهیداوە دەبینی، بەڵام زۆر هەستی بە

شانازی دەکرد و بەو هۆیەوە نەیدەتوانی بە خێزانەکەی بڵێت کە مێردەکەی ئەوی فەرامۆش کردووە. مانگەکان تێ پەڕین و ساڵەکان ڕۆیشتن. مێگی دوو ساڵی تەواو ژیانی لە هیملهۆخ بەسەر برد. لەو ماوەیەدا لووک تەنها شەش جار سەردانی کرد. ڕۆژی یەکشەممە لووک هات مێگی ببات بۆ سەما. کاتێک گەیشتنە شوێنی ئاهەنگەکە، لووک مێگیی لەسوچێکدا لەناو ژنەکاندا بەجێ هێشت و زۆربەی کاتەکانی بە خواردنەوە و قسەکردن لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەسەر برد. لووک لە ڕێگادا بەرەو ماڵەوە بە مێگیی گوت: "چێژت لە ئاهەنگەکە وەرگرت؟"

مێگی گوتی: "زۆر سەمام نەکرد."

لووک بەساردوسڕییەوە داوای لێبوردنی لێ کرد و پێی گوت: "وامزانی حەزت لە سەمایە بۆیە تۆم هێنا. نەدەبوو تۆ بهێنم!"

مێگی بە توڕەیی گوتی: "وابزانم تۆ بەڕاستی ناتەوێت من ببم بە بەشێک لە ژیانت. من ماندوو بووم لەم جۆرە ژیانە. من هەرگیز تۆم بەتەنها لەگەڵ خۆم نەدیوە. دەمەوێت بڕۆمەوە بۆ درۆهیدا."

لووک بیری لە دوو هەزار پاوەندەکە دەکردەوە کە ساڵانە دەچووە سەر حسابەکەی بۆیە گوتی: "ئۆو، مێگی، ئەمە دووبارە نابێتەوە، بەڵێن دەدەم! ئەم هاوینە دەتبەم بۆ سیدنی. دەتوانین سێ مانگ لەوێ بژیین و ژیانێکی خۆشمان هەبێت!" مێگی سەیرێکی لووکی کرد. مانگ لە ڕووخسارە جوانەکەیدا دەدرەوشایەوە و زۆر لە قەشە ڕاڵف دی بریکاسات دەچوو. هێشتاش دەیویست لە ئەو منداڵ ببێت بۆیە گوتی: "زۆر باشە، زۆر باشە. ساڵێکی تر چاوەڕێ دەکەم و ئەمجارە هەر دەبێت بمبەیت بۆ سیدنی!"

مێگی مانگی جارێک نامەی بۆ فیۆنا و بۆب و کوڕەکانی تر دەنووسی. هەرگیز باسی ئەوەی نەدەکرد کە لەنێوان ئەو و لووکدا ڕووی داوە. خێزانەکەی وایان دەزانی کە خێزانی میلەر لەگەڵ مێگی هاوڕێن و مێگی لای ئەوان دەمێنێتەوە، چونکە لووک زۆربەی کات لای ئەو نییە. نەیاندەزانی مێگی وەک خزمەتکار لە ماڵیان کار دەکات. ئەوان دڵتەنگ بوون لەوەی مێگی سەردانی درۆهیدای نەدەکرد، نەیاندەزانی مێگی تەنانەت پارەی بلیتی شەمەندەفەرەکەشی پێ نییە. هەندێ جار مێگی لە نامەکانیدا پرسیاری دەربارەی بیشۆپ ڕاڵف دەکرد. جار جار بۆبیش دەربارەی ڕاڵف هەواڵی پێ دەدا. پاش ماوەیەک مێگی نامەیەکی پێ گەیشت پڕ بوو لە زانیاری دەربارەی بیشۆپ. بۆب نووسیبووی: "لەناکاو هات بۆ ئێرە و تاڕادەیەک بێزار و تووڕە بوو، چونکە هیچ کەس دەربارەی تۆ و لووک هیچیان پێ نەگوتبوو. پێم وایە بیری تۆی دەکرد. پرسیی: 'ئایا منداڵت هەیە؟' هیوادارم بەم زووانە بتبینێت چونکە پێم وایە بیشۆپ ڕاڵف پێی خۆش دەبێت. ناونیشانی تۆم پێ دا، بەڵام قبوڵی نەکرد. ڕاڵف گوتی: 'دەڕۆم بۆ یۆنان و لێرە نامێنمەوە.' مێگی نامەکەی لابرد و گوتی: "ڕاڵف زانیی! ئەو زانیی کە من هەواڵی دەپرسم! دەبێت ئەو دەربارەی من چۆن بیر بکاتەوە. ڕەنگە بڵێت بۆچی ئەمەی بەسەر هات؟ یان بڵێت لووکی خۆش ناوێت، یان هەرگیز لووکی خۆش نەویستووە. دەبێت ژیانی چەندە ناخۆش بێت!"

♦

لە ئەسینا، ڕاڵف دی بریکاسات بیری لە مێگی دەکردەوە. ئێستا ڕەنگە ئیتر نەیبینێتەوە. ئەی مێگی بۆچی دڵخۆشە؟ ئایا لووک ئۆنیڵ لەگەڵی باشە؟ ئایا مێگی ئەوی خۆش دەوێت؟ ئەو چ جۆرە پیاوێکە؟ ئایا مێگی بۆیە لەگەڵ

لووکدا هاوسەرگیریی کردووە تا ڕاڵف بێزار بکات؟ بۆچی مێگی هیچ منداڵی نییە؟

هەر زوو کاری بیشۆپ ڕاڵف لە یۆنان تەواو بوو و نێردرا بۆ ڕۆما. دوای شەش مانگ گەڕایەوە بۆ ئوسترالیا. ڕاڵف ئێستا بووە بە مەتران (قەشەی هەرە گەورە)، وە کڵێسا بووە بە بەشێک لە ژیانی.

♦

لە کۆتاییی مانگی ئابدا، مێگی نامەیەکی لە لووکەوە پێ گەیشت. لووک لە نەخۆشخانە بوو، بەڵام نەخۆشییەکەی سەخت نەبوو. هەرچەندە تا باشتر نەبووایە نەیدەتوانی بچێتەوە سەر کارەکەی، بەڵام پێشنیاری کرد لەگەڵ مێگی بۆ پشوویەک بچنە دەرەوە. مێگی نەیدەتوانی بڕوا بکات. بەڕاستی نەیدەزانی ئایا بەتەنها لەگەڵ لووکدا بڕوات یان نا. بەڵام ڕەنگە ئەمە دەرفەتێک بێت تا منداڵێکی ببێت. ئەگەر منداڵێکی هەبووایە، ژیانی زۆر ئاسانتر دەبوو. هەروەها ئان و لوودییش حەزیان دەکرد منداڵێک لەوماڵەدا هەبێت. لووک ئۆتۆمبێلێکی هێنا و مێگیی لەگەڵ خۆی برد بۆ ناو چیاکان. هەوا فێنک بوو، وە لە ئوتێلێکی بچووکی تەنیشت دەریاچە قەشەنگەکە مانەوە.

لووک بە مێگیی گوت: "ئێمە تەنها پێنج هەزار پاوەندی ترمان دەوێت تا کێڵگەی خۆمان بکڕین."

مێگی گوتی: "دەتوانم نامە بنووسم بۆ بیشۆپ دی بریکاسات، ئەو پارەمان بە قەرز دەداتێ."

لووک بە تووڕەیی گوتی: "نەخێر، وامەکە. ئێمە کار دەکەین بۆ ئەوەی کە دەمانەوێت، نەک قەرزکردن."

لووک هەموو شتێکی مێگیی برد بوو. بەڵام مێگی هەرگیز تووڕە نەدەبوو و باوەڕی نەدەکرد کە لووک بیەوێت ببێت بە جووتیار. ئەو بەم شێوەیە دڵخۆش بوو، نەیدەویست مێگی منداڵی ببێت یانماڵێکی هەبێت. هێندەی نەخایاند لووک لە نەخۆشییەکەی چاک بووەوە. ئەو بەباشی نانی دەخوارد و ڕەنگی باشتر دیار بوو. مێگی ئەوی قایل کرد کە هەفتەیەک لەوێ بمێننەوە، پاشان بۆ هەفتەیەکی تریش. دوای مانگێک لووک بڕیاری دا بگەڕێتەوە سەر کارەکەی. هەمیشە دەیگوت: "مێگی تا لێرە بین پارەی زیاتر خەرج دەکەین." لووک تامەزرۆ بوو بگەڕێتەوە بۆلای هاوڕێکانی بۆ بڕینی قامیشی شەکر. تەنها شتێک کە مێگی ئاواتی بۆ دەخواست، ئەوە بوو دوای مانگێک پێکەوەبوون هەست بکات کە دووگیانە، وە دواتر ڕەنگە لووک بڕیارەکەی بگۆڕێت و ماڵێکیان بۆ دروست بکات.

بەم شێوەیە مێگی گەڕایەوە بۆ هیملهۆخ و چاوەڕوان بوو، نزای دەکرد و داوای منداڵی دەکرد. کاتێک نزاکانی گیرا بوون، ئان و لوودی زۆر دڵخۆش بوون. مێگی زۆر نەخۆش کەوت و دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک دکتۆر زۆر نیگەرانی بوو. بڕیاریدا پێش ئەوەی منداڵەکەی ببێت بینێرێت بۆ نەخۆشخانە. دکتۆرەکە بە لوودیی گوت: "هەوڵ بدە مێردەکەشی بێت بۆ نەخۆشخانە تا بیبینێت!"

کاتێک مێگی نامەی بۆ لووک نووسی و باسی منداڵەکەی بۆ کرد، پێشبینی کرد کە ئەویش دڵخۆش بێت. بەڵام لووک بەتووڕەیی وەڵامی دایەوە. منداڵەکە خەرجیی دەویست و مێگیش نەیدەتوانی کـار بکات. مێگی ویستی بڕواتەوە بۆ ماڵەوە بۆ درۆهیدا، بەڵام زۆر لاواز بوو و توانای گەشت کردنی نەبوو. ئێستا زانیی کە بە بوونی منداڵ لووک ناگۆڕێت. ئەو تەنها لەبەر پارەکانی مێگی هاوسەرگیری کردووە، بەڵام مێگی بۆیە هاوسەرگیریی لەگەڵ کرد تا لە ڕاڵف دی بریکاسات هەڵبێت؛ خۆشەویستیی ڕاستەقینە لە

نێوانیاندا نەبوو. ڕۆژێک مێگی بیری لە لووک و ڕاڵف دەکردەوە، لە خۆی پرسی بۆچی شووی بە لووک کرد لەکاتێکدا کە بەڕاستی ڕاڵفی خۆش دەویست؟ چۆن دەتوانێت لەگەڵ منداڵی لووک ئۆنیڵدا بەختەوەر بێت؟ هەستی چەند جیاواز دەبوو ئەگەر منداڵەکە هی ڕاڵف بووایە! لەناکاو هەستایە سەرپێ و ڕۆیشت ئان ببینێت و گوتی: "ئان، پەیوەندی بە دکتۆر سمسەوە بکە. ئێستا منداڵەکە دێت." دکتۆر بەپەلە بە ئۆتۆمبێلە بچووکەکەی خۆی گەیاندە هیملهۆخ و پەرستارێکیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو.

دکتۆر پرسیی: "هێشتت مێردەکەت بزانێت؟"

ئان وەڵامی دایەوە: "پەیامێکم بۆ ناردووە. لێرەوە، دکتۆر، ئەو لە ژوورەکەی منە."

پاش چەند کاتژمێرێک، دکتۆر لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و گوتی: "ئەمە کارێکی سەختە و کاتیشی دەوێت. ئەو دەبێت ببرێت بۆ نەخۆشخانە. بەردەوام پرسیار دەکات ئایا ڕاڵف لێرەیە. وا بزانم مێردەکەی ناوی لووکە؟"

ئان گوتی: "بەڵێ، ناوی لووکە."

ئان لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد. لە دوورەوە تەکسییەکی بینی نزیک دەبووەوە. پیاوێکی قژ ڕەش لەدواوە دانیشتبوو. ئان لەبەرخۆیەوە گوتی: "باوەڕ ناکەم، لە کۆتاییدا لووک هات." دکتۆر گەڕایەوە بۆ ژووری نووستنەکە و گوتی: "من هیچ بە خاتوو ئۆنیڵ ناڵێم لەوانەیە ئەوە مێردەکەی نەبێت." تەکسییەکە وەستا. ئان سەری سوڕما بە بینینی پیاوێکی باڵابەرز کە جلوبەرگی مەترانی لەبەردابوو و لە تەکسییەکە دابەزی. ئان بیری کردەوە: "ئایا لووک ئەم گاڵتە سەیرەمان لەگەڵ دەکات؟" بەڵام کاتێک پیاوەکە ئاوڕی دایەوە ئان بۆی دەرکەوت دە ساڵ لە لووک بەتەمەنترە. کابرا لە ئانی پرسی: "خاتوو میلەر، من مەتران ڕاڵف دی بریکاساتم. پێم وایە خانمی لووک ئـۆنیڵ

لەگەڵ ئێوە دەژی." ئان بیری کردەوە کەواتە ئەمە ڕاڵفە، پاشان گوتی: "بەڵێ، گەورەم."

ڕاڵف گوتی: "من هاوڕێی کۆنی ئەوم، تکایە دەتوانم بیبینم؟"

ئان گوتی: "بەڕێز مەتران، دڵنیام مێگی بەبینینی تۆ زۆر دڵشاد دەبێت، بەڵام لەم ساتەدا ئەو منداڵی دەبێت و ئێستا لە بارودۆخێکی سەختدایە."

ئان هەستێکی قووڵی لە چاوە شینەکانی مەتراندا بەدی کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی دەبێت چی لەنێوان ئەم پیاوە و مێگیدا هەبێت؟ ڕاڵف هاواری کرد و گوتی: "دڵنیام کێشەیەک هەیە! تکایە ڕێگەم بدە بیبینم. ئەگەر بیانوویەکت دەوێت ئەوە من قەشەم." ئان نەیویست ڕێگریی لێ بکات لە بینینی مێگی. بۆیە فەرمووی لێ کرد و ژوورەکەی پیشان دا. ڕاڵف بەتەنیشتی دکتۆر سمس و پەرستارەکەدا ڕۆیشت بێ ئەوەی بیانبینێت و لەتەنیشت مێگی چەمایەوە تا دەستی بگرێت پاشان بانگی گرد. مێگی چاوەکانی کردەوە، پڕ بوون لە ئازار. لە ڕاڵفی ڕوانی و داوای یارمەتی و نزای لێ کرد بۆ خۆی و منداڵەکەی و گوتی: "تۆ دەتوانیت ڕزگارمان بکەیت. تۆ زیاتر لە ئێمە لە خوداوە نزیکیت. هیچ کەس ئێمەی ناوێت، تەنانەت تۆیش." ڕاڵف پرسیی: "لووک لەکوێیە؟" مێگی گوتی: "نازانم بە من چی." لەتاو ئازار چاوەکانی داخست، بەڵام دەستی هەر لەناو دەستی ڕاڵفدا بوو. دکتۆرەکە دەستی خستە سەرشانی ڕاڵف و گوتی: "گەورەم! دەبێت ئێستا بچیتە دەرەوە." ڕاڵف گوتی: "هەر مەترسییەک هاتە پێش ئاگادارم بکەن." دکتۆر لەم بارەیەوە دڵنیای کرد. ڕاڵف ژوورەکەی جێ هێشت و چوو بۆلای ئان و لوودی. لوودی لە ڕاڵفی پرسی: "لە کەیەوە مێگی دەناسیت؟"

ڕاڵف وەڵامی دایەوە: "لەو کاتەوەی لە نیوزلەنداوە هات بۆ ئوستralیا. بەڵام وا هەست دەکەم بە هەموو تەمەنم ناسیومە."

ئان سەری سوڕما و گوتی: "خۆشت دەوێت؟"

- "هەمیشە."

+ "چەند بەدبەختن هەردووکتان."

- "هەمیشە هیوادار بووم تەنها من بەدبەخت بم، نەک مێگی. باسی ئەوم بۆ بکەن. چیی بەسەر هاتووە لەو کاتەوەی کە هاوسەرگیریی کردووە؟ من چەند ساڵێکە ئەوم نەبینیوە و زۆر دڵتەنگم بۆی."

+ "من و لوودی هیچ شتێک نازانین دەربارەی ژیانی ئەو پێش هاتنی بۆ کوینزلاند. من پیم وایە ئەو زۆر بەشکۆ بوو هەرگیز باسی نەدەکرد."

بەڕێز مەتران باسی ژیانی مێگیی بۆ کردن لە درۆهیدا. ئان تووشی شۆک بوو: "بیر بکەرەوە لووک ئۆنیڵ ئەوی لە ژیانی خۆی دوور خستووەتەوە و لێرە وەک خزمەتکار کاری پێ دەکات. ئێمەشی ڕازی کرد هەموو ئەو پارانەی کە مێگی پەیدای کردووە بیخاتە سەر حسابەکەی خۆی! ئایا زانیوتە مێگی هیچ پارەی پێ نەبووە بۆ خەرجیی خۆی لەو کاتەوەی لێرە دەژی؟" مەتران ڕاڵف بەتوندی گوتی: "نیگەرانی مێگی مەبە. باوەڕ ناکەم خۆیشی نیگەرانی خۆی بێت. من دڵنیام ئەو گوێ بە پارە نادات. پارە خۆشبەختیی بۆ ئەو نەهێنا، وانیە؟ من پێم وایە ئەو زیاتر نیگەرانی ئەوەیە کە لووک خۆشی ناوێت، مێگی داماو!"

کاتێک ئان و لوودی لە باسی ژیانی مێگی لە کوینزلاند تەواو بوون، مەتران ڕاڵف هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: "دەبێت هەموومان یارمەتیی بدەین. ئەگەر لووک یارمەتیی نەدات، وا باشترە بچێتەوە بۆ درۆهیدا. من لە سیدنییەوە چەکێکی بانکیی بۆ دەنێرم. نابێت ئەو داوای پارە لە براکانی بکات. خودایە، منداڵەکە زوو لەدایک ببێت."

بەڵام منداڵەکە تا بیست و چوار کاتژمێر دواتر لەدایک نەبوو. مێگی خەریک بوو لە ئازار و شەکەتیدا دەمرد. دکتۆر سمس لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و هەواڵی پێ دان: "هەموو شتێک تەواو بووە و مێگی زۆر نەخۆشە، بەڵام ئەو باش دەبێت. منداڵەکە کچێکی بچووکە، بەڵام زۆر بەهێزە. قژی سوورە و گرینۆکە.

مەتران ڕاڵف لەگەڵ ئان و لوودی چوو بۆ بینینی دایکەکە. مێگی لەو جێگە گەورەیەدا زۆر بچووک و لاواز دیار بوو. منداڵەکە بە دەنگی بەرز دەگریا.

ڕاڵف دەستی مێگی گرت و بە زەردەخەنەوە گوتی: "منداڵێکی بەهێزت هەیە."

مێگی گوتی: "پێم وانییە زۆر حەزی لە ژیان بێت." پاشان ڕووی کردە ئان و لوودی و گوتی: "هاوڕێ ئازیزەکانم! بەبێ ئێوە چیم بکردایە؟ هیچ هەواڵێکمان لە لووک هەیە؟"

ئان چەمایەوە و مێگیی ماچ کرد و پێی گوت: "لووک پەیامێکی ناردووە. ئەو زۆر سەرقاڵە بۆیە نەیتوانی بێت، بەڵام هیوای بەختێکی باشت بۆ دەخوازێت. ئازیزم بەتەنیا لەگەڵ بەڕێز مەتران بەجێت دەهێڵین.

مەتران ڕاڵف داوای کرد لە دوای خۆیان دەرگاکە دابخەن و پاشان لە مێگیی پرسی: "ئەم منداڵە گرینۆکەت ناو دەنێیت چی؟"

- "جەستین."

+ "ئەم کچەت دەوێت، مێگی؟"

- "دەمویست، بەڵام ئێستا وا هەست دەکەم ئەو منی ناوێت."

+ "مێگی، من دەبێت بڕۆم."

چاوەکانی مێگی زەقتر و گەشتر دەبوون: "دەزانم دەتەوێت بڕۆیت! تۆیش بەتەواوی وەک لووک وایت. هەمیشە بەپەلەیت بۆ دوورکەوتنەوە لە من."

ڕاڵف هەستی بە ئازار کرد و گوتی: "تکایە وا بیر مەکەرەوە، مێگی. تکایە مەگۆڕێ، مەبە بە کەسێکی توند. تۆ هەمیشە نەرمونیان بوویت. تۆ چیتر مێگییەکەی من نییت."

بەڵام هێشتا مێگی بە شێوەیەک سەیریی دەکرد وەک ئەوەی ڕقی لێی بێت: "نەخێر، ڕاڵف! من مێگییەکەی تۆ نیم و هەرگیز نەبووم. تۆ منت نەویست، بۆیە شووم بە لووک کرد. تۆ ژیانی منت فەوتاند! من چەند ساڵێک تۆم خۆش ویست و هیچ کەسم نەویست بێجگە لە تۆ، وە چاوەڕێم کردیت... زۆر هەوڵم دا لەبیرت بکەم، پاشان هاوسەرگیریم لەگەڵ پیاوێک کرد کە وەک تۆ وایە. بە هەمان شێوە ئەویش منی ناوێت!" دەستی کرد بە گریان و پاشان وەستا.

دیسان بەردەوام بوو: "لووک پیاوێکی خراپ نییە. ئیتر ئەویش پیاوە وەک تۆ. ئەو شتێکی دەوێت، بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتە، گوێ نادات بە ئازاردانی کەسانی تر."

ڕاڵف نەیدەزانی چیی پێ بڵێت. چونکە پێشتر ئەوی بەو شێوەیە نەبینی بوو. پاشان بەنەرمی لێی پرسی: "ئەو گوڵەت لەبیرە کە لە درۆهیدا پێت دام؟"

مێگی بە دەنگێکی بێهەست وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، لـەبیرمە."

ڕاڵف بەردەوام بوو و گوتی: "ئێستاش ماومە. هەمیشە کە سەیری دەکەم تۆم بیر دێتەوە. مێگی، خۆشم دەوێیت. تۆ گوڵی منیت. جوانترین شتی ژیانی منیت."

دووبارە چاوەکانی مێگی زەقتر و گەشتر بوون و گوتی: "تۆ تەنها خەون دەبینیت، وانییە ڕاڵف دی بریکاسات؟ تۆ هیچ نازانیت دەربارەی ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ. تۆ دەڵێیت منت خۆش دەوێت، بەڵام نازانیت خۆشەویستیی ڕاستەقینە چییە. تۆ تەنها وشەکان دەردەبڕیت!"

ڕاڵف گوتی: "مێگی، وا مەڵێ! تکایە وا مەڵێ!"

مێگی بەساردوسڕییەوە گوتی: "ئۆو، بڕۆ دەرەوە نامەوێت بتبینم!"

ڕاڵف بێ ئەوەی سەیری دواوە بکات چووە دەرەوە.

♦

لووک هەرگیز وەڵامی ئەو پەیامەی نەدایەوە کە دەیگوت ئەو باوکی کچێکە. وردە وردە مێگی باشتر دەبوو و منداڵەکەش گەورە دەبوو. هەرچەندە مێگی ئاگاداری دەبوو و بەخێوی دەکرد، بەڵام زۆر خۆشی نەدەویست.

چەند مانگێک تێ پەڕی، هێشتا لووک هەر لێیان دوور بوو. زۆرجار مێگی نامەی بۆ دەنارد، بەڵام ئەو وەڵامی نەدەدایەوە. مێگی ماندوو و نەخۆش بوو، منداڵەکە لە مێگی تەندروستتر بوو. ڕۆژێک ئان هات بۆلای مێگی و پێشنیازێکی بۆ کرد: "مێگی، من و لوودی نیگەرانی تۆین. تۆ باش نییت و بەباشی خواردن ناخۆیت. بۆیە ئێمە پشوویەکمان بۆ ئامادە کردوویت. کاتێک منداڵەکەت بوو مەتران ڕاڵف چەکێکی گەورەی بۆ ناردیت، هەروەها براکەیشت. تۆ پێویستت بە پشووە و هەروەها پێویستت بە کاتە بۆ

بیرکردنەوە. بۆیە ئێمە ئامادەکاریمان بۆ کردوویت تا بچیت بۆ دوورگەی ماتلۆک و دوو مانگ پشوو بدەیت. من و لوودییش ئاگامان لە جەستین دەبێت.

مێگی گوتی: "ئان تۆ و لوودی زۆر بەباشی ئاگاتان لە من بووە، زیاتر لە لووک. تـۆ ڕاست دەکەیت من باش نیم. ئـۆو، ئان، من زۆر ماندووم. پێویستە من دایکێکی باش بم بۆ جەستین، بەڵام من وانیم. ئەو پرسی بە من نەکرد کاتێک لەدایک بوو. لووکیش بواری ئەوەی پێ نەدام تا هەوڵ بدەم خۆشم بوێت. وا دیارە ئەویش منی خۆش ناوێت، پێم وایە ئەوە هەڵەی منە."

ئان بەردەوام بوو لە قسەکردن و لە مێگیی پرسی: "تۆ بەڕێز مەترانت خۆش دەوێت، وانیە؟"

مێگی بەخەمباری وەڵامی دایەوە و گوتی: "ئۆو، بەڵێ، لەو کاتەوەی کە کچێکی بچووک بووم! کاتێک ئەو لێرە بوو هەندێک قسەی ڕەقم پێ گوت. ڕاڵفی داماو! دەزانیت ئەو هەرگیز هانی نەداوم ئەوم خۆش بوێت. ئۆو، بۆچی کڵێسا دەڵێت هەڵەیە بۆ من ڕاڵفم خۆش بوێت؟

ئان دووبارە سەنجی مێگیی بۆلای لووک ڕاکێشاو گوتی: "مێگی، لەوانەیە بتتوانیبا لووک قایل بکەیت کێڵگەیەک بکڕێت."

- "نەخێر، ئەو بەڕاستی منی ناوێت. هەموو ئەوەی دەیەوێت ئەوەیەکە وەک ئەو ژیانەی ئێستای بژی. ئەو حەزی لە بڕینی قامیشی شەکرە و هاوڕێکانیی خۆش دەوێت وماڵی ناوێت، من ماڵ و خۆشەویستیم دەوێت. من دەچم بۆ دوورگەی ماتلۆک. زۆر سوپاسگوزارم بۆ ئەو بیرکردنەوەتان. دوورگەی ماتلۆک شوێنێکی چۆنە؟"

+ "دوورگەیەکی بچووکە، زۆر هێمن و تایبەتە. دەتوانیت لە کوخە بچووکەکەی خۆتدا بمێنیتەوە. لەم کاتەی ساڵدا زۆر کەس لەوێ نابینیت. بواری ئەوەت هەیە کە بیر لە داهاتووت بکەیتەوە."

## خۆشبەختی لە دوورگەی ماتلۆک

لە کۆتا ڕۆژی ساڵی ١٩٣٧دا، مێگی دەستی کرد بە گەشتەکەی بەرەو دوورگەی ماتلۆک. ئەو تەمەنی بیست و شەش ساڵ بوو. ئێوارە کاتژمێرێک پێش خۆرئاوا بوون گەیشتە ئەوێ. پیاوێکی پیر چاوەڕوانی بوو سڵاوی لێ کرد و خۆی پێ ناساند: "من ناوم ڕۆب واڵتەرە. هیوادارم لێرە چاوت بە هاوسەرەکەت بکەوێت. لەم کاتەی ساڵدا زۆر کەسی لێ نییە. بە زۆری خەڵک لە زستاندا بۆ ئێرە دێن."

هەردووکیان سواری ئۆتۆمبێلەکەی ڕۆب بوون و بەناو ڕێگا باریکەکانی ناو درەختەکاندا تێ پەڕین و دیمەنی دەوروبەر زۆر سەرنجی مێگیی ڕاکێشا. چوونە سەر ڕێگایەکی تر کە بەتەنیشت کەنارەکەدا تێپەڕ دەبوو. ئاوەکە وەک زیو وابوو؛ هێمن و ئارام.

بەڕێز واڵتەر گوتی: "درێژیی دوورگەکە هەشت سەد میلە و پانییەکەی چوار میلە. ئێمە لەو خانووە سپییەدا دەژیین، بەڵام کوخەکەی تۆ کەمێک دوورترە. هەرکاتێک شتێکت پێویست بوو، پەیوەندیم پێوە بکە بۆت دەهێنم."

کوخەکە کەنارێکی تایبەتی خۆی هەبوو، وە لێرە ڕێگاکە کۆتایی دەهات. ناوەوە زۆر تەخت و ئاسوودەبەخش بوو. ساردکەرەوەکە خواردنی تێدا بوو

وە تەختێکی فراوانی ئارامبەخش لە کوخەکەدا بوو. مێگی دەیتوانی بەباشی بخوات و بخەوێت.

♦

مێگی هەفتەی یەکەم هیچی نەکرد، تەنیا دەیخوارد و دەنوست. نەیدەزانی چەندە شەکەت بووە. چیتر هەستی بە تەنیایی نەدەکرد، هەروەها بیری ئان و لوودی و جەستین و لووکی نەدەکرد، تەنانەت بیریشی لە درۆهیدا نەدەکردەوە. ڕۆبی بەتەمەنیش هەرگیز بێزاری نەدەکرد.

مێگی بیری لە خۆی و ژیانی داهاتووی دەکردەوە. بەڕاستی ڕاڵفی دەویست، بەڵام نەیدەتوانی بەدەستی بهێنێت. بڕیاری دا لووک ڕازی بکات منداڵی زیاتریان ببێت و خانوویان بۆ بکڕێت و بهێڵێت پارەی خۆی پاشەکەوت بکات. ئەو نەیدەویست ژیانی خۆی بەهەدەر بدات بە خەونبینین لە پیاوێک و منداڵانێک کە هێشتا نەیبووە. ژیانی داهاتووی هەر بۆ لووک و منداڵەکانی بوو.

مێگی لەسەر کەنارەکە ڕاکشا و لەتاوا وەک منداڵ دەگریا، تەنها باڵندەکان گوێیان لێی بوو.

♦

ئان میلەر بەمەبەست دوورگەی ماتلۆکی هەڵبژاردبوو، پلانی دانابوو بەزووترین کات لووکیش بنێرێت بۆ ئەوێ. پەیامێکی بۆ لووک نارد، دەیگوت مێگی پێویستی پێتە. ئان مێگی و جەستینی خۆش دەویست و دەیویست دڵخۆش بن. جەستین پێویستی بە لانەیەکە تا تێیدا بژی و پێویستە بە سۆزی دایک و باوک گەورە ببێت. دوو ڕۆژ دواتر، لووک گەیشتە هیملهۆخ. بەنیاز بوو بچێت بۆ سیدنی، بەڵام سەرەتا ویستی منداڵەکە ببینێت. نائومێد بوو کاتێک زانیی منداڵەکە کچە؛ کوڕ دەتوانێت کار بکات و یارمەتی لووک

بدات لە کاری کێڵگە و بڕینی قامیشی شەکر کاتێک لووک چووە تەمەنەوە. لووک هەواڵی مێگی پرسی و هیوادار بوو نەخۆش نەبێت. ئان دڵنیای کرد کە مێگی باشە و داوای لێ کرد کچەکەی ببینێت. لووک سەیری منداڵەکەی کرد و گوتی: "کچێکی بچووکی سەیرە. وا دیارە زۆر دڵخۆش نییە، وانییە؟"

ئان گوتی: "بۆچی دەبێت دڵخۆش بێت؟ ئەو هەرگیز باوکیی نەبینیوە و ماڵێکی ڕاستەقینەی نەبووە و دیاریشە کە تۆ بەنیاز نییت ماڵێکی بۆ دابین بکەیت!"

لووک وەڵامی دایەوە: "ئان، من پارە پاشەکەوت دەکەم!"

- "دەزانم ئێستا پارەی تەواوت هەیە، لووک. خۆت دەزانیت ئێستا خانوو و زەوی هەرزانن."

+ "ئەی کەشوهەوا؟ ماوەی دوو ساڵە بارانی پێویست نەباریوە. پێم وایە دەبێت چاوەڕوان بم."

- "قسەی قۆڕ، لووک!"

+ "من هێشتا ئامادە نیم قامیشی شەکر بەجێ بهێڵم."

- "بەڵێ، لە کۆتاییدا ئەوە ڕاستییەکەیە، وانییە؟ تۆ بەڕاستی ناتەوێت هاوسەرگیری بکەیت. بەلاتەوە ئاساییە ئەگەر هاوسەر و خێزانەکەت فەرامۆش بکەیت."

+ "من ئەوان فەرامۆش ناکەم. مێگی تەندروستە و هەروەها خۆراکی پێویستیشی هەیە."

- "تۆ بۆ پارە هاوسەرگیریت لەگەڵ مێگی کرد، وانییە؟"

ڕووخساری لووک سوور هەڵگەڕا و بەردەوام بوو لە قسەکردن بەڵام سەیری ئانی نەدەکرد: "پارە هۆکار بوو، بەڵام بەڕاستی حەزم لە مێگی بوو."

- "ئەی خۆشەویستی؟"

+ "خۆشەویستی چییە؟ شتێکە تەنها ژنان بیری لێ دەکەنەوە و هیچی تر. ئێستا ئەگەر تەواو بوویت کوا مێگی؟"

- "ئەو باش نەبوو، بۆ ماوەیەک لێرە دوورم خستووەتەوە. هیوادار بووم تۆیش بچیت بۆلای، بەڵام وەک دەبینم ئەوە مەحاڵە."

+ "بێگومان ئەوە مەحاڵە. ئەمشەو دەچم بۆ سیدنی."

- "چی بە مێگی بڵێم کاتێک گەڕایەوە؟"

لووک تامەزرۆمبوو بەزووترین کات بڕوات و ئەوێ بەجێ بهێڵێت: "نازانم پێی بڵێ کەمێکی تر چاوەڕوان بێت. وە پێی بڵێ جاری داهاتوو کوڕم دەوێت."

ئان منداڵەکەی هەڵگرت و گوتی: "لە بەرچاوم ون بە. لووک، تۆ شایەنی ئەوە نییت کە هەتە."

♦

ڕۆژی دواتر مێگی پۆستکارتێکی لە دوورگەی ماتلۆکەوە نارد کە دەیگوت من باشم. ئان بڕیاری دا دەربارەی سەردانەکەی لووک هیچ بە مێگی نەڵێت. کاتێک ئان لەگەڵ منداڵەکە لە دەرەوە دانیشتبوون، ئۆتۆمبێلێکی سووری بینی کە بەرەو کێڵگەکە دەهات. لەبەردەم ئاندا وەستا و پیاوێکی باڵابەرزی قۆز، کە شۆرتێکی لەپێدا بوو، دابەزی. سـەرەتا ئان نەیناسییەوە پاشان گوتی: "بەڕێز مەتران، ئەمە چ سوپرایزێکە!"

- "له ئێستادا من مەتران نیم، تەنها قەشەیەکم لە پشوودام. بۆیە دەتوانیت تەنها بە ڕاڵف بانگم بکەیت. ئایا ئەمە منداڵەکەی مێگییە؟ دەتوانم هەڵی بگرم؟"

وا دیار بوو جەستین حەزی لەلای قەشەکە بوو، بۆیە بەهێمنی خەوی لێ کەوت.

- "مێگی لەکوێیە؟"

+ "ئەو لێرە نییە. من و لوودی ناردوومانە بۆ پشوویەکی دوومانگە. هەروەها دەتوانێت حەوت هەفتەی تر پشوو وەربگرێت.

کاتێک ئان ئەوەی بە ڕاڵف گوت، نائومێدیی لە ڕووخساریدا هەست پێ کرد.

- "من هاتووم ماڵئاواییی لێ بکەم. دەچم بۆ ڕۆما، ئەوە دەرفەتێکی گەورەیە بۆم. ناتوانم ڕەتی بکەمەوە."

+ "ماوەی چەندت پێ دەچێت؟"

- "ئۆو، پێم وایە ماوەیەکی درێژ. خەریکە شەڕ هەڵدەگیرسێت لە ئەوروپا. من دەتوانم بە زۆر زمانی جیاواز قسە بکەم، بۆیە لە کاتێکی وەک ئێستادا بەسوود دەبم بۆ کڵێسا."

ئان، پێش ئەوەی بیر لە قسەکەی بکاتەوە، گوتی: "باشە، ئەگەر کاتت هەبوو هێشتا دەتوانیت مێگی ببینیت."

ڕاڵف بە نیگایەکی سارد و زیرەکانە سەیری چاوی ئانی کرد. وا دیار بوو دەیزانی ئان بیر لە چی دەکاتەوە. ماوەی دە خولەک هیچی نەگوت. لە کۆتاییدا بە دەنگێکی تەواو ئاسایی گوتی: "مێگی لەکوێیە؟ ئان گوتی:

"مێگی لە کوخێکە لە دوورگەی ماتلۆک. ئەوێ شوێنێکی بچووکە هەروەها لەم کاتەی ساڵدا بەدەگمەن خەڵکی لێیە. ئەگەر دەچیت وا باشترە وەک لووک خۆت پیشان بدەیت."

ڕاڵف منداڵە خەوتووەکەی پێ دایەوە و بەرەو ئۆتۆمبێلەکەی ڕۆیشت و گوتی: "سوپاس."

♦

سەیارەکەی ڕۆبی بەتەمەن لە کوخەکە نزیک بووەوە و پیاوێکی لێ دابەزی کە کراسێک و شۆرتێکی لەبەردا بوو و جانتایەکیشی بەدەستەوە بوو. ڕۆب خواحافیزیی لێ کرد و بە دەنگی بەرز گوتی: "خوات لەگەڵ بەڕێز ئۆنیڵ." بەڵام هەرگیز مێگی هەڵەی نەدەکرد لە ناسینەوەی لووک ئۆنیڵ و ڕاڵف دی بریکاساتدا. تەنانەت لە دوورەوە زانیی کە ئەوە ڕاڵفە. بەبێدەنگی وەستا بوو چاوەڕێی دەکرد. بێئەوەی سەیری ڕووخساری بکات بەخێرهاتنی ڕاڵفی کرد و هەندێک چای بۆ هێنا، پاشان هەردووکیان بەبێدەنگی چایەکانیان خواردەوە.

لە کۆتاییدا ڕاڵف گوتی: "کێشەت چییە مێگی؟ مێگی سەیری ڕاڵفی دەکرد، ڕاڵف بۆی دەرکەوت کە مێگی وەک هاوسەر لێی دەڕوانێت لەکاتێکدا ئەم وەک منداڵێکی بچووک لە مێگی دەڕوانێت. مێگی بەردەوام بوو لە سەیرکردنی ڕاڵف. ڕاڵف بۆی دەرکەوت کە مێگی هەستی بە هەڵەی خۆی کردووە.

مێگی ڕووی وەرگێڕا و ویستی لە کوخەکە بچێتە دەرەوە، هەوڵی دەدا لەو شڵەژان و پەشۆکانە ڕزگاری بێت، بەڵام ڕاڵف نەیهێشت بچێتە دەرەوە و بەتوندی گرتی و یەکتریان ماچ کرد. لەناکاو هەستەکانی ڕاڵف گۆڕان و بۆی

دەرکەوت کە ئەمە ئەوەیە ماوەی ئەو هەموو ساڵە ویستوویەتی. مێگیی هەڵگرت و بردی بۆ ژووری نووستن.

♦

ڕاڵف، بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا، وەک کەسێکی دیکە لە جێگای نووستنەکەی مێگی بەخەبەر هات، گوتی: "ئەگەر بمتوانیبا دەچووم کەمێک مەلەم دەکرد و پاشان نانی بەیانیم ئامادە دەکرد."

مێگی بەزەردەخەنەوە گوتی: "مەلەی خۆت بکە من نانی بەیانی ئامادە دەکەم. پێویست ناکات هیچ لەبەر بکەیت کەس نایەت بۆ ئێرە."

ڕاڵف لە جێگای خۆی بەرز بووەوە و باڵەکانی لە هەوادا ڕاکێشا و گوتی: "بەیانییەکی جوانە." کە هەستایە سەرپێ، ئاوڕی دایەوە و دەستی بۆ مێگی درێژ کرد و گوتی: "تۆیش لەگەڵم وەرە دواتر بەیەکەوە نانی بەیانی ئامادە دەکەین."

دەریاکە جوان بوو. ڕۆژێکی خۆرەتاو بوو، بەڵام هەوا سارد بوو. ڕاڵف سەیری دەوروبەری کرد و گوتی: "وا هەست دەکەم هەرگیز پێشتر ئەم دونیایەم نەبینیوە."

مێگی دەستیی گرت و گوتی: "بەڵێ، پێشتر ئەم دونیایەت نەبینیوە. هەتا ئێمە بەیەکەوە بین ئەمە دونیای ئێمەیە.

ڕاڵف گوتی: "لووک شێوەی چۆنە؟"

- "کەمێک لە تۆ دەچێت، هەروەها ئەویش پێویستی بە ئافرەت نییە. ئێوە هەردووکتان پێتان وایە هەر پیاوێک پێویستی بە ئافرەت بێت لاوازە."

+ "بەو شێوەیەش ئێمەت قەبووڵە؟"

مێگی زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: "ئۆو، ڕاڵف، ئەوە دڵتەنگم دەکات. ناتوانم تۆ بگۆڕم. ئەگەر بەڕاستی بمویستبا هاوسەرگیریم لەگەڵ پیاوێکی باشی میهرەبانی وەک باوکم دەکرد؛ کەسێک کە بەڕاستی منی بووێت."

♦

ڕۆژەکان تێ پەڕین و شەوەکان ڕۆیشتن. ئەوان پیاسەیان کرد و مەلەیان کرد و لەسەر کەنارەکە ڕاکشان. ڕاڵف مێگیی فێری مەلەوانی دەکرد. هەندێ جار خەمبار دەبوو کە بیری دەکردەوە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ کلێسا. ڕۆژێکیان، کاتێک لەسەر کەنارەکە ڕاکشابوون، ڕاڵف ڕووی کردە مێگی و پێی گوت: "من هەرگیز زۆر دڵخۆش یان زۆر دڵتەنگ نەبووم."

- "دەزانم، ڕاڵف."

+ "تۆ هەمیشە لێم تێ گەیشتوویت. بڵێی بەهۆی ئەمەوە نەبێت کە خۆشم دەوێیت؟"

- "ئایا دەڕۆیت؟"

+ "دەبێت سبەینێ بڕۆم. کەشتییەکەم کەمتر لە هەفتەیەکی تر بەڕێ دەکەوێت. من بۆ ماوەیەکی درێژ دەچم بۆ ڕۆما. لەوانەیە تا کۆتاییی ژیانم بخایەنێت."

- "نیگەران مەبە، ڕاڵف. من ڕێگەت دەدەم بڕۆیت. لووکیش بەجێ دەهێڵم و دەگەڕێمەوە بۆ درۆهیدا."

+ "ئۆو، ئازیزم! بەهۆی منەوەیە؟ بەهۆی ئەم کارەی منەوەیە؟"

- "نەخێر، بێگومان،" مێگی درۆی دەکرد. "پێش هاتنی تۆیش من بڕیارم دابوو. لووک منی ناوێت و پێویستی پێم نییە، وە هەرگیز بیریشم ناکات.

بەڵام من پێویستم بەماڵێکە، وە پێم وایە درۆهیدا بۆ هەمیشە ماڵی من دەبێت. نامەوێت جەستین لە ماڵێکدا گەورە ببێت کە من تیایداخزمەتکارم."

+ "من نامەت بۆ دەنێرم، مێگی."

- "نا، مەینێرە. دوای ئەمە پێویستم بە نامە نییە. نابێت هیچ کەس بزانێت کە ئێمە پێکەوە بووین."

ڕاڵف مێگیی لە خۆی نزیک کردەوە و بەئەسپایی دەستی دەهێنا بە قژیدا و گوتی: "مێگی، خۆزگە بمتوانیبا هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم. نامەوێت بەجێت بێڵم. بەڵام ناتوانین ئەوە بگۆڕین کە هەین. هەمیشە لەبیرت بێت کە خۆشم دەوێیت."

ڕۆژی دواتر ڕۆب بەدیار کەوت و ڕاڵفی گەیاند. ڕاڵف لە ئۆتۆمبێلەکەدا دانیشتبوو و ئاوڕی نەدەدایەوە. کاتێک ڕۆب ماڵئاوایی کرد، هەستی کرد کە ڕووخساری ڕاڵف زۆر خەمبار و هەستیار دیارە. سیما و ڕووخساری بۆ هەمیشە گۆڕا.

♦

کاتێک مێگی گەڕایەوە بۆ هیملهۆخ، ئان یەکسەر زانیی کە ئەو لەدەست دەدات. ئەو هێشتا هەر مێگییەکەی جاران بوو، بەڵام لە چەند ڕوویەکەوە گۆڕابوو. کاتێک چاوی بە ئان کەوت، لە خۆشیدا گەشایەوە و سوپاسی ئانی کرد بۆ ناردنی ڕاڵف بۆلای. پێش ئەوەی ڕاڵف بێت بۆلای، بڕیاری دابوو لەگەڵ لووکدا بمێنێتەوە. بەڵام ئێستا بڕیاری داوە لووک بەجێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ درۆهیدا و هەرگیز لەوێ دوور نەکەوێتەوە.

ئان گوتی: "خۆشحاڵم بەڵام ئێمەش بیرت دەکەین. لووک تەنها دەبووە هۆی دڵتەنگیی تۆ."

- "ئایا دەزانیت ئەو لەکوێیە؟"

+ بەڵێ، لە سیدنی گەڕایەوە و لە نزیک ئینگهام قامیشی شەکر دەبڕێت."

- "پێویستە بڕۆم و بیبینم. دەبێت قسەی لەگەڵ بکەم. هەرچەندە ڕقم لەو بیرۆکەیەیە، بەڵام هەر دەبێت لەگەڵی بنووم.

+ "چییی؟"

چاوەکانی مێگی دەدرەوشانەوە و گوتی: "پێم وایە من دووگیانم."

ئان چاوی بڕییە مێگی و تووشی شۆک بوو: "چەند قێزەونە!"

- "بەڵام، ئان، لێم تێ دەگەیت؟ من هەرگیز ناتوانم ڕاڵف بەدەست بهێنم. هەمیشە ئەوەم زانیوە، بەڵام ئێستا بەشێک لە ئەوم بەدەست هێناوە. من هەمیشە ڕاڵفم خۆش ویستووە، بەڵام ئەو نابێت بە هی من. ئەو هی کڵێسایە. بەڵام کوڕەکەی—دەزانم منداڵەکە کوڕ دەبێت—دەبێت بە هی من."

ئان بەبێهیوایی گوتی: "ئۆو، مێگی."

♦

کاتێک مێگی لە شەمەندەفەردا بوو بەرەو ئینگهام، بیری دەکردەوە کە ئامادەیە هەموو شتێک بکات لەپێناو منداڵەکەی ڕاڵف، تەنانەت خەوتنیش لەگەڵ لووک.

کاتێک گەیشتە ئەو شارە بچووکە، چوو بۆ پاکوخاوێنترین ئوتێل و تەلەفۆنێکی پەیدا کرد. پەیامێکی نارد بۆ ئەو کێڵگەیەی کە لووک کاری تێدا دەکرد. پاشان گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی و چاوەڕێی دەکرد. جلەکانی داکەند و

لەسەر جێگاکەی دانیشت، شڵەژابوو و دەلەرزی. کاتژمێر نۆ لووک گەیشت و تەقەی دا لە دەرگای ژوورەکەی مێگی. مێگی بەهێواشی و بەبێدەنگی دەرگاکەی کردەوە. لووک پێی وابوو مێگی زۆر لە جاران جوانتر دیارە. بۆیە هەڵی گرت و بردیە سەر جێگای نووستن.

هەرچەندە مێگی بەگەرموگوڕی مامەڵەی لەگەڵ لووکدا دەکرد، بەڵام بەدرێژاییی شەو قسەی لەگەڵدا نەکرد. دەمەوبەیانیش لێی دوورکەوتەوە.

لووک گوتی: "چی تۆی هێناوە بۆ ئینگهام؟"

مێگی ئاوڕی دایەوە و بەساردوسڕی لێی ڕوانی، پاشان گوتی: "هاتووم پێت بڵێم من دەگەڕێمەوە بۆ درۆهیدا."

بۆ چەند ساتێک لووک بڕوای بە قسەکانی نەکرد، پاشان لە ڕووخساری تێ گەیشت و گوتی: "بەڵام بۆچی؟"

مێگی گوتی: "تۆ گەمژەیت، لووک. تۆ وەک سەگ مامەڵەت لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکەت کردووە. بیست هەزار پاوەندت لە بانک وەرگرتووە تەنانەت لەگەڵ خۆیشت نامبەیت بۆ سیدنی."

لووک بەسەرسوڕمانەوە گوتی: "ئۆو، مێگی، من هەرگیز لەگەڵ تۆدا خراپ نەبووم. تۆ خۆراکی پێویستت هەبووە بیخۆیت و شوێنێکت هەبووە لێی بژیت..."

مێگی قسەکانی پێ بڕی: "ئۆو، بەڵێ. قسەکردن لەگەڵ تۆدا بێسوودە. وەک ئەوە وایە لەگەڵ دیواردا قسە بکەم. لووک، دەتوانیت ئەو پارەیە لە بانکدا هەڵبگریت، بەڵام چیتر پارە لە من وەرناگریت. من پێویستم بە پارەیە بۆ جەستین، وە بۆ منداڵەکەی ترت ئەگەر بەختم هەبێت!"

لووک گوتی: "کەواتە بۆیە هاتویت تۆ منداڵت دەوێت نەک من."

مێگی گوتی: "ڕاست دەکەیت، وە هەرگیز نامەوێت دووبارە بتبینمەوە."

دوای ئەوەی مێگی ڕۆیشت، لووک دانیشت و بۆ ماوەیەکی درێژ چاوی بڕییە دەرگا داخراوەکە. پاشان هەستا و جلەکانی لەبەر کرد. ئەگەر پەلەی بکردایە دەیتوانی بەخێرایی بگەڕێتەوە بۆلای هاوڕێکانی.

## فیۆنا (١٩٣٨ــ١٩٥٣)

## دووەم منداڵ

بەم شێوەیە مێگی گەڕایەوە بۆ زەوییە قاوەییەکانی دەوری درۆهیدا. کاتێک لە جیلانبۆنەوە بەڕێ کەوت، ڕەشەبا تەپوتۆز و خۆڵی تێکەڵ بە هەوا دەکرد و گژوگیای خۆڵەمێشیی بەرەو ئاسمان دەبرد. پاشان خانووە گەورەکەی بەدی کرد، دواتر باخچەی پڕ لە گوڵ و خاتوو سمسی خزمەتکار، کە لە دەرەوە وەستا بوو و لە سەرسوڕماندا دەمی کردبووەوە. خزمەتکارەکانی تریش بەدەم گریان و پێکەنینەوە هاتنە دەرەوە. مێگی گەڕایەوە.

فیۆنا هاتە دەرەوە تا بزانێت ئەو دەنگە دەنگە چییە. مێگی سڵاوی لێ کرد و گوتی: "دایە من گەڕامەوە." هەرچەندە ڕووخساری فیۆنا نەگۆڕا، بەڵام مێگی هەستی کرد دایکی خۆشحاڵە بە گەڕانەوەی. فیۆنا پرسیی: "لووکت بەجێ هێشت؟"

ـ "بەڵێ، هەرگیز ناگەڕێمەوە بۆلای. ئەو ماڵ و منداڵەکانی منی ناوێت."

+ "منداڵەکان؟"

- "بەڵێ، خەریکە منداڵێکی ترم دەبێت."

مێگی گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی جارانی، جەستینیش بۆ ژوورەکەی تەنیشتی. بۆب خۆشحاڵ بوو بە بینینی مێگی هەروەها جاک و هووگییش بەڕووخۆشی بەخێرهاتنەوەیان کرد. دووانەکە؛ جیمس و پاستی، گەورە بووبوون و قوتابخانەیان بەجێ هێشتبوو و هەر لە درۆهیدا کاریان دەکرد. بۆب گوتی: "مێگی، هەرگیز وشکەساڵیی لەم شێوەیەم نەبینیوە. دوو ساڵە باران نەباریوە."

مێگی پرسیی: "دەتوانم یارمەتیتان بدەم؟"

بۆب گوتی: "بێگومان. دەتوانیت هەمان کاری پێشووت بکەیت؟"

مێگی گەڕایەوە بۆ کار. هەستی بە خۆشی دەکرد کاتێک بە ئەسپەکەی بەناو کێڵگەکاندا غاری دەکرد و سەیری ئاسمان و باڵندەکانی دەکرد.

♦

کوڕەکەی مێگی، یەکەم ڕۆژی مانگی تشرینی یەکەم، لەدایک بوو. منداڵێکی جوان بوو، چاوی وەک چاوی ڕاڵف وابوو.

فیۆنا سەیری منداڵەکەی کرد و پرسیاری کرد: "ئایا هیچ ناوێکت بۆ هەڵبژاردووە؟"

مێگی گوتی: "بەنیازم ناوی بنێم دەین."

مێگی سەیری منداڵەکەی دەکرد و زۆری خۆش دەویست. لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئەم منداڵەم بەسە خۆشبەختم بکات. ڕاڵف دی بریکاسات هەرگیز نەیدەزانی مێگی چیی لێ دزیوە هەروەها مێگی ڕاستییەکەی پێ نەدەگوت دەربارەی دان. ڕاڵف ئێستا لە ڕۆمایە و نازانێت کە کوڕێکی هەیە.

## لاوێتی و جەنگ

لە کۆتاییدا ڕادیۆ ڕای گەیاند شەڕ لە ئەوروپا هەڵگیرساوە. ئەڵمانیا هێرشی کردووەتە سەر پۆڵەندا و ئێستا حکوومەتی ئوسترالیاش پێویستی بە سەربازە بۆ جەنگ. جیمس و پاستی بڕیاریان دا، کاتێک تەمەنیان گونجا، پەیوەندی بە سوپاوە بکەن. مێگی گوتی کە ئێوە ڕۆیشتن من یارمەتیتان دەدەم بۆ بەڕێوەبردنی کێڵگەکە. ساڵی دواتر دووانەکە بە شەمەندەفەر بەرەو سیدنی بەڕێ کەوتن و لە سەرەتای ساڵی ١٩٤١دا گەیشتنە میسر. لە کوینزلاند، لووک هەر خەریکی بڕینی قامیشی شەکر بوو.

هێشتا لە درۆهیدا وشکەساڵی بوو، بۆیە پێویست بوو خۆراک بکڕن بۆ بەخێوکردنی مەڕەکان. زۆرجار مێگی لە هەفتەیەکدا حەوت ڕۆژ کاری دەکرد، چونکە بۆب پێویستی پێی بوو.

دەین منداڵێکی جوان بوو. بێجگە لە مێگی هیچ کەس تێبینیی ئەوەی نەدەکرد کە چەندە لە ڕاڵف دەچێت؛ هەمان چاو و هەمان ڕووخساری ڕاڵفی هەبوو. تەنها قژە ئاڵتونیەکەی جیاواز بوو. جەستین برا بچووکەکەی خۆش دەویست و بۆ هەموو شوێنێک پێکەوە دەچوون.

جەستین بە دایکیی دەگوت: "خەمت نەبێت من ئاگام لە دەین دەبێت." لەم ڕۆژانەدا جەستین ڕووخۆش و لێوبەخەندە بوو. کاتێک دەین پێ بکەنیبا ئەویش پێدەکەنی، وە دەین هەمیشە پێ دەکەنی. مێگی زۆر بەداخ بوو سەبارەت بەوەی زۆرترین کات کاری دەکرد و منداڵەکانی بەبی ئەو گەورە دەبوون.

جەنگ بەردەوام بوو، جیمس و پاستی لە باکووری ئەفریقا دەجەنگان. دواتر گەڕانەوە بۆ ئوسترالیا تا خۆیان ئامادە بکەن بۆ جەنگان لە دژی یابانییەکان. کاتێک گەڕانەوە بۆ درۆهیدا، گەورەتر و باڵابەرزتر و بەهێزتر

بووبوون، سیمایان جددی و بێدەنگ بوون. دەینیان خۆش دەویست و چەند کاتژمێرێک یارییان لەگەڵ دەکرد.

جیمس گوتی: "مێگی، هەرگیز ڕێگە مەدە دەین لە درۆهیدا دوور بکەوێتەوە. لە درۆهیدا هیچ شتێک ئازاری نادات."

## کوڕ و باوک

لە هەمان ئەو ڕۆژەی کە جەنگ کۆتاییی هات، لە بەرواری دووی ئەیلولی ساڵی ١٩٤٥، شەمەندەفەرێک هات بۆ جیلانبۆن. ماوەی دە ساڵ بوو باران نەباری بوو، بەڵام ئێستا دوازدە ئینج باران زەویی تینووی پاراو کردووە.

دوای بارانەکە گژوگیا و سەوزایی لە هەموو شوێنێک ڕووا. بۆب و جاک و هووگی و پاستی چوونەوە سەر کارەکانیان. جیمس هێشتا لە ژێر چاودێریدا بوو، بەهۆی ئەو برینەی کە لە شەڕی یابانییەکاندا تووشی بووبوو. مێگی بۆی دەرکەوت کە بەم زووانە جیمس دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و پیاوەکانی تریش دەچنەوە سەر کارەکانیان و خۆیشی دەتوانێت لەگەڵ منداڵەکانیدا کات بەسەر ببات.

مێگی نامەیەکی لەلایەن لووکەوە پێگەیشت.

فیۆنا لێی پرسی: "لووک چۆنە؟"

مێگی وەڵامی دایەوە: "هەر وەک خۆیەتی، هێشتا لەسەر قسەی خۆی سوورە و دەیەوێت چەند ساڵێکی تریش قامیشی شەکر ببڕێت و پاشان کێڵگە بکڕێت."

ـ "ئایا دەیکڕێت؟"

+ "پێم وایە، ڕەنگە ڕۆژێک بیکڕێت."

- "مێگی، دەچیت بۆ دیداری؟"

+ "نەخێر، هەرگیز."

- "دەتوانیت دووبارە هاوسەرگیری بکەیتەوە، دەزانیت؟ ژمارەیەکی زۆر پیاو لەم دەوروبەرەن کە تۆیان خۆش دەوێت."

+ "ئەوە دژی یاسای کڵێسایە. هەروەها ناشمەوێت دووبارە هاوسەرگیری بکەمەوە. من لێرە لەگەڵ جگەرگۆشەکانم دڵخۆشم. ئەوان، دەین و جەستین، زۆر لێک جیاوازن، بەڵام بەباشترین شێوە لەگەڵ یەکتردا ڕادێن."

- "زۆر سەیرە هەرگیز شەڕ ناکەن."

فیۆنا سەیری دەینی دەکرد، کاتێک لەبەرچاوی ون بوو گوتی: "ئەو زۆر لە باوکی دەچێت."

مێگی لەناکاو هەستی بە تەزوویەک کرد، پاشان بۆی دەرکەوت کە بێگومان فیۆنا مەبەستی ئەوەیە دەین لە لووک دەچێت. مێگی بە دایکیی گوت: "ئایا بەو شێوەیە بیر دەکەیتەوە، دایکە. من هەرگیز بەو شێوەیە نایبینم. لەڕاستیدا دەین هیچی لە لووک ناچێت."

فیۆنا پێکەنی و چاوی بڕییە ڕووخساری مێگی و گوتی: "مێگی، من گەمژە نیم.  من مەبەستم لووک ئۆنیڵ نییە. مەبەستم ئەوەیە کە دەین بەتەواوی لە ڕاڵف دی بریکاسات دەچێت."

مێگی وا هەستی کرد کە دڵی وەستاوە، بەئاستەم توانیی قسە بکات: "دایکە چ شتێکی سەیر دەڵێیت! قەشە ڕاڵف دی بریکاسات!"

فیۆنا گوتی: "بێگومان لەو کاتەوەی دەیین لەدایک بووە ئەوە دەزانم."

مێگی بەتووڕەیی گوتی: "ئەوە ڕاست نییە!"

کتوپڕ فیۆنا دەستی خستە سەر ئەژنۆی مێگی و بەزەردەخەنەوە گوتی: "درۆم لەگەڵ مەکە، مێگی. من گەمژە نیم خۆ چاوم هەیە."

مێگی هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: "ئایا ئەوە شتێکی ئاشکرایە، دایکە؟ ئایا کەسی تر دەیزانێت؟"

فیۆنا گوتی: "بێگومان، نەخێر. من دەزانم چونکە چەند ساڵێکە چاودێریی تۆ و ڕاڵف دی بریکاسات دەکەم. ئەو پیاوێکی کەللەڕەقە، دەیەوێت ببێت بە قەشەیەکی نموونەیی و تۆ هەمیشە لە پلەی دووەمدا بوویت بۆ ئەو. بەڵام ئەوە سوودی نەبوو، وانییە؟ لە کۆتاییدا شتێک ڕووی دا. ئەو ئیرەیی دەبرد کاتێک تۆ لەگەڵ لووک هاوسەرگیریت کرد. من ئەوەم دەزانی، بۆیە بە ئەویشم گوت. کاتێک تۆ گەڕایتەوە بۆ درۆهیدا زانیم شتێک ڕووی داوە. کە ڕاڵف دی بریکاسات هەبوو، هیچ پێویست نەبوو لەگەڵ لووکدا بمێنیتەوە."

مێگی دووبارە هەناسەیەکی هەڵکێشا: "بەڵێ، لە کۆتاییدا ڕاڵف منی دۆزییەوە. بەڵام زۆر سوودی نەبوو، بێجگە لەوەی کە منداڵێکم لەو هەیە."

فیۆنا پێکەنی و گوتی: "منیش جارێک ئەوەم چەشتووە."

- "فرانک؟"

+ "ئۆو، تۆیش ئەوە دەزانیت، وایە؟ نەمتوانی باوکی فرانک بەدەست بێنم. ئەو پێشتر هاوسەرگیریی کردبوو. یەکێک بوو لە گرنگترین پیاوەکانی نیوزلەندا. من ئەوم زۆر خۆش دەویست، پێم وابوو بەهۆی خۆشەویستیم بۆ ئەو شێت دەبم."

- "کەواتە بۆیە فرانکت لە هەموومان زیاتر خۆش دەویست."

+ "پێم وایە لە هەمووتان زیاترم خۆش دەویست، ئەوەش بەهۆی باوکیەوە بوو. لەو ڕۆژەوەی ئەو پیاوەم بینیوە من دڵخۆش نەبووم. پاشان فرانک... هەموو خێزانەکەم پشتگوێ خست، چونکە فرانکم زۆر خۆش دەویست. پادرایکم فەرامۆش کرد کەچی ئەو هەر باش بوو لەگەڵم، بەڵام من بەوەم نەدەزانی. مێگی، خۆشەویستی بەو شێوەیە نادروستە. هەڵەیەکی گەورەیە. من ئەو هەڵەیەم کرد، هەروەها تۆیش ئێستا دەیکەیت. من فرانکم لەدەست دا. ڕۆژێک دێت تۆیش دەین لەدەست دەدەیت."

- "نا، وانییە. من ئەو لێرە دەپارێزم لە درۆهیدا."

+ "پادرایک لێرە سەلامەت نەبوو هەروەها ستیوارتیش. هیچ شوێنێک سەلامەت نییە. تۆ ناتوانیت ڕێگە لە دەین بگریت ئەگەر بیەوێت بڕوات. تۆ نەتتوانی باوکی بەدەست بهێنیت، ئیتر چۆن خۆی بەدەست دەهێنیت؟"

- "دایکە، ئەگەر دەربارەی باوکی هیچ بە دەین بڵێیت دەتکوژم!"

+ "نیگەران مەبە، هیچ ناڵێم. نهێنییەکەت پارێزراوە."

♦

باران باری و خۆشی کرد. وردە وردە زەوی بوژایەوە. ژمارەی مەڕومالآت زیادی کرد و سامانی درۆهیدا زیاتر و زیاتر بوو. لەناکاو ژیان زۆر خۆش بوو. دەین و جەستین گەورە بوون.کاتێک دەین بوو بە دە ساڵ و جەستین بوو بە یازدە، نێردران بۆ قوتابخانە لە سیدنی.

ڕۆژنامەی سیدنیی ڕۆژی چواری ئابی ساڵی ١٩٥٢ هەواڵێکی سەرنجڕاکێشی دەربارەی ڕاڵف دی بریکاسات بڵاو کردەوە. ئەو لە ڕۆما بووبوو بە مەتران. مێگی هەناسەیەکی هەڵکێشا:

- "خۆزگە دەمزانی ئەو ئێمەی بیر ماوە؟"

+ بێگومان، هێشتا چاوی لە پارەکانی ماری کارسنە. هێشتاش لە بەرامبەر چاودێریکردنی درۆهیدا پارەمان پێ دەدات. چۆن دەتوانێت لەبیری بکات؟"

- "ئەوە ڕاستە. هەروەها ئێمە پارەیەکی زۆرمان بۆ کڵێسا پەیدا کردووە، وانییە؟"

+ "مێگی، ئەگەر ئەو بگەڕێتەوە چی دەکەیت؟"

- "ئەو هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ ئێرە!"

+ "لەوانەیە بگەڕێتەوە."

لە مانگی کانوونی یەکەمدا، ڕاڵف دی بریکاسات گەڕایەوە و هیچ کەس نەیزانی ئەو لە ئوسترالیایە. کاتێک بە سەیارەکەی لەبەردەم خانووە گەورەکەدا وەستا، هیچ کەس ئاگادار نەبوو. وەرزی هاوین بوو، هەموو شوێنێک گوڵەباخ بوو، وەک ئەو گوڵەی کە جارێکیان مێگی پێی دا. ڕاڵف گوێی لە دەنگی پێکەنینی کەسێک بوو لەپشت یەکێک لە درەختەکانەوە. پێکەنینێکی منداڵانە بوو، وەک پێکەنینی مێگی وابوو. ئەو سەیری ناو لقەکانی درەختەکەی کرد.

بەڵام مێگی لەوێ نەبوو. تەنها کوڕێک لەسەر گژوگیاکە دانیشتبوو و لەگەڵ بەرازێکی بچووکدا یاریی دەکرد. مەتران ڕاڵف ڕۆیشتە پێشەوە. کوڕەکە تەمەنی لەنێوان دوازدە بۆ چواردە ساڵاندا بوو، سەری هەڵبڕی و زۆر

سەرسام بوو. بەرازەکە ڕای کرد. کوڕەکە زەردەخەنەیەکی کرد و سڵاوی کرد. مەتران ڕاڵفیش سڵاوی کرد و گوتی: "تۆ کێیت؟" کوڕەکە وەڵامی دایەوە: "من دەین ئۆنیلم، ئەی تۆ کێیت؟"

- "ناوم ڕاڵف دی بریکاساتە."

+ "چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟"

- "دەین، باوکت لێرەیە؟"

+ "باوکم؟ نەخێر، ئەو هەرگیز لێرە نەبووە."

- "ئێ، تێ گەیشتم. ئەی دایکت لێرەیە؟"

+ "ئەو لە جیلانبۆنە، بەڵام بەم زووانە دەگەڕێتەوە. دەتەوێت لەگەڵ داپیرمدا قسە بکەیت؟ ئەو لە ماڵەوەیە." پاشان کوڕەکە چاوی بڕییە ڕاڵف و بەردەوام بوو: "ڕاڵف دی بریکاسات! تۆ مەتران دی بریکاساتیت! داوای لێبوردن دەکەم نەمویست بێڕێزیت بەرامبەر بکەم!"

- "گوێی مەدەرێ، دەین. من لێرە هاوڕێی دایکت و داپیرتم."

لەناکاو جەستین قسەکانی پێ بڕین. مەتران ڕاڵف قژە سوور و چاوە شینەکانی ناسییەوە. وا دیاربوو هاتنی مەتران ڕاڵف کاری لە هەست و سۆزی جەستین نەکردبوو.

ڕاڵف پرسیی: "دەتوانم بڕۆم و داپیرت ببینم؟"

جەستینیش پرسیی: "بێگومان، کارت بە ئێمە نییە؟"

مەتران ڕاڵف گوتی: "نا، سوپاس. ڕێگەکە شارەزام."

پاشان بەرەو خانووەکە ڕۆیشت و فیۆنای بینی لەسەر مێزەکەی کاری دەکرد. ڕاڵف سڵاوی لێ کرد و ئەحواڵپرسیی کرد. فیۆناش سڵاوی لێ کرد و بەهێمنی گوتی: "شادومانم بەبینینت. نەمزانیبوو لە ئوسترالیایت."

ڕاڵف گوتی: "تەنها چەند هەفتەیەک پشوو وەردەگرم. ویستم دووبارە درۆهیدا ببینمەوە."

مەتران ڕاڵف فیۆنای جێ هێشت و چوو بەرەو ڕووبارەکە. هەموو خانوو و گوڵ و درەختەکانی بیر کەوتەوە. پاشان ئاوڕی دایەوە و مێگیی بینی بەرەو ڕووی دەهات. ئەو هێشتا وەک جاران جوان بوو. لە ڕاڵف نزیکتر بووەوە و لەئامێزی گرت. قژی مێگی ڕووخساری ڕاڵفی داپۆشی.

ڕاڵف گوتی: "مێگی، مێگی وا مەکە."

مێگی گوتی: "پێم وانییە ئەوە کێشە بێت. هیچ شتێک نەگۆڕاوە."

ڕاڵف هاوڕا بوو لەگەڵی، بۆیە ئەویش گوتی: "نا، هیچ شتێک نەگۆڕاوە."

مێگی بەردەوام بوو لە قسەکردن و گوتی: "ئێرە درۆهیدایە. کاتێک لێرەیت، هیی منیت، نەک خودا."

ڕاڵف مێگیی ڕاکێشایە تەنیشتی و هەردووکیان لەسەر گیاکە دانیشتن. ڕاڵف گوتی: "دەزانم، بەڵام هەر دەبوو بێم. بۆچی ئەوەت کرد مێگی؟"

مێگی پرسیی: "چیم کردووە؟"

ڕاڵف بەئیرەییەوە پرسیی: "بۆچی گەڕایتەوە بۆلای لووک؟ بۆچی کوڕێکت لێی بووە؟"

مێگی بەبێ هەست گوتی: "ئەو وای لێ کردم ئەوە بکەم. ئەوە تەنها یەک جار بوو. بەڵام ئێستا کە دەین لەدایک بووە هیچ پەشیمان نیم لەوەی ڕووی دا."

ڕاڵف گوتی: "داوای لێبوردن دەکەم نەدەبوو پرسیار بکەم. دەین کوڕێکی جوانە. ئایا ئەو لە لووک دەچێت؟"

مێگی بەنهێنی پێ کەنی و گوتی: "لەڕاستیدا، نەخێر. هەردووکیان نە لە لووک دەچن و نە لە من."

ڕاڵف گوتی: "خۆشم دەوێن لەبەرئەوەی منداڵی تۆن."

مێگی بەپەرۆشی پرسیی: "ڕات چییە دەربارەی دەین؟"

ڕاڵف لە وەڵامدا گوتی: "خۆشم دەوێت. پێکەنینەکەی لە پێکەنینی تۆ دەچێت."

♦

شەوی شەممە بوو، بۆب و جاک و هووگی و جیمس و پاستی بۆ نانی ئێوارە لە ماڵەوە بوون. دوای نانخواردن، کاتێک دەین و جەستین چوون بخەون، مەتران ڕاڵف هەموو خێزانەکەی کۆ کردەوە و پێی گوتن: "شتێک هەیە دەربارەی فرانک دەبێت پێتان بڵێم." بۆ چەند ساتێک هەموو بێدەنگ بوون. پاشان فیۆنا قسەی کرد. بەهێمنی پرسیی: "چی هەیە دەربارەی فرانک؟" مەتران گوتی: "فرانک سی ساڵی لە زیندان بردووەتە سەر. دەزانم خەڵکی ئێرە هەواڵیان دەربارەی فرانک پێ داون. بەڵام هەواڵی ناخۆشیان پێ نەداون. من نەمدەویست ئێوە لە تەنیایی و بێئومێدیی فران ئاگادار بن، چونکە هیچ کەس لەم ڕووەوە هیچی پێ نەدەکرا. فرانک لە سەرەتادا زۆر شەڕەنگێز بوو، بۆیە هەموو ئەو ماوەیە خرایە زیندان."

فیۆنا بەخێرایی سەری هەڵبڕی و گوتی: "ئەو سروشتی وایە." مەتران بێ ئەوەی سەیری مێگی بکات بەردەوام بوو: "دڵنیام سەرسامن کە بۆچی دوای ئەو هەمووو ساڵە هاتووم بۆ ئێرە. من گەڕاومەتەوە تا بزانم دەتوانم چی بۆ فرانک بکەم." هەموویان چاویان بڕیبووە ڕاڵف و چاوەڕوانیان دەکرد. مەتران گوتی: "فرانک خەریکە ئازاد دەبێت."

فیۆنا گوتی: "سوپاس."

ڕاڵف بەردەوام بوو لە قسەکردن: "ئەو هەمان فرانکی جاران نییە. پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە سەردانی ئەوم کرد لە بەندینخانە. پێم گوت کە هەمووتان لە بەندکردنی ئەو ئاگادارن. ئەو ئێستا زۆر هێمنە و زۆر سوپاسگوزار بوو کاتێک ئەوەم پێ گوت. هەروەها زۆر تامەزرۆیە بۆ بینینەوەتان، بەتایبەتی تۆ، فیۆنا."

بۆب پرسیی: "کەی دەگەڕێتەوە؟"

ڕاڵف وەڵامی دایەوە: "هەفتەیەک یان دووانی تر. دەیەوێت بەشەمەندەفەر بگەڕێتەوە."

فیۆنا گوتی: "بەم نزیکانە دەیبینم. ئـۆو، کوڕی خۆم." ئینجا گەڕایەوە بۆلای مێزەکەی و بەردەوام بوو: "ئێستا کارم زۆرە تا ئەنجامی بدەم."

پێنج براکە چوونە جێگای نووستن، دوای ئەوانیش مێگی. فیۆنا لەسەر مێزەکەی دانیشتبوو بەردەوام بیری دەکردەوە.

ڕاڵف بە پلیکانەکاندا سەرکەوت. لەسەرەوە خانووەکە بێدەنگ بوو. بەڵام دەرگای ژوورەکەی مێگی کراوە بوو، ئەو چاوەڕێی ڕاڵفی دەکرد. ڕاڵف چووە ژوورەوە و دەرگاکەی لەدوای خۆی داخست، پاشان قوفڵی کرد.

ڕاڵف پرسیی: "دڵنیا بوویت کە من دێم، مێگی؟"

مێگی چوو بۆلای چراکە و کوژاندیەوە: "من پێم گوتیت لە درۆهیدا تۆ تەنها هیی منیت."

♦

دەین نائومێد بوو، بە مەترانی گوت: "پێم وابوو جلی سوور لەبەر دەکەیت."

- "هەندێ جار لەبەری دەکەم، بەڵام تەنها لە کۆشک."

+ "بەڕاست تۆ کۆشکت هەیە؟"

- "بەڵێ."

+ "حەز دەکەم بیبینم."

- "کێ دەزانێت، دەین. لەوانەیە ڕۆژێک بیبینیت."

♦

لوودی و ئان میلەر هاتن بۆ درۆهیدا بۆ ئاهەنگی سەری ساڵی تازە، هەموویان بەتامەزرۆییەوە چاوەڕێی باشترین ئاهەنگی ساڵیان دەکرد. مێگی دڵخۆش بوو کە دەین و ڕاڵفی لەگەڵ بوو. تەنها یەک شت بێزاری دەکرد؛ ڕاڵف نەیدەزانی دەین کوڕی ئەوە. وە مێگی نەیدەویست پێی بڵێت. ئەگەر خۆی نەتوانێت تێ بگات، ئیتر بۆچی مێگی پێی بڵێت؟ تەلەفۆنەکە زەنگی لێ دا، پەیوەندییەکە بۆ فیۆنا بوو. فیۆنا تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و گوێی لێ گرت و پاشان گوتی: "سوپاس." مێگی پرسیی: "ئەوە چییە، دایکە؟" فیۆنا سەیری

کاتژمێرەکەی کرد و گوتی: "فرانک ئازاد کرا. ئەم ئێوارەیە دەگاتە ماڵەوە. دەبێت زوو بڕۆم."

مێگی گوتی: "ئایا ئەوە سەرنجڕاکێش نییە، دایکە؟ فرانک لە کاتی ئاهەنگی سەری ساڵدا دەگەڕێتەوە!"

فیۆنا بەخەمباری گوتی: "بەڵێ، سەرنجڕاکێشە."

♦

فیۆنا بەتەنها لەسەر شۆستەی وێستگەکە وەستا بوو، چاوەڕوانی شەمەندەفەرەکەی فرانک بوو.

کاتێک شەمەندەفەرەکە گەیشت، فرانک بەجۆرێک وەستابوو وەک ئەوەی نەزانێت دواتر چی بکات. ئەو ئێستا تەمەنی پەنجاو دوو ساڵ بوو. پیاوێکی تەمەن مامناوەندی لاواز بوو. جلەکانی شپرز بوون. وا دیاربوو پێشبینیی نەدەکرد کەس چاوەڕێی بکات.

فیۆنا بەرەو ڕووی ڕۆیشت و سڵاوی لێ کرد. چاوەکانی، کە هەمیشە دەدرەوشانەوە، ئێستا لێڵ دیار بوون. چاوەکانی بۆ ڕووخساری دایکی بەرز کردەوە. زۆر شەکەت و ماندوو دیار بوو. کە سەیری دایکیی دەکرد، هەستێکی نامۆ و بریندار لە چاوەکانیدا بوو، وەک کەسێک کە لە سەرەمەرگدایە و گیان دەدات.

فیۆنا گوتی: "ئۆو، فرانک. زۆر باشە، زۆر باشە." پاشان فرانکی لەئامێز گرت و سەری خستە سەرشانی.

کە گەڕانەوە بۆ درۆهیدا، فرانک لە ئۆتۆمبێلەکەدا بەبێدەنگی دانیشتبوو. کە لە شار دەرچوون، لە جامەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد. لەبەر خۆیەوە بە

چرپە دەیگوت: "هەموو شتێک وەک خۆیەتی. هەرگیز پێم وانەبوو دووبارە ئەمانە دەبینمەوە." کاتێک لە خانووەکە نزیک بوونەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەنەرمی گوتی: "من جوانیی ئێرەم لەبیر کردبوو."

♦

فیۆنا ئەوەی لە توانایدا بوو کردی تا یارمەتیی فرانک بدات لەگەڵ ژیانی درۆهیدادا بگونجێت. دەیزانی فرانک هەرگیز فرانکەکەی جاران نییە. ئەو وزە و دڵگەرمیی بۆ ژیان لەدەست دابوو. براکانی نەیاندەویست ئەو لەگەڵیاندا کار بکات. هەروەها ئەو هەرگیز حەزی لە کارەکەی نەبوو، بەڵام حەزی لە باخچە بوو. وردە وردە لەوێ کارێکی بۆ خۆی دۆزییەوە.

بەڵام فیۆنا زۆر دڵخۆش نەبوو. بینینی فرانک زۆرجار ئازاری دەدا. ئەو زۆر گۆڕا بوو. پیاوێکی ڕووخاو بوو، ئازاری وای چەشتبوو هەرگیز فیۆنا بەبیریدا نەدەهات.

ڕۆژێک، پاش گەڕانەوەی فرانک بە شەش مانگ، مێگی هاتە ژوورەوە دایکیی بینی سەیری فرانکی دەکرد کە لە باخچەکەدا کاری دەکرد. دیمەنی ڕووخساری فیۆنا دڵی مێگیی نوقمی ئازار کرد و بەدەستەپاچەیی گوتی: "ئۆو، دایکە!" فیۆنا سەیری کرد و سەری ڕاوەشاند و بەخەندەوە گوتی: "کێشە نییە، مێگی!"

- "خۆزگە دەمتوانی شتێک بکەم!"

+ "دەتوانیت، تەنها لێرە بوەستە سوپاسگوزارم. زۆر یارمەتیم دەدەیت."

## دەین (١٩٥٤ـ١٩٦٥)

## دەین گەورە دەبێت

جەستین بڕیاری دا ببێت بە هونەرمەند، ئەمەش مێگیی تووشی سەرسوڕمان کرد. دەبوو بەم زووانە دەینیش بڕیاری بدات. مێگی هەمیشە هیوادار بوو و پێشبینیی دەکرد دەین بگەڕێتەوە بۆ درۆهیدا و لەگەڵ خاڵەکانیدا کار بکات.

ڕۆژێکیان کە بەتەنها لە باخچەکەدا دانیشتبوون، دەین باسی داهاتووی خۆی بۆ مێگی دەکرد: "من دەمەوێت ببم بە قەشە. دەمەوێت خۆم ببەخشم بە خودا. ئەوە ئاسان نابێت، بەڵام دەمەوێت بیکەم."

دەین لە نیگاکانی مێگی تێ نەگەیشت. لەجیاتیی ئەوەی دڵخۆش بێت، وەک ئەوە وابوو کە بمرێت. دەین گوتی: "ئۆو، دایکە، تێ ناگەیت؟ من هەرگیز نەمویستووە ببم بە هیچ شتێک بێجگە لە قەشە! ناتوانم ببم بە هیچ شتێکی ترا"

لە کۆتاییدا مێگی بەهۆش خۆی هاتەوە و گوتی: "تۆ تووشی شۆکت کردم. بێگومان دڵخۆشم. پێشبینیی ئەوەم نەدەکرد. هەر ئەوەندە."

دەین پرسیی: "تۆ دڵنیایت کە گوێی نادەیتێ؟"

مێگی درۆی کرد: "بێگومان نەخێر. چ پلانێکت هەیە دەربارەی ئەوە؟"

دەین گوتی: "پێم وایە دەبێت لە سیدنی دەرس بخوێنم تاببم بە قەشە." مێگی بیری لەمە کردبووەوە، بۆیە گوتی: "دەبێت بتنێرم بۆ ڕۆما، بۆلای مەتران دی بریکاسات. ئەو چاوی لێت دەبێت."

مێگی وردە وردە گەڕایەوە بۆ خانووەکە. فیۆنا لێی پرسی: "ئەوە چییە مێگی؟" مێگی دانیشت و گوتی: "تۆ ڕاستت کرد کە گوتت دەین لەدەست دەدەیت. بڕوام پێ نەکردیت، بەڵام ئەوە ڕووی دا."

- "چۆن ئەوت لەدەست دا؟"

مێگی دەستی کرد بە پێکەنین و گریان لە هەمان کاتدا: "ئەو بەنیازە ببێت بە قەشە. من ڕاڵفم لە خودا دوور خستەوە، ئێستاش خودا کوڕەکەم لێ دوور دەخاتەوە. من باجی ئەوە دەدەم کە ئەنجامم داوە."

- "ئایا دەین دەچێت بۆ سیدنی؟"

+ "نەخێر، ئەوەندە باجێکی ئاسان نابێت، وانییە؟ دەمەوێت بینێرم بۆلای ڕاڵف بۆ ڕۆما. با لە کۆتاییدا ببێت بە هیی ڕاڵف."

- "دەتەوێت دەربارەی دەین هیچ بە ڕاڵف بڵێیت؟"

+ "نەخێر، ئەو هەرگیز باوەڕ ناکات. من کوڕی خۆم دەنێرم نەک هیی ئەو."

- "وریا بە، مێگی."

+ "دەبێت چیی ترم بەسەر بێت؟"

♦

کاتێک مەتران ڕاڵف سەیری دەینی دەکرد، نامەکەی مێگیی بیر دەکەوتەوە:

بەرپرسیارێتیی دەین بە تۆ دەسپێرم. ئەوەی بڕدبووم دەیگێڕمەوە. بەڵێن بدە کە ئەگەر دەین بیەوێت واز لە قەشەبوون بهێنێت، بینێریتەوە بۆم. ئەو سەرەتا هیی منە.

ڕاڵف لە دەینی پرسی: "دەین، تۆ دڵنیایت لە بڕیارەکەت؟"

- "بێگومان."

+ "ئەگەر بڕیارەکەت گۆڕی چی دەکەیت؟"

دان سەری سوڕما و گوتی: "بۆچی؟ داوا دەکەم ئێرە بەجێ بهێڵم."

مەتران ڕاڵف هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: "بۆچی ویستت بێیت بۆلای من، دەین؟"

- "چونکە هەمیشە وا بیر دەکەمەوە تۆ قەشەیەکی نموونەییت."

مەتران ڕاڵف نێوچاوانی گرژکرد: "نەخێر، دەین. من نموونەیی نیم. من یاساکانی کڵێسام پێشێل کردووە."

- "تێ دەگەم کە کاتێکی درێژی دەوێت تا ببیت بە قەشەیەکی نموونەیی. دەبێت ئازار و ناڕەحەتیی گەورە بچێژیت."

♦

جەستین سیدنیی بەجێ هێشت و چوو بۆ لەندەن تا وەک هونەرمەند دەست بەکار بێت. کاتێک هاوین هات، گەشتی کرد بۆ ڕۆما تا چاوی بە دەین بکەوێت. کاتێک لەسەر شۆستەی وێستگەکە چاویان بەیەک کەوت، دەین جیاواز دیار بوو. بووبوو بە بەشێک لە جیهانێکی جیاواز.

دەین بە جەستینی گوت: "دوو مانگ پشووم هەیە. دەتوانین فەرەنسا و ئیسپانیا ببینین هەروەها هێشتا کاتمان هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ درۆهیدا. بیری ئەو شوێنە دێرینە دەکەم."

جەستین گوتی: "بەڕاست؟ من هەرگیز بیری ناکەم، لەندەن زۆر سەرنجڕاکێش ترە."

**ڕووداوێکی کارەساتبار**

دەین لە ڕۆما هەشت ساڵی پێ چوو تا بوو بە قەشە. خەڵکی درۆهیدا پلانیان دانا بچن بۆ ڕۆما کاتێک دەین دەبێت بە قەشە.

مێگی بەتوندی بە ئان میلڵەری گوت: "من بەنیاز نیم بچم بۆ ڕۆما! من هەرگیز درۆهیدا بەجێ ناهێڵم."

- "مێگی، وا مەکە. نابێت دەین بێهیوا بکەیت! تکایە بڕۆ."

+ "بڕۆم بۆ ڕۆما و خەندە لەسەر لێوی ڕاڵف دی بریکاسات ببینم؟ وا باشترە بمرم!"

- "ئۆو، مێگی! مێگی، بۆچی ئەو لووتبەرزییەت لەبیر ناکەیت و ناچیت بۆ ڕۆما؟ تۆ تەنها ڕاڵف و کوڕەکەت ئازار دەدەیت."

+ "ئەوە لووتبەرزی نییە، ئەوە ترسە. وا هەست دەکەم ئەگەر بچم بۆ ڕۆما شتێکی ترسناک ڕوو دەدات."

- "قسەی بێمانا، مێگی. بۆچی سواری فڕۆکە نابیت و ناچیت؟"

مێگی بەتووڕەیی گوتی: "ئاهـ، بەرۆکم بەردە!"

♦

جەستین و خاڵەکانی پۆشاکی ڕەشیان پۆشیبوو و لەو ئاهەنگەدا ئامادە بوون کە تیایدا دەین دەبوو بە قەشە. هەروەها مەتران ڕاڵفیش لەوێ بوو و فرمێسک بە چاویەوە نەدەوەستا. دەین دەبێت بە قەشەیەکی باش، باشتر لە ڕاڵف. ڕاڵف سەرسام بوو بۆچی مێگی نەهاتووە، لەکاتێکدا دیارییەکی گەورەی بە خودا بەخشیوە.

دواتر، دەین پێش هەموویان قسەی لەگەڵ جەستیندا کرد. هەروەها بیری دایکیی دەکرد لە ئاهەنگەکەدا.

جەستین گوتی: "قەشە ئۆنیڵ."

دەین گوتی: "هێشتا ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم کە من قەشەم، جەستین." پاش کەمێک گوتی: "زۆر خۆشحاڵم کە فرانک هات. هەندێ جار هەست بە نیگەرانی دەکەم بۆ ئەو.

جەستین قسەکانی دەینی فەرامۆش کرد و گوتی: "دەبێت دایکم بکوژم! بۆچی ئەوەی لەگەڵ کردی؟"

دەین گوتی: "باوەڕ ناکەم دایکم مەبەستی ئازاردانی من بێت. پێویستە ببینم و بزانم کێشەی چییە. بەڵام یەکەم جار حەز دەکەم بۆ ماوەی دوو هەفتە بچم بۆ یۆنان. تۆیش دێیت لەگەڵم؟"

- "ئۆو، دەین، بێگومان دێم."

♦

بەڵام کاتێک ڕۆژی دواتر جەستین بەخەبەر هات، نامەیەکی لەلایەن بەرهەمێنەرە هونەرییەکەی لەندەنیەوە بۆ هاتبوو، کە تێیدا داوای لێ کرابوو

لە شانۆییەکدا بەشداری بکات. ئەوە چانیسێکی باش بوو. بۆی دەرکەوت کە ناتوانێت لەگەڵ دەیندا بچێت بۆ یۆنان. بەڵام دەین وەک هەمیشە لێی تێ دەگات و نیگەران نابێت.

♦

ئیدی بەم شێوەیە دەین بەتەنها ڕۆشیت بۆ یۆنان. لە ئەسینا بارودۆخ ئاڵۆز بوو، خەڵکی باسی شۆڕشیان دەکرد. بۆیە بەلەمێکی گرت و چوو بۆ کریت. لەوێ شوێنێکی ئارامی لەناو چیاکاندا دۆزییەوە تا لێی بمێنێتەوە. ڕۆژەکانی بە گەڕان و نزاکردن بەسەر دەبرد. کریت شوێنێکی گەرم و بێدەنگ و خەولێخەر بوو.

دەین هەرگیز دڵخۆش نەبوو. وای هەست دەکرد کە ئێستا لە هەموو کات زیاتر لە خوداوە نزیکە و ئامادەیە وەک قەشە دەست بکات بە ژیان.

ڕۆژێکیان بە پیاسە چوو بۆ کەنارێکی بچووک و حەزی کرد مەلە بکات. دوو پیاوی گەنج لەلایەکی کەنارەکە بوون و دوو ژنی گەنجیش، کە بە ئەڵمانی قسەیان دەکرد، لەلاکەی تر بوون. وازیان لە قسەکردن هێنا و بە دەین پێ کەنین. دەین سڵاوی لە پیاوە گەنجەکان کرد.

یەکێکیان گوتی: "وریا بە ئەمڕۆ دەریاکە ترسناکە. دڵنیام زریان لە شوێنێک ڕوو دەدات. ئەوە زۆر ترسناکە بۆ ئێمە." دەین زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: "سوپاس." پاشان ڕۆیشتە ناو دەریاکە.

دەریا هێمن دیار بوو. بەڵام بەتوندی پاڵی بە قاچەکانیەوە دەنا و هەوڵی دەدا بیباتە ژێر ئاو. بەڵام ئەو مەلەوانێکی بەهێز بوو. بەهێمنی لەمبەر بۆ ئەوبەری کەنداوە بچووکەکە مەلەی دەکرد.  کاتێک وەستا و سەیری دەوروبەری کرد، تێبینیی کرد دوو کچە ئەڵمانییەکە بەناو شەپۆلەکاندا ڕا

دەکەن و پێ دەکەنن. بە دەنگی بەرز پێی گوتن لە تەنکاییی ئاوەکەدا بمێننەوە.

ئەوان هەر پێ دەکەنین و دەستیان ڕا دەوەشاند. دەین سەری دانەواند و دووبارە دەستی کردەوە بە مەلەکردن. دواتر پێی وابوو کە گوێی لە هاوارێک بووە. جارێکی تر سەیری کرد و ژنەکانی بینی لەناو ئاوەکەدا پەلەقاژەیان بوو وە گوێی لە هاوار و دەنگەدەنگیان بوو.

بەخێرایی بە ئاڕاستەی ئەوان مەلەی کرد. ئەوانیش دەستیان بۆ درێژ کرد و دەینیان خستە ژێر ئاوەکە و دەین دەکۆکی، توانیی دەستیان بگرێت و ڕایان بکێشێتە کەنارەکە.

کاتێک گەیشتنە کەنارەکە، دوو پیاوەکەش هاتن بۆ یارمەتیدانی. قاچەکانی بەر زەوی کەوتن و کاتێک ژنەکانی ڕزگار کرد، هەستی بە شەکەتیەکی تەواو کرد. لەکاتێکدا پشووی دەدا، ئاوی دەریاکە گەڕایەوە و دووبارە ڕایکێشایەوە ناو ئاوەکە. پاشان هەستی بە ئازارێکی ترسناک کرد لە سنگیدا. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: "ئاخ دڵم! نامەوێت بمرم! نەخێر، ئێستا نا. هێشتا دەستم بە کارەکەم نەکردووە!"

دەین کەوتە سەر پشت و چاوی بڕییە ئاسمان و گوتی دەبێت بەم ئازارە ڕازی بم. ئەمە ئەوەیە کە خودا بۆ منی دەوێت. جەستەی کەوتە لەرزین و دواتر لە جووڵە کەوت.

لە لایەکەی دیکەی کەنارەکە، دوو پیاوەکە ژنەکانیان هێنایە سەر لمەکە و چاویان بە دەریادا گێڕا. بەڵام کەنداوەکە کەسی لێ نەبوو. دەین لەوێ نەمابوو.

دوای کاتژمێرێک، هێلیکۆپتەرێک تەرمەکەی لە دەریادا دۆزییەوە کە کەوتبووە سەر شەپۆلەکان. سەرەتا پێیان وابوو هێشتا دەژی، پاشان بۆیان دەرکەوت مردووە.

♦

کاتژمێر نـۆی بەیانی زەنگی تەلەفۆنەکەی جەستین لێی دا. جەستین بە خەواڵوویی وەڵامی دایەوە:

- "سـڵاو."

+ "خاتوو جەستین ئۆنیڵ؟ ئایا برایەکت هەیە بە ناوی دەین ئۆنیڵ؟"

- "بەڵێ، هەمە."

+ "بەداخەوە، خاتوو ئۆنیڵ، هەندێک هەواڵی ناخۆشم بۆت هەیە. بەداخەوەم کە بەڕێز ئۆنیڵ دوێنێ لە کریت خنکاوە."

جەستین نەیدەتوانی قسە بکات و بەتوندی هەناسەی دەدا.

+ "خاتوو ئۆنیڵ، گوێت لێمە؟ خاتوو ئۆنیڵ؟"

- "بەڵێ، بەڵێ."

+ "دەزانم کە ئەو نزیکترین کەسی تۆیە. دەبێت بزانین چی لە تەرمەکەی بکەین. گوێت لێمە، خاتوو ئۆنیڵ؟

- "دەبێت لە دایکم بپرسیت..."

جەستین ناونیشانی ئوسترالیای مێگیی دا بەو کەسەی کە پەیوەندیی پێوە کرد. پاشان لەسەر زەوی لەتەنیشت تەلەفۆنەکە دانیشت. نەیدەتوانی

بڕوا بکات کە دەین مردووە. چۆن دەبێت خنکابێت؟ بۆچی ئەو لەوێ نەبوو بیپارێزێت؟ پاشان بیری لە دایکی کردەوە، پێی وابوو نابێت مێگی هەواڵەکە لەلایەن کەسێکی بێگانەوە بزانێت. پێویستە بەزووی پەیوەندی بکات بە درۆهیداوە.

♦

مێگی خۆی وەڵامی پەیوەندییەکەی دایەوە. کات درەنگ بوو فیۆنا نووستبوو.

- "دایکە؟ ئەوە تۆیت، دایکە؟"

مێگی بەنەرمی گوتی: "بەڵێ، منم. دایکتم." بۆی دەرکەوت جەستین بێزارە.

جەستین دەستی بە گریان کرد: "دایکە، دەین مرد، دەین مردا!"

مێگی هەستی کرد کەوتووەتە ناو چاڵێکی تاریکی قووڵی بێبنەوە. خراپترین شت کە دەبوو ڕوو بدات، ڕووی دا.

مێگی گوتی: "جەستین ئارام بە. ئەمە لەکوێ ڕووی دا؟ لە ڕۆما؟ ئەی مەتران چی؟"

- "لە یۆنـان ڕووی دا. لەوانەیە مەتران هیچ نەزانێت دەربارەی ڕووداوەکە."

مێگی هەوڵی دا جەستین ئارام بکاتەوە: "مەگری، دەین دەهێنینەوە بۆ درۆهیدا. من پەیوەندی دەکەم و کاروبارەکان ئەنجام دەدەم. ئەو ڕۆڵەی ئێرەیە. تۆیش لەگەڵی وەرە، جەستین."

بەڵام بەهۆی شۆڕشی یۆنانییەکانەوە ئەنجامدانی کاروبارەکان ئاسان نەبوو. مێگی و کەسوکاری لە درۆهیدا چاوەڕوان بوون، بەڵام هیچ ڕووی نەدا. دواتر جەستین لە لەندەن پەیامێکی پێ گەیشت. دەین لە یۆنان بەخاک سپێردراوە و کەس شوێنەکەی نازانێت.

بۆیە مێگی بڕیاری دا بچێت بۆ ڕۆما. بە خێزانەکەیی گوت: "من دەڕۆم بۆ بینینی ڕاڵف دی بریکاسات. تەنها ئەو دەتوانێت یارمەتیمان بدات."

♦

کاتێک مێگی هاتە ژوورەوە، مەتران ڕاڵف بەزەحمەت ناسییەوە. ئێستا مێگی تەمەنی پەنجا و سێ ساڵە و ئەویش حەفتا و یەک. ماوەی سێزدە ساڵە یەکتریان نەبینیوە. ڕووخساری مێگی جوانییەکەی لەدەست داوە و ئێستا نایەوێت سەیری چاوەکانی ڕاڵف بکات.

ڕاڵف بەنیگەرانی پرسیی: "هیچ کێشەیەکت هەیە؟"

مێگی چاوی هەڵبڕی و بەبەردەوامی لە ڕاڵفی ڕوانی. شتێکی جەرگبڕ لە چاوەکانیدا هەبوو.

مێگی گوتی: "دەین مرد."

ڕاڵف دەستەکانی خستە سەر ڕووخساری. باوەڕی نەدەکرد کە دەین، قەشەیەکی گەنجی نموونەیی، مردبێت.

مێگی بەخێرایی گوتی: "هاتووم داوای یارمەتیت لێ بکەم. لەڕاستیدا بەلامەوە گرنگ نییە چۆن بیر دەکەیتەوە دەربارەی دەین."

ڕووخساری مەتران پڕئازار بوو، بەهێمنی پرسیی: "چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم، مێگی."

- "ڕاڵف، دەمەوێت کوڕەکەم بێنمەوە. دەمەوێت بیدۆزمەوە و بیهێنمەوە بۆ درۆهیدا."

ڕاڵف بەئارامی گوتی: "بێگومان، من هاوڕێم هەیە لە یۆنان. دڵنیام یارمەتیت دەدەن لە ئەنجامدانی کارەکان."

- "تۆ تێ ناگەیت، ڕاڵف. دەمەوێت خۆت بچیت بۆ یۆنان، من و تۆ، هەر ئێستا."

+ "بەڵام، مێگی، لەم ساتەدا ناتوانم ڕۆما بەجێ بهێڵم. لێرە کارم هەیە، کاری زۆر گرنگ."

مێگی گەیشتە بڕیارێک: "ڕاڵف، چیت دەکرد ئەگەر ئەو کوڕە کوڕی خۆت بووایە؟ دەین کوڕی تۆ بوو."

ڕاڵف چاوی بڕییە مێگی و گوتی: "چییی...؟"

مێگی بەخەمباری سەیری ڕاڵفی کرد و گوتی: "هەرگیز نەمویستووە پێت بڵێم. بەڵام ئێستا ئەو هیی هیچ کاممان نییە. ئەو هیی خودایە."

دەینیان هێنایەوە بۆ درۆهیدا و لەوێ بەخاکیان سپارد. دوای مەراسیمەکە مەتران ڕاڵف یەک جار سەیری مێگیی کرد و پاشان نەیتوانی جارێکی تر سەیری ڕووخساری بکاتەوە. جەستین بلیتی فڕۆکەی بڕی و ویستی دوای نیوەڕۆ بگەڕێتەوە بۆ سیدنی. خاڵەکانیشی دوای ماندووبوونێکی زۆر، زوو نووستن. بەڕێز مەتران دانیشتبوو بیری لە دەین و مێگی دەکردەوە. مێگی و فیۆناش لەتەنیشت یەکتر بەرامبەر ڕاڵف دانیشتبوون.

لەناکاو تەمێک بەرچاوی ڕاڵفی گرت. مێگی و فیۆنا گفتوگۆیان دەکرد، بەڵام ڕاڵف نەیدەتوانی گوێی لێیان بێت. هەردووکیان بەرەو ڕووی هاتن،

بەڵام ڕاڵف نەیتوانی بەباشی بیانبینێت. ئەو بەئاستەم هەستی بە ئازار دەکرد. تەنها هەستی کرد مێگی بۆ دواجار لەئامێزی گرتووە. هەوڵی دا چاوی هەڵبێنێ و لێی بڕوانێت. ویستی داوای لێبوردنی لێ بکات. کاتێک زانیی مێگی لەمێژە لێی خۆشبووە، چاوەکانی داخست و بۆ دواجار هەستی بە ئارامی کرد.